سەباح عەلی جاف

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەوروپا

چاپی یەکەم ٢٠١٤

❖ ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەوروپا
❖ بابەت: مێژوو
❖ نووسەر: سەباح عەلی جاف
❖ نەخشەسازی و بەرگ : لاوان ئەحمەد
❖ هەڵەچن : روخسار محەمەد
❖ چاپ : یەکەم ٢٠١٤ ز . سلێمانی
❖ چاپ: چاپخانەی کەمال
❖ تیراژ: ٥٠٠ دانە
❖ نرخ : ٣٠٠٠ هەزار
❖

ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (   ) ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

لەسەر ئەرکی نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە

ناوەڕۆک

پێشەکی .... ل ٤

١-.- دەروازەی یەکەم	مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.. ل٧
٢ .- دەروازەی دووەم	چاکسازی ئاینیی.......... ل٤٣
٣ . دەروازەی سێیەم	ناپلیۆن لە رۆژهەڵات.................. ل٨١
٤ . دەروازەی چوارەم	فەلسەفەی مێژوو لای چوار فەیلەسوفی ئەوروپی ل٩٧

پێشەكی

بەناوی خوای گەورەی بەخشندە

مێـژوو وەک یـەکێـک لـە بابـەتـە دێرینـەکـانی ژیـانی مـرۆڤ و زانـستێکی سەردەمەیانە ڕەنگە بە درێـژای مێـژووی مێـژوو ، ئـەم زانـستە قـسەی زۆری لەسەر کرا بێت چ وەک ڕووداو چ وەک بابەت و زانست و فەلسەفە کە ڕەنگە ئەم زانستە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی هـەر یـەک لـە ئێمـەدا گرنـگ بێت واتا مرۆڤ لە هەر پلە و لە هەر ئایدیا و بۆچون و قۆناغێکی ژیاندا بێت پێویستی بە خوێندنەوە و لەسەر وەستانی بۆ مێژوو هەیە و بووە .

مێژوو لە ئێستادا وەک لقێک لـە زانـستە مرۆڤایـەتیـەکـان جێگـەی بایـەخـی هـەمـوان و زۆر جـاران قـسە لـەسـەر مێـژوو کـراوە کـە هـەنـدێک بـە بـاوکی زانستەکانی تر و هەندێکی تر بە زانستی زانستەکانیان پێناس کـردووە و بـە ڕاستی ئەم زانستە بۆ هەموو زانستەکانی تر دەروازە و بنچینـەیـەکـی گرنگـە وە هەر تاکێکی نەتەوە لـە مێـژووی خـۆی و دواتـر مێـژووی دەرەوەی خـۆی تێنەگات ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەیدا توشی ئیشکالی گەورە بێت هەر بۆیە لـەم سۆنگەیەوە گرنگە هەموو تاکێک خوێنەرەێکی جدی مێژوو و ڕابردووی بـوون بێت بە تایبەت ڕابردووی مرۆڤ بەم پێیەش دەتوانێت باشتر لە ژیان و بوون تێ بگات ، مێژوو چەندین لق و جۆری هەیە کە دەکرێت بۆ ئاسـتی نـاوخۆی و دەرەوی بوونی هەر نەتەوە و میللەتێک سەیر بکرێت واتا هەر نەتـەوەیـەک پێویـستە مێـژووی نـاوخۆی خـۆی بزانێـت و ئاگـای لـە ڕابـردووی دەرەوەی خۆشی بێت بۆ ئەمەیش زۆر ڕێگە هەیە بۆ بەئاگابوون لە مێـژوو بـە تایبـەت مێژووی دەرەوە لە ڕێگە جۆر بە جۆرەکانی وەک وەرگێـڕان یـان لێکۆڵینـەوە یان گێڕانەوە یان هەر جۆرێکی تر .

ئەم کتیبَەی بەردەست هـەوڵێکی بچوک و سـەرەتایـە بـۆ بـە ئاگـابوون لەسـەر چـەنـد لاپـەڕەیـەک لـە مێـژووی ئـەوروپـا وەک بـەشـێک لـە مێـژووی زیندووی جێهان واتا هەر بابەتێکی مێژووی کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیان

هەبێت بە بڕوای من زیندووە و وەک ئەوە وایە بەردەوام ئەو رووداوە زیندوو بێت و ببێتە مایەی لەسەر وەستان ، ئەم بەرهەمە لە چوار دەروازە پێک هاتووە کە هەر دەروازەیکیان چەند بەش و تەوەرێک لە خۆی دەگرێت کە خۆی لە خوێندنەوەی کتێب و لێکۆڵینەوەدا دەبینێتەوە .

دەروازەی یەکەم تایبەت بەو کتێبە وەرگێڕدراوەی مامۆستا مستەفا سەعید لەسەر چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕستدا کە لە عەرەبیەوە کراوەتە کوردی و پێشکەش بە خوێنەری کورد کراوە و منیش بە شێوەیەکی بابەتی خوێندەوەیەکم بۆ کردووە و لێرەدا خستوتە روو بە شێوەیەکی کورت و پوخت کە دەکرێت خوێنەر بۆ زۆر تر ئاشبوونی بۆ سەرچاوەکە بگەڕێتەوە ، دەروازەی دووەم لە دوو بەش و چەند تەوەرێک پێک هاتووە کە تایبەتە بە چاکسازی ئاینی مەسیحی کە ئەم بابەتە لە مێژووی ئەوروپادا بابەتێکی گرنگەوە و رۆڵ و پێگەی خۆی هەیە و بوەتە دەرگا و رێگای زۆر بابەتی تر و کارگەری لەسەر نەک ئەوروپا بەڵکو تەواوی جیهان لە کاتی خۆی و تا ئێستایش هەیە و بە شێوەیەکی تا رادەیەکی بابەتی قسە لەسەر ئەو ریفۆرمە کراوە ، دەروازەی سێیەم بریتیە لە هێرش و لەشکرکێشی ناپلیۆن و فەرەنسا بۆ سەر رۆژهەڵات بە گشتی و وڵاتی میسر بە تایبەتی و و لەم لێکۆڵینەوەیەدا قسە لەسەر زۆر رەهەندی ئەم هێرشە کراوە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ، دواین دەروازە و چوارەمینیان لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا باس لە زانست و فەلسەفەی مێژوو کراوە و بۆچونی چوار فەیلەسوفی ئەورووپی کارگەر و گرنگ بۆ مێژوو و ژیان خراوەتە روو وەک (ڤۆڵتێر ، شپلنگەر ، ڤیگۆ و هێگڵ) کە بە شێوەیەکی گشتی رای ئەو فەیلەسوفانە لە مەڕ زانست و فەلسەفەی مێژوو باس کراوە ، لە هەموو ئەو بەش و تەوەرانەی کە باس کران سود لە چەندین سەرچاوە وەرگێراوە بە تایبەت کە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا هەیە و وە لە زۆر

زمـانی تـرەوە بـۆ ئـەو دوو زمانـە وەرگێـڕدراون وەک فارسـی و ئنگلیـزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و سودیش لە سایتەکانی ئەنتەر نێت وەرگیراوە .
ئومێدەوارم ئـەم هـەوڵـە بتوانێـت هـەنـدێک زانیاریتـان پـی ببـەخـشتێت لـەو بابەتانەی کە باس کراون و بێگومانیشم هیچ هەوڵێک بێ کەم و کوڕی نابێت بۆیە لەو رووە هەر هەڵەیەک هەبوو بە ئومێدم بـە چاوی رەخنـەی دروسـت کار بخرێتە روو ، سوپاسیش بۆ هەموو ئەوانەی کە لەم بـەرهـەمـەدا هاوکـار بوون و گەر هەوڵەکانی ئەوان نەبوایە رەنگە ئەم بەرهەمـە بـەم شـێوەیـە بـە چاپ نەگەیشتایە ، هیـوام سـەرکـەوتـن و خوێندنـەوەیـەکـی نـوێ و جدی و رەخنەگرانەیە بۆ هەر روداو و بابەتێک لە ژیان کە سودی هەموانی تێدایـە و بە هیوام مێژوو تەنها تۆماری روداوەکانی رابردوو نەبێت .

سەباح عەلی جاف

٢٠١٤/١/٣٠ کەلار

دەروازەی یەکەم

مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە سادەترین پێناسەدا بۆ مێژوو ئەوەیە کە تۆماری ڕووداوەکانی رابردووە یان گێڕانەوەی ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕووی داوە ، بێگۆمان هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی خاوەن مێژوو و دیرۆکی خۆیەتی بەڵام بۆ ئاشنابوون بە مێژووی گەلانی تر پێویستە تاکەکان لەو ڕووەوە شارەزا ببن بە مانایەکی ترپێویستمان بە وەرگێڕان و قسە لەسەر کردن بە تایبەت لێکۆڵینەوە بۆ شرۆڤە و تێگەیشتن لە مێژووی گەلانی تر بە شێوەیەک زۆر ترین تاک سود لە ئەزمونی مێژووی گەلانی تر وەر بگرن .

ئێمە وەک نەتەوەی کورد پێویستی زۆرمان بە ئەزمونی گەلانی تر هەیە بە تایبەت روداوە مێژوویەکان بۆ ئەوەی لە ئێستادا سودی لێ ببینین ، یەک لەو ڕێگانەی ئێمە دەتوانین ئاشنای مێژووی بین وەرگێڕانە بە تایبەت

مێژووی گەلانی دراوسێ و نەتەوەکانی تر بەگشتی وە لە نێویشیاندا مێـژووی ئەورپایە بە هەرسێ قوناغی (کۆن ، ناوەڕاست ، نوێ و هاوچەرخ) .
یەکێک لەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ ئاشناکردنی نەوەی ئێستا بۆ بەشێک لە مێژووی ئەوروپا ، کتێبە وەرگێڕدراوەکەی مامۆستا مستەفا سەعیدە کە دەکرێت خوێنەر سودی لێ وەرگرێت بۆ ئاشنابوون بە گەلێک رووداو ئەزمونی ئەوروپا لەو دەمەدا ، لێرەدا بە شێوەیەکی خێرا گوزەرێک دەکەین بە کتێبەکەدا و هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ کتێبەکە بکەم .
کتێبی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) لە هەشت بەشی سەرەکی پێک هاتووە کە هەر بەشەی تایبەتە بە مێژوو و رووداوێک و لە هەریەکە لەو بەشانەدا تیشک خراوەتە سەر چەندین بابەت کە لە روخانی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی لە رۆژئاوەوە دەست پێ دەکات و لەو مێژووە شۆڕ دەبێتەوە بۆ چەند بابەتێکی تر تا دەگاتە دوا بەش (هەشتەم) باس لە جەنگی خاچ پەرستەکان و پاڵنەر و هێرشەکان دەکات .

✓ بەشی یەکەم

بەشی یەکەمی کتێبەکە تایبەتە بە هۆکاری لاوازی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی و چەند بابەتێک خراوەتە روو کە لاپەڕە (١١- ٢٦) ی کتێبەکەی بۆ تەرخان کراوە ، لەم بەشەدا و لە سەرەتاوە وەک پێشەکیەک باس لە هۆکارەکانی لاوازبوون و روخانی ئیمبراتۆریەتی رۆمانیا " ئۆغستس " کە نزیکەی ٤٥ ساڵ حوکمڕانی کردووە (٣١ پ . ز – ١٤ ز) مێژوونوسان ئەو سەردەمەی ئۆغستس بە کۆتای ئیمبراتۆریەتی رۆما دادەنێن هەر چەندە ئەو لە هێنانەکایەی جۆرێک لە دەسەڵات (حوکمی پاشایەتی و کۆماری) دا سەرکەوتوو بوو ، ئۆغستس گەلێک کاری چاکی کرد لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا چ لە رووی سیاسیەوە بە تایبەت شێوازی بڕێوەبردن هاوکات توانی گۆڕانیش لە ئاینی رۆمانی کۆندا بکات ، هەر لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر

هۆکارەکانی لاوازبوون و روخانی ئیمبراتۆریەت کە سەدەی سێیەمی زاین بە کۆتای ئەم رژێمە دانراوە و هۆکارە سیلسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەتی و ئەخلاقیەکان باس کراون کە کاریگەر بوون لە روخانی ئیمبراتۆریەتدا و لە هۆکاری سیاسی و سەربازیدا تیشک خراوەتە سەر گەلێک خاڵ (کێشەی بە میرات گرتنی عەرشی رۆمانی لە هۆکارە سەرەکیەکانی پشێوی سیاسی و نا ئارامی ئیمبراتۆریەت بوو) و لە کێش مەکێشەی دەسڵاتدا زۆر جار سوپا دەهاتە دەنگ و کار دەگەیشتە ئەوەی کە مالۆێرانی سەرانسەری وولات بگرێتەوە ئەمە جگە لەوەی کە هاتنی نارۆمانیەکان بۆ خزمەتی سەربازی و دوورکەوتنەوەی رۆمانیە نەژادەکان لە خزمەتی سەربازی کە گیانی ناوچەگەرێتی زیندوو کردووە هۆکارێکی ترە کە خراوەتە روو جگە لەمە هێرش و ترسی دەرەکی وەک لە رۆژهەڵاتەوە " ساسانیەکان " و لە رۆژئاوایشەوە هۆزە جەرمانیەکان .
لە هۆکارە ئابوری و کۆمەڵاییەتیەکاندا ئەوە خراوەتە روو کە ئەم دوو پاڵنەرە زۆر رون نین بۆ روخانی ئیمبراتۆریەت بەڵام کوشتار و جەنگ کاریگەری لەسەر کەم بوونی هاوڵاتیان هەبوو کە ئەمەیش کاریگەری لەسەر بەرهەم هێنان و نەکێڵانی زەویەکان هەبوو و هەروەها کەشتیوانی لە دەریای ناوەڕستدا بە هۆی چەتە دەریایەکانەوە کەوتە بەرمەترسی واتا بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی بە تەواوەتی پەکی کەوت و ئەمە وای کرد کە چینی جوتیار و دەرەبەگ دەربکەوێت کاریگەری زۆری بۆ سەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەبوو، هەر لەم بەشەدا چەند هۆکارێکی تری وەک هۆکاری ئیداری و دوور کەوتنە لە بەهاو و رەوشت بۆ روخانی روما باس کراوە ، لە دوا بەشی بەشی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر چاکسازیەکانی داقیانوس و ئەنجامەکانی ئەو پرۆژە .
داقیانوس لە ساڵی ٢٨٤ی زاینی هاتە سەر حوکم و تا ساڵی ٣٠٥ی زاینی مایەوە لە دوو خاڵدا کاریگەر بووە بۆ مێژووی رۆم ئەویش (١- پێک

هێنانی سوپای رۆمانی لە کەسانی ناڕۆمی ، ٢ – ئەو رۆڵەی کە سوپا دەبینی لە سیاسەتی رۆمدا) و ئەویش باس کراوە کە داقیانوس لە باوکێکی جوتیار لە دایک بووە و لە رێگەی خزمەتی بۆ سوپا گەیشتوەتە ئیمبراتۆریەت هەر بۆیە زۆرێک لە کارەکانی لەو بوارەدا رەنگی داوەتەوە ، لە کارە گرنگەکانی کە ئاماژەی پێ دراوە وەک " ئەنجومەنی پیرانی گۆڕی بۆ ئەنجومنی شارەوانی ، تەواوی دەسەڵاتەکانی خستە ژێر دەستی خۆی و دەزگایەکی ئیداری گەورەی دامەزراند ، دیاردەی سیستەمی کۆماری لەناوبرد و رژێمێکی دیکتاتۆری جێگەی گرتەوە ، کۆشکێکی مەزنی دروست کرد و زۆر گرنگی پێ دەداو رازاندیەوە ، ئیمراتۆری کردە دوو بەشەوە (ئۆغستسی و قەیسەر) ، دانانی هەندێک ئیمتیاز بە تاکەکان و کارمەندانی حوکمەت لەوانە بوراندنیان لە باج ودابەش کردنی زەوی بەسەریاندا ، دروست کردنی سوپایەکی بەهێز لە رومانیەکان و غیرە رۆمانیەکان ، رێکخستنی خاوەن پیشە جیاوەزەکان لە سەندیکای خۆیاندا ، بە پێی مەرسومی میلان لە ساڵی ٣١٢ قوستەنتین دانی نا بە ئاینی مەسیحیەتدا ، دروست کردنی شارێکی نوێ لە شوێنی شاری بیزنتەی کۆن وەک پایتەختێکی نوێ ...".

✓ بەشی دووەم

بەشی دووەمی کتێبەکە تایبەتە بە ئاینی مەسیحیەت و بڵاوبونەوەی ئەو ئاینە کە لاپەڕە (٢٧ – ٤٠) ی کتێبەکەی بۆ تەرخان کراوە و لە سەرەتادا باس لە پاشاخانی ئاینی مەسیحیەت دەکات کە چۆن دروست بووە و نیشانە بۆ ئەوە کراوە کە ئاینی مەسیحیەت لە فەلەستیندا سەری هەڵداوە و پاشان زۆر بە خێرای بە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئیمبراتۆریەتی رۆمانیدا بڵاوبووتەوە ئەمیش بە هۆی سروشتی پێک هاتەی رۆما و پێکەوە بەسترانی رێگاوبانەکان هەروەها سروشتی ئاینی موژدەهێنی مەسیحی کە خێرا بڵاو

بووه ، مەسیحیەت سەرەتا لە نێو هەژاراندا بڵاو بووەوە پاشان هەموو چین و توێژەکانی گرتەوە و هۆی سەرکەوتنی ئاینەکەیش بۆ ئەو دەستەو تاقمە دەگەڕێتەوە کە بە قوتابیە نزیکەکانی مەسیح کە پێیان دەوترێت پێغەمبەران و حەوارییەکان ، لێرەدا تیشک خراوەتە سەر " قەدیس پۆڵس " کە پیاوێکی یەهودی بووە لەسەرەتاوە پاشان باوەڕی بە دینی نوێ هێنا و بە هۆی رۆشنبیری زۆریەوە کاریگەری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی مەسیحیەتدا و نەبونی ئاینێکی گشتگیر و بۆشاری رۆجی وای کرد ئەم ئاینە بە خێرای تەشەنە بکات .

هێناوەی رای پرۆفیسۆر ا . س . هۆدیت هەر لەم بابەتدا کە باس لە سێ تایبەت مەندی دەکات بۆ ئەوەی کە ئاینی مەسیحیەت بە سەرکەوتوی بمێنێتەوە :

١ – باوەڕی رەهای مەسیحبەکان بە ئاینەکەیان ، ٢ – جیا کردنەوەی خۆیان و ئاینەکەیان لە کەسانی تر کە یەک خوایان پەرستووە ، ٣ – سوربوون لەسەر ئەوەی کە لە خوا زیاتر هاوار بۆ کەس نەبەن و بە چەندین ووتەی قەدیس و دڵسۆزانی ئاین باس لە گرنگی ئاینی مەسیح کراوە لەوانە (ئەوەی بۆ قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێت ، ئەوەیشی بۆ خوایە با بۆ خوا بێت) .

هەڵوێستی حوکمەتی رۆمانی لە ئاینی مەسیحی بابەتێکی ترە لەم بەشەدا کە بە سەردەمی چەوساندنەوە ناوی هاتووە – ساڵی ٣١٣ ز ، هەرچەندە حوکمەتی رۆمانی سیاسەتی لێبوردەی و نەرمونیانی بەرامبەر ئاینە جیاوازەکان هەبوو بەڵام لە بەرامبەر بڵاوبونەوەی ئاینی مەسیحیەتدا زۆر بە توندی وەستایەوە لەبەر چەند هۆیەک لەوانە :

١ – زۆربەی مەسیحیە یەکەمینەکان لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون و لە خەڵکی دابڕاوبون مەیش ترسی لای دەسڵات دروست کرد .

٢ – نەپەرستنی ئیمبراتۆر کە مەسیحیەکان پەرستنیان بە بتپەرستێکی قێزەون دەزانی ئەمە لە کاتێکدا کە پەرستنی ئیمبراتۆر لە لە ئاینە کۆنەکاندا یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی دەسڵات .
مەرسومی میلان لەم بەشەدا تیشکی خراوەتە سەر بە نیسبەت ئاینی مەسیحیەتەوە زۆر گرنگە چونکە بە بەستنی ئەم مەرسومە ئاینی مەسیحیەت بە فەرمی ناسرا و پاش زۆربونی شوێنکەوتوانی ئاینی مەسیح لە سەردەمی قوسستەنتیندا لەساڵی ٣١٣ ز بە پێی مەرسومی میلان بوو بە یەکێک لە ئاینە دان پێدا نراوەکانی ئیمبراتۆریەت و بۆ دان پێدانانی ئەو سەرکردەیە باس لە چیرۆکی خەیاڵی دەکرێت و تا ئێستا ئەمە رون نیە ، بەو شێوەیە ئاینی مەسیحەت لە هەڵکشان و داکشاندا بووە تا لە سەردەمی تیۆدسیۆسدا ئاینەکە بەرز کرایەوە بۆ ئاستی ئاینە فەرمیەکانی تری دەوڵەت .
بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە ماوەی هەردوو سەدەی چوارم و پێنجەمدا ، لەم بابەتەدا باس لە خێرا بڵاو بوونەوەی ئاینی مەسیحی و دانانی سیستەمی " کەهەنوتی و پاپا و قەشەکان " دەکات و چۆنیەتی درێژە دان بە کارو چالاکیەکانی مەسیحیەت پاش هەرەس هێنانی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی لە سەدەمی پێنجەم و شوێن گرتنەوەی ئەو ئیمبراتۆریەتە لە ئەوروپا ، ئاینی مەسیحیەت توانی فراوانخوازی هەبێت لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەوروپا پێ بە پێ بەڵام ئەوە نابێت لە بیر بکرێت کە لە رۆژهەڵاتدا بوونی دەسڵاتێکی بەهێز وای کرد کە کەنیسە مل کەچی بێت بەڵام لە رۆژئاوا بە پێچەوانەوە
لە دوا بەشی بەشی دووەمدا باس لە هەرتەقە (بیدعە) کراوە کە زۆرێک لە ئاین و سیستەمەکان روبەڕووی دەبنەوە کە ئاینی مەسیحیەتیش بێ بەش نیە لەو گرفت و ئاریشانە ، مەسیحەت هەر لە سەرەتاوە توشی چەندین بزوتنەوەی لێ جیابووە بوو کە هەرتەقە یەک لەوانە مەبەستیش ئەوەیە کە (دەرچونە لەو بیروباوەڕەی کە کەنیسە دانی پێدا ناوە ، یان دەرچونە لە بەشێک لەو بیرو باوەڕە) بیروباوەڕی سالوس گرفتێک بو بە تایبەت ئەو

پرسیارەی کە بەردەوام هەبوو لەسەر سروشت و کەسایەتی مەسیح و پەیوەندی بە باوکیەوە کە ئەو پرسیار گەلانە شتی زۆری دەوروژاند و مەسیحیەکانی کردە دوو بەرە و ئەمیش کۆنگرەی نیقییەی لە ساڵی ٣٢٥ بە دوای خۆیدا هێنا کە لەو کۆنگرەدا بە تەواوەتی ئەزەلیەتی مەسیح و یەکبوونی بە باوکیەوە پێناسە کرا و بە دوای ئەمیشدا چەندین کۆبوونەوەی پەیوەندیدار گرێ درا و کێشەی کەنیسەی کاسۆلیکی درێژەی هەبوو بە تایبەت پلش ئەوەی (کەمنۆفستیەکان) لە رۆژهەڵاتدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا لە بڵاو کردنەوەی بیروڕاکانیان .

✓ بەشی سێیەم

بەشی سێیەمی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) دا تایبەتە بە هۆزەکانی هۆن و جەرمانەکان و لە پێشەکی ئەم بابەتەدا باس لە گەلانی تیتۆنی و بنەچەیان کراوە ئەو گەلانەی کە کۆتاییان بە ئیمبراتۆریەتی رۆمانی هێنا بۆیە لە مێژوودا بە گرنگیەوە باس کراون و نەتەوەکانی ئێستای ئەوروپا (ئیتالیا ، فەرەنسا ، ئنگلیز .....) لەوانن گەلانی تیتۆنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان رون نیە چونکە راکان لەو رووە جیاوازن بەڵام زۆرێک پێیان وایە کە لە نزیک دەریای بەڵتیک ژیاون و ئەو کۆچ کردنەیان نزیکەی ١٥٠٠ ساڵی خایاندووە و بەڵام پێش تیتۆنیەکان (کلتیەکان) لە ئەوروپا ژیاون .

بەربەرەکان کە رۆمەکان بە تیتۆنیەکانیان بەخشیەوە بە مانای دڕندەیی دێت بەڵام لە بنەڕتدا ووشەی بەربەری لە زمانی لاتینیدا بەشێوەیەکی تر لێکدراوەتەوە " بەو خەڵکانە دەوترا کە بە زمانی یۆنانی و لاتینی قسەیان نەدەکرد " و بۆ ژمارەی هۆزە جەرمەنیەکان ئەوەیە کە هەر هۆزێکی جەرمانی نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس دەبوون و مێژوونوسان لە سەدەی یەکەمی زاینیدا ناوی پەنجا یان حەفتا هۆزیان هێناوە ، گرنگترین هۆزەکان و شوێنی

نیشتەجێ بوونیان وەک (ئەڵمانی – روباری راین ، بورغەندییەکان – روباری مین ، فەرەنجە دەریایەکان – راینی خواروو ، فەرەنجە سالییەکان – زەوی نەرییەکان ، ساکسۆن و ئنگلیز – نێوان روباری راین و ئەلبا ......)

هەر لەم بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەند هۆزێک دەکات وەک جەرمانی و هۆن .... و لە باسی هۆزی جەرمانی و داب و نەریتیان و پەیوەندیان بە ئیمبراتۆرەوە چەند شتێک خراوەتە روو کە هۆزی جەرمانی لە دەوروبەری ساڵی ٥٠٠ پ . ز بەرەو هەر دوو روباری راین و دانوب هاتون و و ئەمەیش نزیکەی پێنج سەدەی خەیاندووە ، پۆلیۆس قەیسەر لەپاش جەنگ و داگیرکاریەکانی روبەرووی ئەم هۆزە دەبێتەوە وەسفێکیان دەکات و زانیاریەکانی بە کۆنترین زانیاری لەسەر جەرمەنیەکان دادەنرێت بەم شێوەیە ئەم هۆزە لە کێشمە کێشدا دەبن لەگەڵ ئیمبراتۆردا تا دواجار لە سنوری رۆژئاوای ئیمبراتۆردا نیشتەجێ بوون .

هۆزی هۆن و بنەچەو و جوڵانیان هەر لەم بەشەدا تیشکی خراوەتە سەر و ئەوان بە هۆزە ئاساییەکان باس کراون و لە نێوان شاخەکانی (تای , ئۆراڵ) نیشتەجێ بوون و ئەمان زیاتر بە کاری شوانکاریەوە خەریکبوون و هۆزێکی لێ هاتوو بوونە و بەردەوام لە بزاوتندا بوونە و شەڕیان لەگەڵ زۆر هۆز و نەتەوەدا کردووە بۆ مانەوەی خۆیان بۆ نمونە کۆچیان کردووە بۆ سنورەکانی چین بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بۆیە ناچار رویان لە روسیا کردووە و توشی شەڕ و شۆڕ بوونە لەگەڵ گەلانی سامارتی و غوتە رۆژهەڵاتیەکان و ئەمەیش مایەی سەرئێشە بووە بۆ ئیمبراتۆریەتی رۆمانی ، جەنگی ئەدرنە کە لە نێوان غوتە رۆژئاواییەکان و ئیمبراتۆردا روویدا لە ساڵی ٣٧٨ و تێیدا خودی ئیمباتۆر (ڤالینت) کوژرا ئەمەیش بە جەنگێکی گرنگ لە مێژوودا دادەنرێت کە راوبۆچونی جودای بە دوای خۆیدا هێنا . ، غوتە رۆژئاواییەکان و پەرەسەندییان بە تایبەت لەسەردەمەنی

چەند ئیمبراتۆریەکی لاوازدا زیاتر گەشەیان کرد بە تایبەت لە سەردەمی تۆریکدا دەسڵاتیان گەیشتە لۆتکە و لێرە بە دواوە غوتەکان دەسڵاتیان کەوتە لێژی تا لە ساڵی ٥١١ مەملەکەتەکەیان کەوتە دەستی موسڵمانەکان لە ئیسپانیا .

دەرکەوتنی وەندال لە ساڵی ٤٠٦ ی زاینی و چونیان بۆ ئەفریقیا و بەهێزبوونیان کە بە تەوەوەتی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی لاواز کرد و وای کرد کە چەندین پرۆتۆکۆل واژوو بکەن بە تایبەت لە سەردەمی جۆزیفدا ، دوا بابەت لەم بەشەدا کۆتای ئیمبراتۆریەتی رۆمانیە لە رۆژئاوا بە تایبەت لە نیوەی سەدەی پێنجەمی زاین کە زۆرێک لە مەملەکەتی لە ئەوروپا و ئەفەریقای لە دەست دا بوو و لە ساڵی ٤٧٦ سەرکردەی جەرمەنی (تۆدراکۆ) توانی ئیمبراتۆری ئەو دەمە لا بدات و ئەمەیش بوو بە کۆتای ئیمبراتۆریەتی رۆم لە رۆژئاوا .

✓ بەشی چوارەم

بەشی چوارەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ هۆزە گرنگەکانی جەرمانی (غۆت و لۆمبارد) و لە سەرەتای ئەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر مەمالیکە جەرمانیەکان دوای ساڵی ٤٧٦ ز جگە لە ئۆدراکۆ پێنج مەمالیکی گەورە لە ئەوروپا هەبون کە هەریەکەیان جێگەیەکی لە ژێر دەست بوو ، دوا بە دوای ئەو مێژووەی سەرەوە غوتە رۆژهەلاتیەکان دەر دەکەون پاش ئەوەی لە هێرشێکدا تیۆدرۆکی ئیمبراتۆر بە دیل دەگرن و پاشان فراونخوازیان دەست پێ دەکات بە شێوەیەکی هەڵکشان و داکشان ئەمەیش وا دەکات کە تیۆدرۆک جارێکی تر بێتەوە مەیدان و بۆ ماوەیک دادپەروەری و ئارامی باڵی بەسەر مەملەکەتدا کێشا یە جۆرێک راڤینای کردە پایتەخت و لە پاش نەمانی لە ساڵی ٥٢٦ مەملەکەتەکەی بە تەوەتی تێک دەچێت .

بۆرغەندیەکان کە هۆزێکی لاوازی مەمەلەکەتی جەرمانی بون لەو مێژووەدا ناویان هاتووە کە هەندێک جیاواز بوون بە تایبەت لەوەی کە زمانی لاتینیان لە بری زمانی جەرمانی بەکار دەهێنا لە کاروباری دەوڵەتدا و (کۆندربار) یەکێکە لە پاشا بە ناوبانگەکانیان و بە دوای ئەمانیشدا فەرەنجیەکان دێن ، فەرەنجەکان فەزڵی زۆریان بەسەر ئەورپاوە هەیە بەشێوەیەک تا ساڵانی نۆسەدەکان بە دواوە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بمێننەوە و ئەمانیش دوو بەشن فەرەنجە (سالیەکان ، دەشتەکییەکان) و ئەمان هەرچەندە هەوڵی فراونخوازیان دا بەڵام جێگەی رەسەنی خۆیان کە روباری راینە پاراست .

کلۆفس مەزنترین کەسایەتی بوو کە لە رۆژئاوای ئەوروپا لە ماوەی نێوان (پۆلیس قەیسەر ، شارلمان) دا دەرکەوت و لە لەناو بردنی رۆمانیەکان لە غالدا دەستی بەکار کردن کرد و پاش ئەوەی فەرەنجە دەشتەکییەکان داویان لێ کرد بە هانایەنەوە بچن لە دژی ئەڵمانیەکان و ئەویش توانی بەسەریاندا زاڵ بێت و توانی مەملەکەتی فەرەنجی میرۆفنجی دابمەزرێنێت ، کلۆفس پاش هێنانی (کلوتید) بوو بە کاسۆلیکی هەرچەندە پێشتر لەسەر بیروباوەڕی بت پەرست بوو ئەمەیش بە وەرچەرخانێکی گرنگ بۆ مێژووی مەسیحیەت دادەنرێت ، لە پاش مردنی کلۆفس دەسڵات پشتاو پشت رۆشت تا مەملەکەت بۆ سێ قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابەش بوو (ئۆستراسیا ، نەستریا ، بۆرغەندیا) هاتنی جنسستیان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەسڵات بۆ ئیتالیا کە چەندین جەنگی بەرپا کرد بەوە گەیشت کە زۆربەی هەرێمە رۆژئاوایەکانی بۆ ئیمبراتۆر گەڕاندەوە و لە پاش نەمانی مەترسی لۆمباردییەکان سەری هەڵدایەوە کە ئەمان دواین گەلانی جەرمەنی بوون کە چونە ناو سنورەکانی ئیمبراتۆرەوە و لەسەر بیروباوەڕی ئارسیۆی بوون دواتر بون بە کاسۆلیک .

لە دوابەشی ئەم بابەتدا باس لە چەندین ئاکار وکردار و یاسا و ژیانی ئاسای جەرمانەکان و پەیوەنیدیان بە رۆماوە دەکات کە دەکرێت وەک سەر

ئەنجامێک چاوی لێ بکرێت یان وەک پوختەیەک تێی بڕوانی بە تایبەت لە رووی هەڵسوکەوت و ژیانی رۆژانەوە .

✓ بەشی پێنجەم

بەشی پێنجەم تایبەت بە پاپەرییەت و کەنیسە و گەشەکردنی کەنیسە و پاپاکان و لە بەرای ئەم بەشەدا باسێکی کورت لە کەنیسە و ئەوانەی لە کەنیسەدا کار دەکەن کراوە ، دوانزە حەوارییەکان بنەڕەتی ئەکلیس بوون و ئەکلیرس پیاوی یەکەمی کەنیسە بوون و هەریەکە لە (قەدیس پترۆس ، قەدیس پۆڵس) بە یەکەمین کەسانێ دادەنرێن لە رۆمادا کەنیسەیان دروست کردووە و پاپەریەت و سەردەمە بەرایەکانی کە بە سەردەمی چەوساندنەوە ناو زەند کراوە تیشک خراوەتە سەر ی ، باس لەسەرەتای مەسیحیەت و پێگەی گەورەی ئەسقفی رۆما کە دیار کەوت لە سەدەی سێیەمدا لە باکوری ئەفریقا کۆمەڵێک لە ئەسقفەکان تەحەدای دەسڵاتی ئەسقفی رۆمایان کرد بەڵام ئەسقفی قرتاجە لە ساڵی ٢٥٨ ز بڕیارێکی دا بۆ یەکبوونی کەنیسەکان و بە پێویستی زانی کەنیسە دەبێت کاسۆلیکی بێت .

پاپەوییەت لە هەردوو سەدەی چوارم و پێنجەمدا زۆر بەرەو پێشەوە چوو و هەر لەو دەمەدا نازناوی پاپا درا بە ئەسقفی رۆما و دەسڵاتی پاپا لەم دەمەدا زۆر بەرەو پێشەوە چوو و لەم ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوەی ئاینی گرێ درا و یاسا و فەرمانەکانی پاپا بوون بە سەرچاوەی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی کەنیسە .

شاری قوستەنتینیە و پەیوەندی بە ئاینی مەسیحیەوە وگرنگی ئەم شارە بۆ ئەو ئاینە باسێکی گرنگی مێژوویە بە تایبەت لە ئاینی مەسیحیدا بە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دادەنرێت و کۆبوونەوەی ئاینی قوستەنتینیە لە ساڵی ٣٨١ ئەم شارەی کردە پلە دوو دوای رۆما و دوا بەدوای ئەم مێژووە وورده ورده ئەو شارە گرنگی خۆی پەیدا کرد بە جۆرێک دەستی خۆی بەسەر

هەموو کەنیسەکانی رۆژهەڵاتدا سەپاند و لەسەرەتای سەدەی هەشتەمدا ناکۆکی نێوان رۆما و قوستەنتینیە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار و هاتنی ئاینی ئیسلامیش کاریگەری لەو نێوەندەدا هەبوو و هاوکات جیابوونەوەی سیاسی لەنێوان هەرێمە رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایەکانی ئیمبراتۆردا سەری کێشا بۆ جۆرێک لە جیابوونەوەی ئاینی و لەودەمەدا رۆژهەڵاتیەکان لە رووی ئابوری و رۆشنبیریەوە لە پێشەوەی ئەوانی ترەوە بوون سەرەڕای ناڕەزای بەردەوامی پاپا بەڵام پاتریارکی قوستەتینیە نازناوی پاتریارکی گشتی بۆ خۆی بەکار هێنا و لە نێوان ساڵانی (٦٥٠ – ٧٥٠) ز شەش پاپا دروست بوون کە هەمویان رۆژهەڵاتی بوون .

پاش ئەوەی کەنیسە گەشەی کرد زیاتر گرنگی دەرکەوت و ئەرکی زۆری کەوتەسەر شان بە جۆرێک لە سەدەی پێنجەمدا ئیمبراتۆر توشی قەیران بوو کەنیسە توانی چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات وەک دروست کردنی نەخۆشخانە و لە بواری ئاینیشدا کەنیسە زباتر دەستی کرد بە رێنما و باس کردن لە دنیای تر هەموو ئەمانەیش وای کرد کە کەنیسە بایەخ و رۆڵی زۆری لە ژیانی هاوڵاتیاندا هەبێت ، دوا بابەت کە لەم بەشەدا باس کراوە تیشک خراوەتە سەر چەند پاپایەک لە سەدەکانی ناوەڕستدا وەک :

١ – پاپا لیوی یەکەمی مەزن

٢ – پاپا گلاسێوسی یەکەم

٣ – پاپا گریگۆری مەزن .

✓ بەشی شەشەم

بەشی شەشەم کە تایبەتە بە میرۆفنجییەکان و کارۆلینجییەکان تیشک خراوەتە سەر چەند بابەتێکی پەیوەندیدار و لەسەرەتادا باس لە میرۆفنجییەکان و ململانیەکانیان دەکات بۆ دەسڵات و لەم سەردەمەدا رۆڵی ژنانی پاشادا دەر دەکەوێت کە چۆن لە هەوڵی هێشتنەوەی دەسڵاتدان بۆ

مێرد و کوڕەکانیاندا و هاوکات دەرکەوتنی وەجاغزادە ئاینی و عـەلمانیـەکـان دەردەکەوێت ، داگۆبەرت دوایـن پاشـای میرۆفنجییـەکـان بـوو کـە لـە سـاڵی ٦٣٩ کۆتای بە دەسلاتی هات و دەسـلاتی ئـەو پادشـاییەتیـە بـە تـەواوەتـی لاواز بوو .

کارۆلنجی و هاتنە سەر تەختەی مێژوو هەر لەم بەشەدا باس کراوە و پیپـێن بە یەکەم کەس لـەوان دادەنرێـت کـە سـەرۆکایـەتـی کۆشـکی کـردووە بـەڵام هەوڵەکانی بۆ مانەوەی زۆر دریِژەی نەکێشا و بـە دوای ئـەمـدا پیپـسینی دووەم دێت کە هەوڵەکانی بۆ پێک هێنانی ئیمبراتۆریەتێکی یـەکگرتـوو بـوو بە جۆرێک توانی رێگری لەسەربەخۆی ئەڵمان و باڤاری و ئۆکتینەکان بگرێت ، شارل مارتل کە بە کـوڕە ناشـەرعیـەکـەی پیپـین ناسـراو بـوو تـوانی دوای باوکی دەسلاتێکی بەهێز بێنێتە کایەوە بە جۆرێک کـە کاریگـەری نـاوخۆی و دەەرەکی هەبوو لە دەرەوە توانی لە جەنگی (بوا) بەسـەر موسـڵمانەکانـدا سەرکەوێت و لە ناوخۆیشدا توانی هەموو دەسلاتە لۆکاڵیەکان لە ناو بـەرێـت و دوای مردنی ئیمبراتۆرێتێکی بەهێزی بەجێ هێشت .

پـاش مردنـی مارتـل پیپینـی کورتـە بـاڵا هاتـە سـەر تـەخـت و تـوانی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ کەنیسەدا دروست بکات و ئەو بە یـەکـەمـین پاشـا دادەنرێت کـە لـە لایـەن پاپـاوە کـراوە بـە پاشـا و تـوانی خزمـەتـی زۆر بـە کەنیسە بکات لە پێنـاو مانـەوەی دەسـلاتی خۆیـدا و تـا کـاتی کـۆچ کردنـی ٧٧١ لە دەسلاتدا مایەوە و دوای ئەمیش وولات کەوتە دەستی شـارلمان کـە نزیکەی نیو سەدە لە دەسـلاتدا مایـەوە ، هـاتنی شـارلمان بـۆ ئـەوروپـا زۆر گرنگ بوو بە تایبەت کاتێک ویـستی سیاسـەتـی فـەرەنـج لـە گرتنـە دەسـتی دەسلاتدا پەیڕەو بکات لە تواندنەوەی هەموو نەتەوە جیاوازەکان لە ناو یـەک قەوارەدا .

سەردەمی شارلمان بـە تۆمـاری جـەنـگ دادەنرێت چونکـە لـە مـاوەی حـوکم کردنیدا لە جەنگێکی بەردەوامدا بـوو بـە جۆرێـک کـە دەوترێـت ٥٤ جـەنگـی

بەرپا کردووە چ لە ناوخۆی وولات چ لە دەرەوەی دەسەڵاتیدا و زۆر ترین جەنگی دژی سەکسۆنەکان بووە کە بریتیە لە ١٨ جەنگ کە بە خوێناوی ترین جەنگی دادەنرێن و رەنگە هۆکارێکی ئەم جەنگانەی شارلمان بۆ ئەوە بێت کە سەکسۆنیەکان بت پەرست بوون و نێوانی فەرەنج و ساکسۆنی زۆر خراپ بوو بە جۆرێک لە یەک رۆژ و لە یەک جەنگدا ٤٥٠٠ ساکسۆنی بە دەستی فەرەنجەکان کوژراوە لە جەنگی فەردان لە ساڵی ٧٨٣ و ئەمیش بوو بە هۆی مل کەچ بونیان بۆ ئاینی مەسیحی ، بە هۆی بە هێز بوونی شارلمان پاپا تاجی لەسەر نا و نازناوی ئیمبراتۆری لێنا کە ئەمە لە مێژوودا کەم وێنە بوو بە جۆرێک هەموان ئەویان بە ئیمبراتۆر دەزانی و تەنانەت ئیمبراتۆر (میخایلی یەکەم) ی قوستنتینی یەکەم دانی نا بە ئیمبراتۆری شارلماندا و زۆرێک لە کاروبارە ئیداری و سیاسیەکان لەسەردەمی ئەمدا گەشایەوە و لە رووی ئیداریەوە (کۆنتێ) هەبوو کە یەکەیەکی ئیداری سەرەکی بوو کە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد و دادگاکان زۆر تر بۆ تاوانە قورسەکان دادەنیشتن دەتوانین بڵێین شارلمان پاشایەکی تا رادەیەک دڵسۆز و ئیداری بوو توانی خزمەت بە هەموان بکات و خۆی بە ئیمبراتۆردا بگەڕێت .

پاش مردنی شارلمان لویسی لە خوا ترسی کوڕی لە ساڵی ٨١٤ هاتە سەر تەخت کە پیاوێکی ئاینی لە خوا ترس بوو ئەمەیش وای کرد کە ئیمبراتۆرێتەکەی پەرت پەرت بێت و خەڵک یاخی بن و وەرەسەی دەسلات یەکێک بوو لە گرفتەکانی سەردەمی ئەم و پاش مردنی ئیمبراتۆر دابەش بوو بە پێی پەیمانی فەردان لە ساڵی ٨٤٢ ز ، بە پێی پەیمانی فەردان ئیمبراتۆریەتی کارۆلینجی لە نێوان هەر سێ کوڕەکەی لویسی لە خوا ترسدا دابەش بوو ئەمەیش بە پەیماننامەیەکی گرنگ بۆ ئەوروپا دادەنرێت چونکە نەخشەی بۆ زۆرێک لە وولاتانی ئەوروپا کێشا .

دوای پەیمانی فەردان ئیمبراتۆر بە تەواوەتی تێک چوو و بێ هێزی ئیمبراتۆر بوو بە بەهێزی پاپا و ئەمیش وای کرد کە بۆ ماوەیەک کەنیسە بە هێز بێت تا دەهات پشێوی درێژەی دەکێشا کە چەندین هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی بوون بە هۆی روخانی ئیمبراتۆریەتی کارۆلینجی ، پسپۆڕی بواری مێژوو (هنری پرین) پێی وایە ئەم هەرەس هێنانە بۆ فشۆڵی ئەو ئیمبراتۆریەتە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی شارلماندا دروست کرا و ئەو هۆکاری ناوخۆی بە گرفتی یەکەم دادەنێت و هاوکات هۆکارە دەرەکیەکانیش کاریگەریان هەبووە بە جۆرێک دوو سەد ساڵی دوای شارلمان بە سەردەمی تاریکی دادەنرێت بۆ ئەوروپا ئەمە جگە لە هێرشی دەرەکی وەک سلاڤ و هەنگاری و بولگاریەکان لە رۆژهەڵاتەوە و عەرەبکان لە باشورەوە و لە رۆژئاواو و باکوریشەوە ڤاکینیەکان لە هێرشی بەردەوامدا بوون .

✓ بەشی حەوتەم

بەشی حەوتەم تایبەت کراوە بۆ گەشەکردنی وولاتە سەرەکیەکانی ئەورروپا لەنێوان سەدەی (١١- ١٥) دا و لە بەرای ئەم بەشەدا باس لە ئنگلتەرە دەکات پێش فەتحی نۆرماندی وەک سەردێکی مێژووی بۆ ئەو وولاتە بە جۆرێک باس لە ریشەو نەژادی ئنگلتەریەکان دەکات کە لە سەدەی یەکەمی پێش زاین نەتەوەیەک نیشتەجێی ئنگاتەرە بوون پێیان دەوترا (کلتییەکان) کە بڕوایە وایە لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستەوە هاتبن و پێش ئەمانیش (ئیبیرییەکان) لەوێدا ژیاون و لە پاش سەدەی یەکەمی پێش زاین داگیرکاری و ململانیە لەو وولاتەدا دەست پێ دەکات و تا سەدەی پێنجەم رۆمانیەکان توانیان دەست بەسەر ئەم وولاتەدا بگرن و دوابەدوای ئەمانیش هۆزە جەرمانیەکان هێرشیان کردە سەر ئنگلتەرا و لەو دەمەدا پشێوی باڵی بەسەر وولاتدا کێشابوو وە لە کۆتای سەدەی شەشەمدا (قەدیس ئۆگەستین) ئاینی مەسیحی لە دورگەکانی ئەو ولاتەدا بلاو

کردەوە ، لە سەدەی (٧ — ٩) ناکۆکی لە نێوان مەمالیکە جەرمانیەکاندا بەردەوام بوو کە حەوت دانە بوون و لە ماوەی سەدەی (٩ و ١٠) دا ئنگلتەرا روبەرووی هێرشی ڤایکنکەکان بووەوە بەم جۆرە ململانیەکان بەردەوام بوو تا جەنگی هاستنجەز کە بە جەنگی یەکلاکەرەوە دادەنرێت چونکە کۆتای بە کۆشەگیری ئنگلتەرا هێنا و ئەو وولاتە بوو بە خاوەنی دەسلاتێکی بەهێز .

بە هاتنی نۆرماندیەکان و ولیەمی فاتح بە تایبەت گۆڕانکاری لە سیستەمی وڵات روویدا و ئەو کەسایەتیە بە گرنگیەوە لێی دەڕوانرێت لە چەرخەکانی ناوەڕستدا و گەلێک کاری گرنگی کرد لەوانە (هەموو قەلاکانی وڵاتی خستە ژێر دەسلاتی خۆی ، جەنگی وەجاغزادەکانی لە دژی یەکتر قەدەغە کرد ، پەیرەوکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی .....) و لە بواری ئاینیشدا کاری زۆری کرد کە دادگای ئاینیەکانی لە دونیایەکان جیا کردەوە و لە بواریی ئابوریشدا چاکسازی زۆری کرد و گەلێک بنەمای دانا بەم جۆرە توانی ئنگلتەرا ببوژێنێتەوە بەڵام پاش کۆچی دوای لە ١٠٨٧ هنری یەکەمی کوڕە بچوکەکەی هاتە سەر حوکم ئەمیش پاش کوشتنی براکەی (رۆبەرت) .

لە سەردەمی شا هنری یەکەمدا کە نزیکەی ٢٥ ساڵ حوکمڕانی کرد هەردوو سیستەمی کارگێڕی و دارایی هەنگاوی گەورەیان بڕی و دادگای پاشایەتی زۆر تر رۆڵی هەبوو تا دادگای دەرەبەگایەتی و هەروەها یاسا گشتیەکان لە سەردەمی ئەمدا زۆر گرنگی پێ دەدرا و سێکتەری دادپەروەری و ئاسایشش گرنگی زۆری پێ دەدرا تا وای لێ هات نازناوی (شێری دادپەروەر) پێ بەخشرا بەڵام پاش کۆچی دوای هنری یەکەم سەرگەردانی وولاتەی گرتەوە تا ئەودەمەی هنری دووەم لە ساڵی ١١٥٤ هاتە سەر حوکم تا ساڵی ١١٨٩ ی زاینی لە حوکمدا مایەوە کە بە یەکێک لە پاشا مەزنەکان دادەنرێت و لەسەردەمی خۆیدا دادگا و دەزگا کارگێڕیەکانی بەهێز کرد و سوێند خواردن لە دەدگادا لەسەردەمی ئەمدا کارێکی باو بوو دواتر کاری پێ کراوە

و رەنگە ئەم نەریتەیش بۆ سەردەمی رۆمانیەکان بگەڕێتەوە ، سوربوونی هنری دووەم بۆ بەهێزبوونی دادگاکان سەری کێشا بۆ دروست بوونی ناکۆکیەکی مەترسی دار لە نێوانی کەنیسەدا و ئەمەیش دوو جۆر دادگای دروست کرد کە دادگای (پاشایەتی ، ئاینی) بوو و بەم جۆرە حوکم رانی بەردەوام بوو تا کوشتنی (بیکیت) و دوای کوشتنی ئەو کەسایەتیە توشی لێپێچینەوە بوو و تەمەنە کۆتاییەکانی بە باشی بەسەر نەبرد و نێوانی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیشیدا خراپ بوو .

ئنگلتەرا لە سەدەی سیازدەهەمدا لەسەرەتاوە توشی گرفتی پاشایان و بارۆنەکان بووە بە تایبەت دوای ئەوەی توشی قەیرانی دارایی و ئابوری بوونەوە و ئەمەیش سەری کێشا بۆ ململانیە لە نێوان جۆنی یەکەم و بارۆنەکاندا یە جۆرێک درێژەی کێشا و جۆنی یەکەم بێ هێز و لاواز بوو وەتێوە کلابوو بە گەندەڵی و لە ململانیەدا بوو لەگەڵ هەریەکە لە (ئۆغستس) ی فەرەنسی و (پاپا ئۆنۆسنتی سێیەم) و جۆنی یەکەم هێرشی بردە سەر ئۆغستس و لەگەڵیدا تێک شکا و لەگەڵ پاپایشدا کەوتە رێکەوتن و زۆر ملکەچی بۆ نواند و لەسەردەمی ئەمدا پەیماننامەی مەزن (ماگناکارتا) لە ساڵی ١٢١٥ هاتە گۆڕێ کە ناچار بوو ئیمزای بکات کە ئەو پەیماننامەیە خۆی لە ٦٣ خاڵدا دەبینێتەوە کە زیاتر ئیمتیازاتی دەرەبەگ و وەجاغزادەکانە و کەمتریش باسی دەسڵاتی ئاینی و بازرگانی دەکات ئەم پەیماننامەیە گرنگی خۆی هەیە لە مێژوودا و پاشاکانی بەریتانیا پشتگیری ماگناکارتایان دەکرد و لە سەدەکانی دوانزەدا بوو بە بەڵگە و نامەیەکی سەرەکی بۆ دەستوری ئنگلیزی .

لەسەردەمی هنری سێیەمدا ململانیەکان بەردەوام بوو هەر چەندە زۆر پابەندبوو بە پەیماننامەی مەزنەوە بەڵام پاش پێک هێنانی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ شازادەیەکی فەرەنسی و گرنگی پێ دانی زۆری بە خانەوادەکەی وای کرد بارۆنەکان تورە بن و لە دژی بوەستنەوە و ئەمەیش

وای کرد کە (مەرجننامەی ئۆکسفۆرد) قبـوڵ بکـات ، لـە پـاش دەسـڵاتی ئەدواردی یەکەم لە ساڵی ١٢٧٣ هاتە سەر عـەرشـی دەسـڵات و یـەکێـک لـە تایبەتمـەندیـەکـانی ئـەم دروسـت بـوونی پـەرلـەمانـە ، لـە مـاوەی دەسـڵاتی ئەدواردا پەرلەمانێکی نمونەی پێک هێنرا هەر چەندە ئـەم وڵاتـە بـە چـەنـد قۆناغێکدا تێپەڕیەوە لە رووی ئەم جۆرە ئەنجومـەنانـەوە لـە رووی واتایـەوە پەرلەمان چەن واتایەکی داوە وەک (کۆبوونەوە ، کۆبوونەوەی ئەنجومـەنـی پاشا ، پەرلەمانی نمونەی) .

تایبەتمەندی مێژووی بەریتانیا لە هەروو سـەدەی (١٤ و ١٥) دا تێکچـونی دەزگاکانی دەرەبەگایەتی و گەشەکردنی پەرلەمان و بازرگانی و پیشەسازییە و هاوکات بڵاوبونەوەی نـەخۆشـی تـاعون کاریگـەری کۆمـەڵایـەتـی و ئـابوری خراپی لەسەر ژیانی خەڵک بەجێ هێشت سەرەڕای کاریگەریـەکـانی جـەنگی سەد ساڵە ، لە سەردەمی ئەدواردی سێیەمدا پەرلەمان سەرکەوتنـی زیـاتری بە دەست هێنا و بە پیاوێکی لێ هاتوو دادەنرێت لـە ئاسـتی نـاوخۆی تـوانی رێگری لە سەربەخۆی (سکوتلاند ، وێڵز) بکات و لـە ئاسـتی دەرەوەیـشدا توانی جەنگی سەد ساڵە لەگەڵ فەرەنسا بـەرپـا بکـات (١٣٣٧ – ١٤٥٣) کە بە سەرکەوتنی ئنگلتەرا کۆتای پێ هـات هاوکـات لـەسـەردەمـی ئیـدواردا پـەرلـەمـان بـوو بـە دوو بـەشـەوە (یـان بڵێـین بـوو بـە دوو ئـەنجومـەنـەوە (ئەنجومەنی لۆردات ، ئەنجومەنـی گشتی) و پـەرلـەمـانی ئنگلیـزی تـوانی دەسڵاتی دارای لە دەستی پاشا ووردە وردە دەر بکـات و بتـوانن رۆڵیـان لـە دانانی پاشادا هەبێت وەک ئەوەی کە هنری چوارەمیـان هـەڵبـژارد لـە سـاڵی ١٣٩٩ زاینی و چوە سەر کورسی دەسڵات و ئەمەیش بـۆ کـاری پـەرلـەمـانی زۆر گرنگ بوو .

بەریتانیا لەسەردەمی هنری چوارەم و پێنجەم و شەشـەمـدا لـە سـاڵی ١٣٩٩ – ١٤٦١ دەسڵاتی پەرلەمان زۆر فراوان بوو وە لەسەردەمی هنری پێنجەمدا پاش جەنگی ئەجینکۆرت لە ساڵی ١٤٢٠ توانی بەسەر فەرەنسیەکانـدا سـەر

بکەوێت بەڵام بە مردنی ئەم پاشایە ئەم بنەماڵەیە توشی شکست هاتن پاش ئەوەی هنری شەشەمی کوڕ هات بە هاتنی ئەم کە تەمەنی هێشتا نۆ مانگی تەواو نەکردبوو ناچار وە×ی بۆ دانرا و پاش ئەوەی کە تەمەنی بوو بە ١٨ ساڵ هاتە سەر حوکم بەڵام سەرکەوتوو نەبوو بە جۆرێک کە توشی نەخۆشی دەرونی بوو وە ریچاردی دۆقی (یۆرک) کرا بە وە×ی بەسەریەوە و زۆری نەخایاند ریچارد جەنگی لە دژ بەرپا کرد و ئەم جەنگەی نێوان بنەماڵەی یۆرک و لانکسەر بە جەنگی گوڵ ناسراوە کە جەنگێکی خوێناوی بوو وە بە هاتنە سەر تەختی یۆرکەکان کۆتای هات کە نزیکەی بیست و چوار ساڵ لە حوکمدا مانەوە ،ئەدواردی چوارەم ١٤٦١ – ١٤٨٥ یەکەمین پاشای بنەماڵەی یۆرک بوو ئەو کەسێکی خۆشەویست و زیرەک بوو وە وڵات لە سایەی ئەمدا ئارامی بەخۆیەوە بینی و پاش مردنی کوڕە دوانزە ساڵانەکەی (ئەدواردی پێنجەم) بوو بە پاشا و ریچاردی برای بوو بە وەصی بەسەریەوە و دوای ئەمەیش نا ئارامی وڵاتی گرتەوە کە بە هاتنە سەر تەختی (هنری حەوتەم) لە بنەماڵەی لانکستەر پاش جەنگ لەگەڵ یۆرگەکان کۆتای هات .

هەر لەم بەشەدا باس لە فەرەنسا دەکات بە تایبەت دوای پەیمانی فەردان و دەرکەوتنی بنەماڵەی کابێ و دەرهاویشەتەکانی ئەو دەمە و گەشەکردنی ئەو وڵاتە ، یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی پەیمانی فەردان سەرهەڵدانی دوو دەوڵەتی نوێ و گرنگ بوو (فەرەنجی رۆژئاوا ، فەرەنجی رۆژهەڵات) بنەماڵەی کابێ نزیکەی یەک سەدە لە کێبەڕکێدا بوون لەگەڵ فەرەنجیەکاندا و سەر ئەنجام لە ساڵی ٩٨٧ یەکێک لە نەوەکانی کابێ (هێو کابێ) توانی دەسڵات لە فەرەنسا بگرێتە دەست و ئەو دەمە ئەو وڵاتە لە چەند دوورگەیەک پێک هاتبوو کە میرە دەرەبەگەکان حوکمیان دەکردن و دەسڵاتێکی سەربەخۆیان هەبوو دەوترێت فەرەنسا لە سەدەکانی (٩ – ١١) لە میرنشینێکی دەرەبەگایەتی زیاتر هیچی تر نەبوو بەڵام چەند

هۆکارێک بوو بە هۆی ئەوەی کە لە دەسڵاتدا بمێننەوە وەک (ناکۆکی بەردەوامی میرەکانی چوار دەوری فەرەنسا ، مانەوەی باوک لە دەسڵاتدا و دانانی کوڕە گەورەکەی لە دەسڵاتدا ، گرنگی سەر زەمینی (دورگەی فەرەنسی) ....

لە سەدەی ١٢ دا چەند گۆڕانێکی ناوخۆی و دەرەکی رویدا کە بوون بە هۆی پتەوکردنی دەسڵاتێکی پاشایەتی و بەهێز کردنی حوکمەتی ناوەند ، گۆڕانکاریە ناوخۆیەکان گەلێک بوون لەسەر دەستی بنەماڵەی کابێ بوو ئەوان توانیان هەرچی وەجاخزادە و دەرەبەگە بیخەنە ژێر دەسڵاتی خۆیان بە تایبەت لویسی شەشەم و بە دوای ئەمیشدا پاشاکانی تر دەستیان کرد بە چاکسازی ئابوری و کۆمەڵایەتی و لە باکوری وڵاتدا شارەکان گەشەیان کرد و چینی بورژواکان دروست بوو و هاوکات ئاڵوگۆڕ بە پارە دەکرا و برەوی پەیدا کرد و لە دوای ساڵی ١١٧٣ ئەنجومەنی پیاوانی دنیای و ئاینی پێک هات و دواتر ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتوو بوو بە ئەنجومەنی (پاشا ، پەرلەمان) .

جگە لە گۆڕانکارییە ناوخۆیەکان چەند گۆڕانێکی دەرەکیش رویدا وەک هەوڵدان بۆ فراوانخوازی دەسڵات بەتایبەت زیاد کردنی هێزی پاشایەتی نۆرماندی لە بەریتانیا .

قلیبی دووەم ١١٨٠ – ١٢٢٣ ی زاینی بە بە تواناترین پاشای فەرەنسا دادەنرێت لە سەدەکانی ناوەڕستدا و بە فلیپ ئۆغستس ناسراوە و لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی و هەوڵەکانی بۆ بەهێز کردنی دەسڵاتی و لە جەنگدا بوو بۆ پاراستنی دەسڵاتی خۆی بە شێوەیەک ناکۆکی نێوان خۆی جۆن درێژەی کێشا بەڵام فلیپ لەم جەنگەدا سەرکەوتوو بوو کە لە مێژوودا بە جەنگی بۆفین ناسراوە ، ئەم جەنگە بۆ فەرەنسا زۆر گرنگ بوو بە شێوەیەک کە مەترسی ئنگلیزی لەسەر ئەو وڵاتە نەهێشت و بووە مایەی سەروەری لە دەستی ئەو وڵاتە و رۆمای پیرۆز .

فلیپ لویسی هەشتەمی کوڕی لە جەنگی خاچ پەرستەکاندا بەشدار بوون و جەنگەکە بە لەناوبردنی بیدعەی ئەلبەجنسی و سەربەخۆی ئۆلۆز کۆتای هات .

لویسی نۆیەم کە لە ١٢٢٦ — ١٢٧٠ لە حوکمدا بوو کە بە (قەدیس لویس) یش ناسراوە پاشایەتی لە فەرەنسا گەیشتە ئەوپەڕی هێزی دەسڵاتی خۆی هەر چەندە تەمەنی منداڵ بوو کە کرایە پاشا بۆیە دایکی (پلانش) کرایە وە×ی و زۆر هاوکاری کرد ، ئەم پاشایە نمونەی پاشایەکی دادپەروەر و سوار چاك و لە خوا ترس بوو ئەمەیش وای کرد کە رێزی زۆری لێ بگیرێت و چاکی ئەم هاوتا بوو لەگەاَ لویسی چواردە بۆ بەراورد کردن و نمونەیەکی چاك بوو بۆ مەسیحیەت و زۆر گرنگی بە چاودێری پشکنین دەدا جەنگە خێڵەکیەکانی لە سەرانسەری وولاتدا قەدەغە کرد و دادگا ساختەکانی راوەستاند و دارایی رێکخستەوە و کاروباری باج و خەراجی جارێکی تر دارِشتەوە .

بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی ئەو ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕستدا هەستیان کرد کە حوکمەتیان هەیە و دەزگایەک نیە بیانچەوسێنێتەوە و لەسەر ئاستی دەرەوەیش گرنگترین کار رێکەوتنامەی پاریس بوو لەگەڵ هنری سێیەمی پاشای بەریتانیا لە ساڵی ١٢٢٩ و بە پێی ئەو رێکەوتنامەیە هنری لەبەرامبەر هەندێک هەرێم وازی لە مافە میراتیەکانی لە نۆرماندیا و بۆتزا و میندا هێنا .

هەر چەندە راوێژکارەکانی لویس هەوڵیان دا بەشداری لە جەنگی خاچ پەرستەکاندا بکات بەڵام ئەو دوو هێرشی رێکخست لە ساڵانی ١٢٤٨ و ١٢٧٠ بەڵام تێیدا سەرنەکەوت و بە مردنی پرۆژەکانی بۆ جەنگی خاچ پەرستەکان شکستی هێنا بە تایبەت پێش ئەوەی بگاتە تونس و داگیری بکات کۆچی دوای کرد ، تا مردنی لویسی نۆیەم سیاسەتی پاشایەتی فەرەنسا خۆی دەبینیەوە لە یەکێتی فەرەنسا و بە هێز کردنی دەسڵاتی ناوەند و رێگری لە

فراوانخوازی پاشایانی بەریتانیا و ئەمەیش درێژەی کێشا بە جۆرێک کە فراوانخوازی ئەو وولاتە دەستی پێ کرد بۆ دەرەوەی خۆی و ئەمیش توشی تێوەگلانی کرد بە چەندین ئاریشە ، لە سەدەی سیازدەمدا فەرەنسا بوو بە هێز ترین وولاتی ئەوروپا و لە رووی سیاسی و و ئابوری و ئیداریەوە گەشەکردنی بە خۆیەوە بینی .

لە پاش کۆچی دوای فلیپی سێ یەم فلیپی چوارەمی کوڕی هاتە سەر حوکم و بە هاتنی ئەم پاشایە بنەماڵەی کابێ لە نەمان نزیک دەبونەوە پاش ئەوەی هەر سێ کوڕەکەی دەسڵاتیان گرتە دەست لە ساڵی ١٣١٤ – ١٣٢٨ و پاش ئەوان هیچ کامیان کوڕیان نەبوو و پاش مردنی شارلی چوارەم بنەماڵەی کابێ پاش ئەوەی چوار سەدە لە دەسڵاتدا بوون کۆتای هات و فیلیپ دی فالوا بە ناوی فیلیپی شەشەم دەسڵاتی گرتە دەست .

جەنگی سەد ساڵە کە لە ساڵی ١٣٣٧ – ١٤٥٣ ی خایاند بۆ هەریەکە لە فەرەنسا و ئنگلیز گرنگ بوو ئەمیش بوو بە مایەی چەندین جەنگ و دەسکەوت بۆ هەر یەکەیان و گرنگترین هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم جەنگە بریتیە لە :

١ – مەسەلەی سکوتلاند لە مەترسی دارترین ئەو کێشانە بوو کە بەریتانیا پێوەی دەناڵاند .

٢ – مومتەلەکاتی پاشایەتی بەریتانیا بوو لە فەرەنسا .

٣ – کێشەی فلاندرز کە زۆر لە کێشەی سکوتلاند دەچوو بەڵام ئەم سەر بە فەرەنسا بوو

هەر لە ماوەی ئەم جەنگەدا چەند پاشایەکی گرنگ دەرکەوتن لە هەردوو لا وەک (میری رەش کە کوڕی گەورەی ئەدواردی سێیەم بوو هەستا بە هێرشێک بۆ سەر فەرەنسیەکان و شکستی دان ، شارلی ژیر توانی بە هۆی ژیری و لێهاتویەوە متمانە بۆ فەرەنسیەکان بگەڕێنێتەوە ، گریسکلین یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی فەرەنسا لەماوەی جەنگەکەدا) .

بۆرغندیا یەکێک لە میرنشینە گرنگە دەرەبەگایەتیەکانی سەر بە تاجی فەرەنسی بوو بە تایبەت لە کۆتای سەدەی چوارەمدا لە ژێر سەرکردایەتی دۆق فلیپدا و ئەو توانی هەر چی زەوی نێوان بۆرغەندیا و فلاندرزی خستە سەر مەملەکەتەکەی و بۆ ماوەیەک دەسلاتی خۆی بەسەر شارلی شەشەمی لاوازی برازایدا راگەیاند مەیش بوو بە هۆی نارەزای فەرەنسیەکان و سەر ئەنجام (جۆنی ئازا) پلانێکی دارشت بۆ کوشتنی دۆق ئۆرلیان و ئەم کارەیش بو بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆی ماڵوێرانکەر لە نێوان هەر دوو سەربازگەی بۆرغەندی و ئۆرلیانیدا ، لەو دەمەدا فەرەنسا بە دەست ئەم هەموو ئاریشەوە دەیناڵاند دەسلاتداری ئنگلیز ئەم هەلەی قۆستەوە لە سەردەمی هنری چوارەم و پێنجەمدا و پاش جەنگی ئاجنکۆرات لە ساڵی ١٤١٥ زاینی کە فەرەنسیەکان زۆر شتیان لە دەست چوو ناچار بوون بە قبوڵ کردنی پەیماننامەی (ترۆی) لە ساڵی ١٤٢٠ ئەم داگیرکاریەی ئنگلیز لای فەرەنسیەکان زۆر قێزەون و بێزار کەر بوو تا ئەو دەمەی دۆفێنی کوڕی شارلی شەشەم توانی ئاهێک بۆ فەرەنسیەکان بگەڕێنێتەوە .

جان دارک لە ساڵی ١٤١٢ لە دایک بوە و لە ساڵی ١٤٣١ سوتێنرا ئەم کچە بوو بە بە ئەفسانەیەک بۆ فەرەنسیەکان و بڕوای بە شارلی حەوتەم هێنا کە لە توانایدایە سەروەری بۆ فەرەنسا بگەڕێنێتەوە و سەرەڕاای ئەنجامدانی چەندین شەڕ بەلاَم توانی گیانی نیشتیمانپەرەرێتی لای فەرەنسیەکان بەرز بکاتەوە و پاش دەست گیر کردنی لە لایەن ئنگلیزەکانەوە و دادگای کردنی بە چەندین تاوانی وەک جادوباز و بیدعە چی و هەڵگەڕاوە لە ئاین سەر ئەنجام بڕیاری سوتاندنی درا ، جەنگی سەد ساڵە وەک جەنگێکی دەرەبەگایەتی دەستی پێ کرد و وەک جەنگێکی نەتەوایەتی کۆتای هات و کۆتای جەنگەکە بوو بە هۆی جیابوونەوەی تەواوەتی نێوان هەر دوو وولاَت و دروست بوونی گیانی نیشتیمان پەروەرەرێتی لە هەر دوو لادا و جەنگەکە

چۆن بە بێ راگەیاندن دەستی پێ کرد بە بێ هیچ رێکەوتن و راگەیاندێکش کۆتای هات .
جەنگی سەد ساڵە بە سەرکەوتنی فەرەنسیەکان کۆتای هات و دەبوو بە زوترین کات فەرەنسیەکان دەست بە ئاوەدانکردنەوەی وولات و دروست کردنی دەسڵاتێکی ناوەندی بکەن و دانانی سنورێک بۆ هێزی بۆرغەندیا ، بە هاتنی لویسی یازدەیەم (١٤٦١ – ١٤٨٢) کە دەسڵاتی هەبوو زۆر گڕانکاری رویدا بە تایبەت هەوڵ و کۆششی دۆقەکانی بۆرغەندیا و لویس سەرەڕای چاکی خۆی کۆمەڵێک کەسی باشی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و لە دەروبەری سەدەی پانزەدا هەرچی هەرێم و میرنشینی دەرەبەگایەتیە لەگەڵ مەملەکەتی فەرەنسی تێکەڵ بوون و راستەوخۆ کەوتنە ژێر دەسڵاتی ناوەندەوە .
لە سەدەی چواردەیەمدا ئەنجومەنی چینەکان پێگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی فەرەنسادا هەبوو هەرچەندە پاشتر تێوەکلا بە چەند کارێکی خراپ و نەشیاوەوە بۆیە رۆڵی خۆی لە دەست دا ، بە هاتنی ساڵی ١٥٠٠ پاشایەتی فەرەنسا سەرکەوتن بەسەر هەموو میر و دەرەبەگ و شارەکان و تا رادەیەکیش کەنسیەکانیش و زۆر کار کە پاشاکان دەستیان دایە لویسی دوانزەیەم توانی تەواوی بکات و خەڵکی بە گەشبینیەوە لە ئایندەی وولاتەکەیان دەڕوانی .
دوابەش لە بەشی حەوتەم باس لە ئیمراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز دەکات و لە سەرەتادا پێشینەیەکی مێژووی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی باس دەکات بە تایبەت لە دوای سەدەی حەوتەمەوە و هەر لەم بەشەدا تیشک دەخاتە سەر ئیمبراتۆریەتی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوای بە تایبەت پاش تاج لەسەر نانی شارلمان لە ساڵی ٨٠٠ زاین لە لایەن پاپاوە و هەندێک لە مێژوونوسان ئەم روداوە بەسەرەتای ئیمبراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز دەزانن کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوە و تا ساڵی ١٠٨٦ ی خایاند و هەندێکی تر بە

دابەش بوونی مەسیحیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەزانن و بە هۆی داب و نەریت و بچوک بوونەوەی ئیمبراتۆریەتی گەورەوە سەرئەنجام لە ساڵی ٩٣٤ ی زایینی ئیمباتۆر کۆتای پێ هات بەڵام هێتدەی نەخایاند بیرۆکەی ئیمبراتۆریەتیەکی تر سەری هەڵدا کە لە (ئەڵمانیا) بوو.

ئەڵمانیا مەملەکەتی فەرەنجیە ڕۆژهەڵاتیەکان بوو کە بەر لویسی ئەڵمانی کەوت و پاشان بەر بنەماڵەکەی کەوت و لە ساڵی ٨٩٩ درایە لویسی بچکۆل کە بە مردنی دەسڵاتی کارۆلینجی لە ئەڵمانیا کۆتای پێ هات و سەردەمی پاشایەتی دوای ئەو سەردەمە تایبەتمەند بوو بە دوو شتەوە (زیاد کردنی مەترسی لە خۆرئاوا وەک هێرشی سلاڤ و هەنگاریەکان ، زیاد کردنی دەسڵاتی دەرەبەگەکانی ئەڵمانیا) لە ساڵی ٩١١ ئەڵمانیا لە چوار دۆقی گەورە پێک هاتبوو ، پرۆڤیسۆر جیمس ئۆمیسۆن بۆ مێژووی ئەڵمانیا و چەرخەکانی ناوەڕاست دەنوسێت " ئەڵمانیا لە ماوەی سەدەی ١٠ – ١٢ دا بەهێترین وولاتی ئەوروپا بووە و بنەماڵەی سەکسۆنەکان بنەمای ئەو بەهێزیان دارشت بەڵام لە سەردەمی بنەماڵەی هۆنشتاوفنیشدا ئەڵمانیا گەیشتە ئەو پەڕی بێ هێزی و فەرەنسا جێگەی گرتەوە و ئەم بێ هێزیە درێژەی کێشا ... " .

بنەماڵەی سەکسۆنەکان و بوونیان لە ئەڵمانیا و فەرمانڕەوایەتیان نیشانەی بۆ کراوە و ئاماژە بە چەند پاشایەکیان دەدات :

١ – هنری یەکەم کە لە ساڵی ٩١٩ دەسڵاتی گرتە دەست و لە ساڵی ٩٣٦ کۆتای بە دەسڵاتی هات یەکەمین پاشای بنەماڵەی ساکسۆنەکان بووە و زۆر سیاسەتی ناوخۆی دارشت و ئەو سیاسەتەی پەیڕەو دەکرد کە دەیگوت " بۆ خۆت بژی و واز لە خڵکانی تر بهێنە .... " ئەو توانی هێرشی هەریەکە لە هەنگاریەکان و سلاڤیەکان بۆ سەر فەرمانڕەوایەتیەکەی تێک بشکێنێ .

٢ – ئۆتۆی یەکەم کە لە ساڵی ٩٣٦ هاتی سەر حوکم و لە ساڵی ٩٧٢ کۆتای بە دەسڵاتی هات و ئەم بە مەزنترین شای ساکسۆنیەکان دادەنرێت و

ئەڵمانیا لە سەدەی دە و یانزەیەمدا گەیشتە ئەو پەڕی هێز کە فەزڵی بۆ ئەم شایە دەگەڕێتەوە و زۆر بە حەماس بووە بۆ دروست کردنی ئەڵمانیایەکی بەهێز و لە سەردەمی ئەمدا ئەسقەفەکان زیاتر گرنگیان پێ دەدرا و رۆڵیان دیار بوو ، ئۆتۆی گەورە گەلێک جەنگی بەرپا کرد کە گرنگترنیان جەنگی (لحفید) بوو لە ساڵی ٩٥٥ گە توانی بەسەر مەجەڕەکاندا سەربکەوێت .

٣ – هاتنی هەریەکە لە ئۆتۆی دووەم ، ئۆتۆی سێ یەم ، هنری دووەم کە دەسڵاتیان لە ٩٧٣ دەست پێ دەکات تا ١٠٢٤ ی زاینی و ئەم سێ پاشایە لە سەر هەمان بنەما رۆیشتن کە ئۆتۆی گەورە دایڕشتبوو زۆر هەوڵیان دا بۆ گەڕانەوەی دەسڵاتی ئەڵمانیا لە ئیتالیا و بە مردنی هنری دووەم دەسڵاتی ساکسۆنەکان کۆتای پێ هات .

ئەڵمانیا لەسەردەمی بنەماڵەی فرانکفۆنیدا کە لە ساڵی ١٠٢٤ دەست پێ دەکات تاوەکو ساڵی ١١٢٥ و لەم بەشەدا جگە لە پێشەکیەک بۆ دەسکەوتی بنەماڵەی ساکسۆنی کە باسی دەکەن وەک زاڵبونیان بەسەر کەنیسە و تا رادەیەک پاپاکاندا تیشک خراوەتە سەر چەند پاشایەکی فرانکفۆنیدا :

١ – کۆنرادی دووەم کە لە ساڵی ١٠٢٤ – ١٠٣٩ دەسڵات دەگرێتە دەست و یەکێک بوو لە مەزنترین پاشاکانی ئەڵمانیا لە سەدەی ناوەڕستدا و زۆر دانا و ژیر تر بوو ، توانی زاڵ بێت بەسەر ئەسقەفەکان و گرنگیدان بە وەچاغ زادە بچوکەکان کە دواتر ئەمە بوو بە هۆی لاواز کردنی دەسڵاتی ناوەند .

٢ – هنری سێ یەم کە لە ساڵی ١٠٣٩ – ١٠٥٦ لە دەسڵاتدا بوو بە دواین پاشای ئەڵمانی دادەنرێت لە سەدەکانی ناوەڕستدا و تا رادەیەک سەرکەوتوو بوو لە کەم کردنەوەی دۆقەکان و دەسڵاتی خۆی لە وولآتدا بەهێز کرد و و دەستی بەسەر کەنیسەدا گرت لە پاش کۆچی دوای ئەمە بۆ کوڕەکەی (هنری چوارەم) بوو بە کێشە .

٣ – هنری چوارەم کە لە سالّی ١٠٥٦ – ١١٠٦ دەسلاّتی گرتە دەست گەورەترین کۆسپ لە ماوەی فەرمانڕەوای ئەمدا کەنیسە و پاپاریەت بوو کە بە تەواوەتی توشی دارمان و گەندەڵی بوو بووەوە ، هنری چوارەم یەکێک بوو لە بەهێزترین پاشایانی ئەڵمانی و هاوکات بەدبەخترنیشیان بوو دەبوو ئەم پاشایە رووبەڕووی واجاخدغزادە و پیاوانی کەنیسە ببێتەوە و ئەوە بوو ئەو حەنگەی دەست پێ کرد و کار گەیشە ئەوەی کە ناو بە دیکتاتۆر دەر بکات و هاوکات لە سالّی ١٠٧٣ (هالّدیراند) کە جوتیارێکی ئیتالی بوو بە یەکێک لە گرنگترین پاپاکان دادەنرێت و ئەم پیاوە دەستی بە چاکسازی لە کەنیسەدا کرد و ئەمەیش بوو بەهۆی ململانیە لە نێوان دەستی پاشا و کەنیسەدا و سەر ئەنجام بە سەرکەوتنی پاپا کۆتای هات و ئەمیش بوو بە هۆی دیق کردنی هرنی چوارەم و دوای خۆی کوڕەکەی (هنری پێنجەم) هاتە سەر حوکم کە تا سالّی ١١٢٥ لە دەسلاّتدا مایەوە .
ئەڵمانیا لە سەردەمی بنەماڵەی هۆهنشتاوفن کە لە سالّی ١١٢٥ – ١٢٥٤ دەسلاّتیان گرتە دەست ئەویش دوای کۆچی هنری پێنجەم کە وەجاخ کوێر بوو هیچ منالێکی نەبوو پاش ٢٧ سالّ ململانیەی نێوان هەردوو بنەماڵەی (هۆهنشتاوفن و گۆلّفز) کە سەر ئەنجام یەکەم پاشای بنەماڵەی یەکەم فەریدریکی یەکەم هاتە سەر حوکم کە ئاماژە بە چەند پاشایەکیان دراوە:
فەریدریک بەربروسی کە لە سالّی ١١٥٣ – ١١٩٠ لە حوکمدا بوو لە پاشا گرنگەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت و پیاوێکی وریا و ئازا بووە و زۆر بڕوای بە بیرۆکەی ئیمبراتۆر هەبووە و هەر بۆیە لە پێناوەدا جەنگاوە بە تایبەت لەگەڵ پاپاکاندا و چەندین هێرش و شەڕ و پەیماننامەی گرێ داوە لەوانە پەیمانامەی (کۆنستانس) و هێرشی خاچ پەرستی سێیەم فەردەریک لە سالّی ١١٨٨ بەشدار بوو بەلاّم لە کاتی چونی لە رێگە لە ئاودا خنکا .
هنری شەشەم کە لە سالّی ١١٩٠ – ١١٩٧ دەسلاّتی هەبوو و پاش کۆچی باوکی هاتە سەر حوکم و ماوەی دەسلاّتی ئەم بە ململانیەکی زۆر دادەنرێت

لە نێوان دەسلاتی ئیمبراتۆر و پاپادا و ئەو کاتەی کە خۆی بۆ جەنگی خاچ پەرستەکان ئامادە دەکرد لە تەمەنی لاوێتیدا کە ٣٢ ساڵ بوو کۆچی دوای کرد و کۆچی دوای هنری واتا کۆتای دەسلاتی ئەڵمانیا لە ئیتالیا و لە ناوچونی خەونی دەوڵەتێکی ئەڵمانی بەهێز .
بە کۆچی دوای هنری شەشەم ئیتالیا هەناسەی ئاسودەی هەڵمژی و باکوری ئیتالیا سەربەخۆی راگەیاند و لەو وەختەدا (ئەنۆسسنتی سێیەم) هاتە سەر عەرشی پاپا لە ساڵی ١١٩٨ – ١٢١٦ لە حوکم مایەوە کە کەسێکی ژیر و لێ هاتوو بوو وە لە زانکۆ چەند زانستێکی خوێند .
لە ئەڵمانیا دوای مردنی هنری شەشەم ململانیە لە نێوان هۆهنشتاوفن و ولفیەکان بۆ گرتە دەستی دەسلات درێژەی کێشا کە چوارده ساڵی خایاند کە سەر ئەنجام فەردەریکی دووەم بوو بە پاشای ئەڵمانیا .
فەردەریکی دووەم کە لە ساڵی ١٢١٥ – ١٢٥٠ لە سەر حوکمدا بوو سەرەتا پەیوەندی لەگەڵ پاپادا باش بوو بەڵام دواتر پەیوەندیان ئاڵۆز بوو بەتایبەت ئەو دەمەی کە فەردەریک خۆی دزیەوە لە جەنگی خاچ پەرستەکان و ئەمەیش پاپای تورە کرد و سەر ئەنجام کەنیسە و دەسلاتی کەنسە توانیان دەسکەوتێکی تر بەدی بهێنن و لە پاش کۆچی پاشا لە ساڵی ١٢٥٠ کوڕەکەی هاتە سەر حوکم (کۆنراد) و ئەمیش نەیتوانی لە سەر حوکم ببێتەوە و ناچار هەڵهات بۆ ئیتالیا .
لە دوا بەشی ئەم بابەتدا باس لە ئەڵمانیا دەکات لە دوای ساڵی ١٢٥٠ ەوە و تێیدا هاتووە کە ئەو وولاتە لە سەدەی ١١ و ١٢ دا بەهێزترین دەوڵەتی ئەورووپی بووە بەڵام لە سەدەی ١٣ دا ئەو بەهێزیە لە ناو چوو لە سەدەی ١٤ و ١٥ یشدا دەرکەوتنی پاشایەتی بەهێز و پێشکەوتنی دەسلاتی ناوەند بوو ، **هۆکارەکانی پێشنەکەوتنی ئەڵمانیا وەک فەرەنسا و بەریتانیا بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە :**
١- هەڵبژاردنی پاشا لەسەر بنەمای پشتاو پشت .

٢ – هێزە دەرەبەگی و خێڵەکیەکان بە باشی سودیان لێ نەدەبینرا .
٣ – تێوەگلان و سەرقاڵبوون بە ئیتاليا و پاپاريەتەوە ....
لە سەدەکانی ١٣ و ١٤ دا کۆمەڵێکی زۆر لە دەسڵاتداران دەرکەوتن بە ناوی جۆربەجۆر وەک (تارکدۆق ، دۆق ، کۆنت ...) کە حوکمیان دەکرد و لەو دەمەدا چەندین قەوارەی نوێ دەرکەوت کە بریتی بوون لە شارەکان .
دوای ئەو سەرگەردانیەی ئەڵمانیای گرتەوە عەرشی دەسڵات بە جۆڵی مایەوە تا ئەو کاتەی بنەماڵەیەکی گرنگ هاتن بە ناوی هیبسسبۆرگ کە لە بنەچەدا خەڵکی (ئەلزاس) ی سویسرا بوون و لە سەدەکانی ١٥ و ١٦ دا توانیان دەست بەسەر ئەوروپادا بگرن و تا کۆتای جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ لە ژێر دەستیان مایەوە و بەمشێوەیە کێشمەکێش لە نێوان بنەماڵەکاندا درێژەی کێشا تا ئەو کاتەی کە لە کۆتای ئەم بەشەدا ئاماژە بە بنەماڵەی هۆهنزلرن دەکات کی رۆڵێکی گرنگی بینەوە لە ئەوروپا و ئەڵمانیا لە سەدەکانی داهاتودا .

✓ بەشی هەشتەم

بەشی هەشتەم کە دوا بەشی ئەم کتێبەیە تەرخان کراوە بۆ جەنگی خاچ پەرستەکان وەک باگراوندێکی مێژووی باس لەم جەنگە دەکات کە ئەوروپای مەسیحی کردیانە سەر وولاتە عەرەبیەکان لە دەی کۆتای سەدەی ١١ دەستی پێ کرد کە نزیکەی دوو سەد ساڵی خایاند (١٠٩٦ – ١٢٩١) زاینی .

پاڵنەکارەکانی جەنگی خاچ پەرستی کراوەتە چەند بەشێکەوە لەوانە :

١ پاڵنەری ئاینی : کەنیسەی خۆرئاوا بەردەوام شوێنکەوتوانی هان دەدا بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانەکان و جەنگانی لەگەڵیان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانی کە ئەمەیش هانی مەسیحیەکانی دا کە لەو جەنگەدا بەشدار بن ، هاوکات ئەو هەموو دژواریانەی کە دەهاتە رێی ئەو حەجاجانەی کە دەهاتن

بۆ خاکی پیرۆز لە (بیت المقدیس) ئەمیش بەهانەی دا بە دەست پاشاکانەوە بۆ جەنگ کردن بە تایبەت پاش ئەوەی کە سەلجوقیەکان دەرکەوتن و بە توندی کەوتە گیانی حاجیە مەسیحیەکان .

٢ - پاڵنەرە ئابوری و بازرگانیەکان : تەماعی دەرەبەگە فەرەنسی و بازرگانە ئیتالیەکان کە ئاین بە لای ئەوانەوە هۆیەک بوو بۆ گەیشتن بە مەرامە بازرگانی وسیاسیەکان و دەرەبەکە فەرەنسیەکان زەوی زۆریان دەسکەوت و بازرگانەکانیش بە هۆی بەشداریان قازانجی زۆریان دەست کەوت دەکرێت بە کورتی جەنگی خاج پەرستی بە جەنگێکی داگیرکاری ئەوروپی دژی جیهانی ئیسلامی بزتنرێت .

پێشکەوتنی جەنگی خاچ پەرستان کە دەتوانین ئەم جەنگە بکەین بە چەند قوناغ و هەڵمەتێکەوە :

- **هەڵمەتی یەکەمی خاچپەرستی :**

١ هەڵمەتی میللی : ژمارەیەکی زۆر لە جوتیار و خەڵک بۆ ئەو جەنگە ئامادە کران کە شارەزای زۆریان لە هونەری جەنگدا نەبوو و بە سەرکردایەتی واڵتەر بەرەو قوستەنتینیە بەرێ کەوتن بەڵام لە رێگەی توشی کەم خۆراکی و جەنگی مەجەڕەکان هاتن و پاش ئەوەی جارێکی تر بەڕێکەوتنەوە بەڵام دیسان لەسەر دەستی تورکەکان توشی شکست هاتن و ئەم هێرشە هیچ ئامانجێکی سەربازی نەپێکا .

٢ – هەڵمەتی میرەکان : هەڵمەتی میرەکان لە هاوینی ١٠٩٦ دا دەستی پێ کرد کە بە زۆری لە فەرەنسیەکان پێک هاتبوو و هەڵمەتەکە لە چەند سریەک پێک هاتبوو وە هەر سریەکیش لە ژێر میرێکی دەرەبەگدا بوو ، لە میرە بەناوبانگەکان کە تێیدا بەشدار بوون هەریەکە لە (جۆدفری دی بوایۆن ، بلدرێن) بوون کە سوپایەکی ١٥٠ هەزار پیاوی پێک هێنرا و بڕیار بوو هەموویان لە قوستەنتینیە یەک بگرن بەڵام بەهۆی ناکۆکی و

جیاوازگەلێکی زۆر ئەم هەڵمەتەیش سەری نەگرت بە تایبەت جیاوازی نێوان کەنیسەی رۆژهەلاتی و رۆژئاوای و زمان و دابو نەریتیان .
بە هۆی بارودۆخی جیهانی ئیسلامی لەو دەمەدا کە یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو و سەرکردەیەکی لێ هاتبووی نەبوو وای کرد کە خاچ پەرستەکان پەلاماریان بدەن هەرچەندە سەلجوقیەکان و حەمیە سەربازەکانیش هەبوون بەڵام سەر ئەنجام لە ساڵی ١٠٩٧ حاچ پەرستەکان لە پسفۆڕەوە پەڕینەوە بەرەو رۆژهەلات و (نقیە) یان داگیر کرد و پێشڕەویان کرد بۆ داگیر کردنی شاری ئەنتاکیە و پاش هاتنی گەشتی گەلی ئیتالی زیاتر رێگە بۆ خاچ پەرستان ئاسان بوو لەوەی جگە لە رێگەی ووشکانی توانیان رێگەی دەریایش تاقی بکەنەوە و لە پاشان توانرا لە رۆژهەلاتدا چوار میرنشین یان دەوڵەتی بچوک دابمەزرێنن (رەها ، ئەنتاکیا ، تەرابلوس و مەملەکەتی قودس) کە لە هەر چوار نیمچە دەوڵەتەکەدا سیستەمی حوکم رانی لەگەڵ داب و نەریتی دەرەبەگایەتیدا پێک دەهاتەوە و پاشان دێری خۆرئاوا هێنرایە خۆرهەلات و چالاکی ئابوری لە شارە کەناریەکاندا پەرەی سەند ، بە هۆی هێرشی بەردەوامی موسڵمانەکان خاچپەرستەکان زیاتر گرنگیان بە هێزی بەرگری دەدا بەڵام بە هۆی بوونی چەند خاڵێکی لاوازەوە و پاش بەهێز بوونی موسڵمانەکان و هاتنی سەرکردەیەکی بەهێز توانیان مەملەکەتی خاچپەرستەکان یەک بە دوای یەکدا تێک بدەن .
دەوڵەتی سەلجوقی کە لە سەدەی ١٥ دا روخا پاشماویان مابوو کە بە ئەتابکە ناسراوبوون و بە تایبەت ئەتابکەکانی موسڵ لە ساڵی ١١٣٧ حوکمڕانی موسڵمانیان دەکرد پاشتر میرنشینەکەیان فراوان بوو ، لە الّی ١١٤٤ عیمادەدین توانی شاری رەها لە دەستی خاچ پەرستەکان بسێنێ و و پاش پەنجا ساڵ یەکەم میرنشینی حاچ پەرستەکان روخا .

❖ هەڵمەتی دووەمی خاچپەرستی :

هەوڵی روخانی رەها گەیشتە ئەوروپا و ئەمەیش بووە مایەی بێزاری و تورەی زۆر بۆیە پاش پێک هێنانی سوپایەکی بەهێز کە لویی حەوتەمی پاشای فەرەنسی و کۆنرادی سێیەمی ئەڵمانیا ی تێدا بوو بەرەو رۆژهەلات کەوتنەڕێ بەلام ئەم هەڵمە شکستی خوارد بە تایبەت پاش دەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەیوبی و یەکخستنی شام و میسر و پاش خۆ ئامادە کرد بۆ رزگار کردنی بیت المقدیس و لە سالانی ١١٨٥ و ١١٨٦ چەند سەرکەوتنێکی تۆمار کرد ، جەنگی یەکلاکەرەوەی (حتین) لە ساڵی ١١٨٧ رویدا کە تێیدا خاچپەرستەکان شکان و نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی سوارە و ٢٠ هەزار سەربازی پیادە تیاچوو جگە لە لەدەست چونی شاری سور .

❖ هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستی :

پاش گرتنی قودس نارەزای زۆر لە ئەوروپا بڵاو بووەوە بۆیە سوپایەکی بەهێز پێک هێنرا بە بەشداری هەرسێ پاشا (فریدریکی یەکەمی ئەڵمانی ، ریچاردی یەکەمی بەریتانی و فلیپ ئۆغستسی فەرەنسی) هەر بۆیە ئەم هەڵمەتە بە هەڵمەتی پاشایان ناو دەبرێت ، هەردوو پاشا فەریدریک و ئۆغستس زوو شکستیان هێنا بەلام ریچارد گەیشتە فەلەستین کە بە پیاوێکی ئازا و بە جەرگ ناوی دەر کردبوو و هەریەکە لە موسڵمان و مەسیحیەکان لە سایەی ریچارد و سەلاحەدیندا نمونەی مەردایەتیان بینی و سەرەڕای بوونی شەڕ لە نێوانیاندا بەلام دۆستایەتیان هەبوو پاش هەوڵێکی زۆر ریچارد نەیتوانی قودس بگەڕێنێتەوە بۆ خاچپەرستەکان هەر بۆیە لە ساڵی ١١٩٢ گەڕایەوە بۆ ئەوروپا ، لەماوەی سەدەی ١٣دا هەستێکی دژ بە جەنگی خاچ پەرستان دروست بوو سەرەڕای گوێ پێنەدانی پاپاکان بەو جەنگە و خۆ خەریک کردن بە کاروباری ناوخۆ بە تایبەت روبەروبونەوەی بیدعە چیەکان ئەمیش وای کرد کە جەنگی خۆرهەلات لەو دەمەدا بایەخی نەمێنێ .

❖ هەڵمەتی چوارەمی جەنگی خاچ پەرستی :

لەم هەڵمەتەدابە روونی دەردەکەوێت پاڵنەری سەرەکی بۆ جەنگ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری بوو بەڵام بە حەماسی ئاینی پەردە پۆش کرا بوو و سەرکردەی هەڵمەتەکەیش (ئەنۆسنتی سێ یەم) بوو کە لەگەڵ ڤینسەکان رێک کەوت و سەر ئەنجام لەم هەڵمەتەدا سەرەڕای نا رەزای کەنیسە بەڵام قوستەنتینیە داگیر کرا کە تا ساڵی ١٢٦١ بیزەنتینیەکان نەیانتوانی شارەکەیان رزگار بکەن .

پاش ئەم هەڵمەتانە هەریەکە لە فەریدریکی دووەم و قەدیس لویس جەنگی خاچ پەرستیان ئەنجامدا بەڵام هیچی سەرکەوتوو نەبوو ، هێرشی قەدیس لویس بە دواین هێرشی خاچ پەرستەکان بۆ سەر وڵاتانی موسڵمان و عەرەبی دادەنرێت .

دواین بابەتی ئەم بەشە تایبەت کراوە بە کاریگەری جەنگەکانی خاچ پەرستی لەسەر ئەوروپا و تێیدا هاتووە ئەم جەنگە لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە چەند ئەنجامێکی گرنگی لەسەر ئەوروپا دانا :

١ – لە رووی ئابوریەوە : ئەم جەنگە بوو بە هۆی چاکتر کردنی بازرگانی ئەوروپا بە تایبەت ئیتالیەکان لەگەڵ گەلانی موسڵماندا و دوای جەنگیش کاڵاکانیان بۆ رۆژهەڵات هەر دەهات

٢ – لە رووی رۆشنبیریەوە : بە هۆی ئەوەی کە ئەورپایەکان لە رێگەیەک دەگەڕان بۆ هاتنیان بۆ رۆژهەڵات ئەمەیش بە سەرەتای دۆزینەوەی زانستی جوگرافیا دادەنرێت کە شۆڕشێکی مەزنی مرۆڤایەتی بوو .

٣ – لە رووی کۆمەڵایەتیەوە : گەشەکردنی بازرگانی بوو بە هۆی دەرکەوتنی چینی بورژوازی لەسەر حیسابی چینە ئۆروستوکراتیەکە ئەمەیش رۆڵی گرنگی لە هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتیدا هەبوو .

٤- لە رووی سەربازیەوە : ئەوروپا زۆر شت لە موسڵمانەکانەوە فێر بوو وەک بەکارهێنانی چەکی سوک و پشت بەستن بە هێزی پیادە و دروست کردنی قەڵا .

لە کۆتایدا دەگەینە ئەوەی کە هەریەکە لەو بەشانەی کە لەو کتێبەدا هاتووە تایبەتە بە چەند روداوێکی گرنگ کە دەتوانریٚ چوار بەشی سەرەتای کتێبەکە بەوە سەیر بکرێت کە تایبەتە بە ململانیەی ناوخۆی ئەوروپا و دەرکەوتنی هۆزەکان و زیاتر کار لەسەر ئەو کیشوەرە کراوە بەو شێوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی چووە ، چوار بەشی تری کتێبەکە دەتوانریٚ بەوە سەیر بکرێت کە ئەوروپا لە قوناغی پێک هێنان و خۆ گرتنەوەدایە و هەنگاوی بۆ دروست بون ناوە و تەنانەت لە پەلی هاوێشتوە بۆ دەرەوەی سنوری خۆی و لە تێکڕای سەردەمەکاندا پشتاوپشتی بۆ هاتنە سەر دەسلات رەنگی داوەتەوە کە کاری سلبی لەسەر ژیانی ئەوروپا دناوە لەگەڵ دەسلاتی ئاینی کە بەردەوام لە کێشمە کێشدا بووە و بە چەندین قوناغدا تێپەڕیەوە و زۆر تر لە خزمەتی کۆمەڵێک خەڵکدا بووە هەر بۆیە ئاینی مەیسحی و کلێسا چەندین جار ریفۆرمی تێدا کراوە .
لێرەدا سەرەڕای دەست خۆشی زۆر بۆ مامۆستا مستەفا سەعید کە بە ئەم ئەرکە هەستاوە کە من هیوای بەرهەمی باشتری بۆ دەخوازم ، چەند تێبین و رەخنەیەک دەخەمە روو بە ئومێدی سود بینین بۆ پرۆژەی داهاتوو :
١ – نەبوونی پێشەکی خودی وەرگێر و پێشەکی نوسەران کە گرنگ بوو لە کتێبەکەدا هەبوایە .
٢ – وەک دەوترێت کاغەزی بیٚ وێنە وەک زەوی بیابان وایە ، لەم کتێبەیشدا هیچ وێنە و نەخشە و هێڵکاریەک بەدی ناکرێت کە رەنگە بۆ خوێنەر بە سود بێت .

٣ – نەبونی پەراوێز بۆ هەندێک زاراوە و ووشە کە دەکرا وەک ئەرکێکی وەرگێڕ مامۆستا بەم کارە هەستایە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بەرهەمەکە .
٤ – بوونی هەندێک هەڵەی چاپ و زمانەوانی وەک (لە لاپەڕە ١٦١ و ١٨٨ دا بۆ جەنگی سەد ساڵە رویداوە ، یان لە لاپەڕە ١٣٧ دا لە سەرەتای پەرە گرافەکەوە نوسراوە " وا دێتە بڕوا بوون کە بنەچەکی کڵێساکان بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی .... " کە جوانتر بوو بنوسرێت " بڕوا وایە یان رەنگە بنەچەی یان بنەڕەتی "....
٥ – کاتێک کە ناوی کەسایەتیەک دەبینیت لە بەرامبەری لە نێو کەوانەدا ساڵێک نوسراوە بۆ نمونە " هنری چوارەم (١٠٥٦ – ١١٠٦) ی زاینی کە ئەمە لە کتێبەکەدا ئاماژەیە بۆ ساڵی حوکمڕانی و ئامازەیش بەوە نەدراوە کە وایە ، خوێنەری کورد لەسەر ئەوە راهاتووە کە ئەوە ئاماژەیە بۆ لەدایک بوون و مردن .
٦ – هەندێک ووشە هەیە کە مامۆستا دەق لە عەرەبیەکەوە وەری گرتووە کە دەبوو ئەسڵیەکەی وەر
٧ – خۆزگە مامۆستا ئاماژەی بەو سەرچاوانە بدایە کە سودی لێ وەرگیراوە بۆ ئەم کتێبە بۆ زیاتر ئاشنا کردنی خوێنەری کورد بە سەرچاوەکان .

کتێبی (مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) ، دانانی (د . عبدالامیر محمد امین ، محمد توفیق حسین) ، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە (مستەفا سەعید عەلی) ، پێداچونەوەی (مامۆستا سیامەند کەریم مەولود) ، چاپی یەکەم – ساڵی چاپ ٢٠١١ ، شوێنی چاپ (چوار چرا) لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەوراما

بیزەنتی

دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا

ئەشكەنجە و ئازاردان لە سەدەكانی ناوەڕاستدا

دەروازەی دووەم

چاکسازی ئایینیی

بەشی یەکەم

- تێڕوانینێک بۆ ئاین
- کورتەیەک لە مێژووی ئاینی مەسیحی
- ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا

تێڕوانینێک بۆ ئایین

ئاین ئاوێنەیە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا بەڵام دیسان پێویستی بە ناسین هەیە ، مرۆڤەکان بە زۆری تێدەکۆشن تاوەکو هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ناسینی ئاین ، ڕووبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئایندا بە سێ شێوە روو دەدات (تێڕوانینێکی پەرستشانە سەبارەت بە ئاین و بیروڕاکانی و رەت کردنەوەی ئاینەکانی تر ، تێڕوانینی فەیلەسوفانە بۆ ئاین ئەمەیش لە رێگەی فکرەوە بە جۆرێک مرۆڤ قایل بکات ، ئەڵتەرناتیڤیکی لێکۆڵەرانە بۆ باشتر ناسینی ئاینەکان) . (١)

ئاین بە هۆی ئەو دەوڵەمەندییە جۆر بە جۆریەی کە هەیەتی بۆ لێکۆڵینەوە نارەحەتی زۆری تێدایە و پەیوەندی مرۆڤ بە ئاین زیاتر تاکە کەسیە ، بە وتەی "ویلیام جیمز" پەیوەندی ئێمە لەگەڵ (هەستەکان ، کردار ، ئەزمونی تاکە کەسەکاندایە) ، ئاین مرۆڤەکان هان دەدات تاوەکو ئەرکەکانی رۆژانەیان ئەنجام بدەن و ئامادەشیان دەکات بۆ ئەو چارەنوسەی کە خۆیان نایەنەوێت . (٢)

ئاین لە لای فەیلەسوف و زانایان و پێغەمبەران بۆچونی جیای لەسەر دراوە و هەر یەکە تێڕوانینی خۆی بۆی هەیە وەک مرۆڤێک ، لە لای باوەڕداران ئاین رێگە نیشاندەری مرۆڤە بۆ ئاخیرەت و چەندین پێغەمبەر بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن خوداوە نێدراوە کە بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان چەندین نەتەوە هەبون و بیرو باوەڕی ئاینیان هەبووە وەک ئاینی (جولەکە ، مەسیحی ، ئیسلام ...) و ئاینەکانی تری وەک زەردەشتی و بوزی و ئاینی تری زەمینی کە هەندێکیان بۆ میلەتە درێرینەکانی کیشوەرە کۆنەکانی جیهان دەگەڕێنەوە بە تایبەت لە وڵاتی دوو روبارەکە و دۆڵی نیل . (٣)

لە بیروباوەڕی ئیسلامدا مرۆڤ بۆ ئەوە دروست کراوە کە خوا بپەرستێت و یەکێک لە ئەرکانی سەر شانی مرۆڤ ناسینی خودایە گەر وا نەبێت ئەوا لە

ریزی ئاژەڵاندایە و خوا مرۆڤی وا دروست کردووە کە لە هەموو گیانلەبەرێک گەورە تر و بەڕێز ترە و پێویستە مرۆڤ حاوەن ئاینێکی یەکتاپەرست بێت و تەنها ئاین لای خوا ئیسلامە بە پێی دەقی قورئان . (٤)

گەر رای چەند فەیلەسوف و بیرمەندێکی ئەوروپی وەر بگرین دەبینین کەسێکی وەک مارکس سەرەڕای ئەوەی کە پێی وایە ئاین بەرهەمی ئابوریە دەڵێت " ئاین جگە لەو کاردانەوانە و کاریگەریە خەیاڵیانەی کە هێزە دەرەکیەکان بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێت هیچی تر نیە . (٥)

فەیلەسوفێکی وەک نیچە سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بە هیچ ئاینێک نیە لەو ئاینانەی کە لە جیهاندا هەن و بە بڕوای ئەو رۆحی ئاینی سەبارەت بە هەر ئەرک و تێگەیشتنێک لە یاساکانی سروشت هەژارە ، نیچە بڕوای وایە ئەقڵیەتی ئاینی پێچەوانی ئەقڵی زانستە و رەخنە توندەکانی ئەم زانایە بە تایبەت لە ئاینی مەسیحیەتە . (٦)

مێژووی ئاین کە هەوڵ و کۆششی هەموو مرۆڤایەتیە روبەرێکی فراوانی گەشاوەی ماناهێنەرە کە مانای ئامازەکان و نیشانەکان و کردارەکان و رەفتارەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات ، مێژووی ئاین لەگەڵ دەست پێ کردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەست پێ دەکات و مرۆڤ هەرچیەک بێت خوێندەوار یان نەخوێندەوار سەرەتای یان پێشکەوتوو لە هەوڵی پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانیدایە بە ئاینیشەوە . (٧)

بە شێوەیەکی تر گەر ئایین بە مانای (پەرستنی هێزە باڵاکانی سروشت) پیناسە بکەین ئەوا دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هەندێک لە نەتەوە سەرەتایاکان هیچ ئاینێکیان نەبووە بۆ نمونە هەندێک لە هۆزە ئەفریقاییەکان هیچ تۆتیم و بت و خوایەکیان نیە کە بیی پەرستن ، بە سەیر کردنی هەموو دیاردە رۆحیەکانی مرۆڤ بۆ پەرستن دەبینین کە ئاین دەرکەوتەیەکە هەموو تاکەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئایین لە کۆنەوە لەگەڵ مێژوو هاوڕێ بووە ، هەر یەکە لە (ترس ، سەرسوڕمان ، خەونەکان

، رۆح و رۆحگەرایی) بە سەرچاوەکانی ئاین دادەنرێن و (لۆکلاتیۆسی) حەکیمی رۆما وتویەتی " ترس یەکەمین دایکی خواکانە " و لە نێو پلەکانی ترسدا ترس لە مردن جێگەیەکی گرنگتری هەیە .
بە گشتی لەم جیهانەدا دەبین کە پڕە لە خوا و هەر تاشە بەردێک یان ئەستێرەیەک بە خوایەک رەنگ دەداتەوە ، ژمارەی ئەو شتانەی کە دەپەرسترێت بێ ئەژمارەن و دەتوانین ئەم خوا بێ ئەژمارانە لە شەش دەستەدا پۆلێن بکەین (ئاسمانی ، زەمینی ، سێکسی ، ئاژەڵی ، مرۆیی و ئیلاهی) سروشتیە کە نەتوانین بڵێین یەکەمین شت کە ستایش کراوە چی بووە بەڵام رەنگە (مانگ) لەو گروپە بێت کە دەخرێتە پێشەوە .
هەمیشە لە نێو کۆمەڵ و شارستانیەتە باڵاکاندا کێشمەکێشێک لە نێوان ئاین و کۆمەڵدا بوونی هەیە کاتێک کە ئاین لە سەرەتادا داکۆکی لە مرۆڤی لاواز و ماندوو دەدات و کە ئەو دەگاتە لۆتکە و دەتوانێت نەتەوە دروست بکات لێکخشاندن دروست دەبێت ئەو کاتەی ئاین بەرگری لە رابردووی خۆی دەکات واتا شەڕ لە نێوان زانست و ئایندا دروست دەبێت و ئەو کاروبارانەی کە لە ژێر چاودێری پیاوانی ئاینیدان وەک کاروباری ماف و سزادان و ژن و ژنخوازی و تەڵاق لە ژێر دەستیان دەردەهێنرێت و دەدرێتە دەست رێکخراوێکی دنیای کە ئەمەیش بە بڕوای پیاوانی ئاینی بە لادان لە شەرع دەزانرێت و ئەمەیش دەبێتە هۆی فەوتان و نەمان نەمان بە مانای خەڵک کە لەگەڵ خۆی ئەو ئاینەیش دەبات و بەڵام هەمدیس ئارەزووی مرۆڤ سەر هەڵدەداتەوە و شارستانیەتی نوێ و ئاینی تازەتر دروست دەبێت . (٨)
ئاین لەسەر گۆی زەوی بە ئەندازی کۆنی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە کۆنە بەڵام دیاری کردنی لە رووی شوێن و کاتەوە مەحاڵە هەر وەک چۆن پێناسە کردنی مەحاڵە چونکە ئەم دیاری کردنە لەسەر مرۆڤ خۆی هێشتا نەزانراوە بەڵام ئەوە زانراوە کە باوەڕ بە ئاین لە چەندەها شوێنی جیهان لە نێو کۆنترین کۆمەڵانی مرۆڤدا

بینراوە ، دەتوانین بڵێین دیاردەی ئاین یەکێکە لە هەرە دیاردە کۆنەکان کە هەر لە سەرەتای ژیارەوە بوونی هەبووە و یەکێکە لە پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی ژیان و بەم پێیەش زۆربەی مرۆڤەکان ئایندارن .
ئاین بە یەکێک لە پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی هەر ژیارێک دادەنرێت و بە بڕوای سەید حسێن نەسر ئاین دڵی شارستانیەتە ، بە بۆچونی ناسری بۆ ئەوەی گفتوگۆی ژیاری دروست ببێت دەبێت گفتوگۆ لەسەر ئاین بکەین و بە بڕوای (ماکس ڤیبر) گرنگی ئاین تەنها لە چوارچێوەی مامەڵەی ئیمانەکەیدا کورت نابێتەوە و بەڵکو ئامانجی زیاتری هەیە کە بریتیە لە بەدەست هێنانی بەختیاری مرۆڤ و بە بڕوای ماکس ڤیبر پێناسەی ئاین پێش لێکۆڵینەوە لەو ئاینە نە دروستە و نە دەکرێت .
ئاین لە لای ئیمیل دۆرگهایم (١٨٠٨ – ١٩١٧) ز ئەم زانایە بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنرێت لە فەرەنسا لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی و کاریگەرێکی زۆری هەبوو لەسەر کۆمەڵناسی ئاین و دۆرگهایم یەکەمین کەسانێکە کە لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە لە ئاینی کۆڵیوەتەوە لەو کتێبەکەیدا (فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی ئاینی) ، ئەم زانایە بەم شێوە لە ئاین دەڕوانێت " ئاین سیستەمێکی بەیەکەوە گرێ دراوی بیروباوەڕ و کرداری پەیوەست بە شتە پیروزەکانە ، واتا ئەو شتانەی کە جیان لە شتە ئاسایەکانی تر و لە ریزی شتە قەدەغەکراوەکان دادەنرێت و ئەم بیروباوەڕ و کردارانە گشت ئەو کەسانە پەیڕەوی لێ دەکەن کە لە کۆمەڵێکی ئەخلاقی بە ناو کڵێسا یەکدەخرێن " ، دۆرکهایم لە روانگەی ئاینی مەسیحی و کڵیساوە لە دیاردەی ئاینی کۆڵیوەتەوە ... (٩)

کورتەیەک لە مێژووی ئاینی مەسیحی

مەسیحیەت لە سەدەی یەکەمی زاینی لە فەلەستین دەرکەوت و مەسیح (علیه السلام) لە سەردەمی ئیمبراتۆر ئۆگەستس (٢٧ پ . ز – ١٤ ز) لە دایک بووە .(١٠)

ئەم ئاینە زۆر بە خێرای بە رۆژهەلأت و رۆژئاوای ئیمبراتۆریەتی رۆمانیدا بلأوبووتەوە ئەمیش بە هۆی سروشتی پێک هاتەی رۆما ، مەسیحیەت سەرەتا لە نێو هەژاراندا بلأو بووەوە پاشان هەموو چین و توێژەکانی گرتەوە و هۆی سەرکەوتنی ئاینەکەیش بۆ ئەو دەستەو تاقمە دەگەڕێتەوە کە بە قوتابیە نزیکەکانی مەسیح کە پێیان دەوترێت پێغەمبەران و حەوارییەکان . (١١)

هۆکاری بلأو بوونەوەی ئاینی مەسیحیەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە (بوونی بۆشای رۆحی ، خراپی بارودۆخی ئاینی و کۆمەلأیەتی و ئابوری ، بوونی پەیوەندی بازرگانی و ریگای باش لە نێو ئیمبراتۆریەتی رۆمادا ، بلأو بوونەوەی زمانی لاتینی کۆن لە نێو ئیمبراتۆردا ، پێداگری مەسیحیەکان لە بلأو کردنەوەی ئاینەکەیان و شوێن کەوتنی و هەروەها دانان بە ئاینی مەسیحی بە پێی مەرسومی میلان لە سالّی ٣١٣ ز بە ئاینی رەسمی ئەو کاتە ...) و کتێبی (ئنجیل) هی مەسیحێکانە و باوەڕیان پێیەتی . (١٢)

پرۆفیسۆر ا . س . هۆدیت باس لە سێ تایبەت مەندی دەکات بۆ ئەوەی کە ئاینی مەسیحیەت بە سەرکەوتوی بمێنێتەوە :

١ – باوەڕی رەهای مەسیحبەکان بە ئاینەکەیان ، ٢ – جیا کردنەوەی خۆیان و ئاینەکەیان لە کەسانی تر کە یەک خوایان پەرستووە ، ٣ – سوربوون لەسەر ئەوەی کە لە خوا زیاتر هاوار بۆ کەس نەبەن . (١٣)

پاش ماوەیەک لە بلأو بوونەوەی ئاینی مەسیح کێشە لە نێو پەیڕەوکارانی ئەم ئاینەدا سەری هەلّدا بە تایبەت لەسەر کێشەی (سروشتی پەیوەندی

نێوان مەسیحی کوڕ و مەریەمی دایک و خودا) ئەم کێشەیە دوو ئاراستەی وەرگرت یەکێکیان کە عیسای بە کوڕی خوا دەزانی ئەوی تریان بە جیا واتا (خودا) دروستکار و (عیسا) دروست کراو ، ئەمەیش سەری کێشا بۆ دروست بونی مەزهەبی ئاریۆسی لە رۆژهەلات و مەزهەبی ئەسناسیۆس لە رۆژئاوای ئیمبراتۆریەتی رۆمادا . (١٤)

هەرچەندە حوکمەتی رۆمانی سیاسەتی لێبوردەی و نەرمونیانی بەرامبەر ئاینە جیاوازەکان هەبوو بەلام لە بەرامبەر بلاوبونەوەی ئاینی مەسیحیەتدا زۆر بە توندی وەستایەوە لەبەر چەند هۆیەک لەوانە :

١ – زۆربەی مەسیحیە یەکەمینەکان لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون و لە خەڵکی دابڕاوبون ، ٣ – نەپەرستنی ئیمبراتۆر کە مەسیحیەکان پەرستنیان بە بتپەرستێکی قێزەون دەزانی ئەمە لە کاتێکدا کە پەرستنی ئیمبراتۆر لە لە ئاینە کۆنەکاندا یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی دەسلات .

دوا بە دوای مەرسومی میلان ئاینی مەسیحەت لە هەڵکشان و داکشاندا بووە تا لە سەردەمی تیۆدسیۆسدا ئاینەکە بەرز کرایەوە بۆ ئاستی ئاینە فەرمیەکانی تری دەوڵەت ، بلاوبونەوەی مەسیحیەت لە ماوەی هەردوو سەدەی چوارم و پێنجەمدا و خێرا بلاو بوونەوەی ئاینی مەسیحی و دانانی سیستەمی " کەهەنوتی و پاپا و قەشەکان " چۆنیەتی درێژە دان بە کارو چالاکیەکانی مەسیحیەت پاش هەرەس هێنانی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی لە سەدەمی پێنجەم و شوێن گرتنەوەی ئەو ئیمبراتۆریەتە لە ئەوروپا ، ئاینی مەسیحیەت توانی فراوانخوازی هەبێت لە رۆژهەلات و رۆژئاوای ئەوروپا پێ بە پێ بەلام ئەوە نابێت لە بیر بکرێت کە لە رۆژهەلاتدا بوونی دەسلاتێکی بەهێز وای کرد کە کەنیسە مل کەچی بێت بەلام لە رۆژئاوا بە پێچەوانەوە . (١٥)

کلێسای رۆما لە ماوەیەکی کەمدا بەرەو ئەوە چوو رۆڵی دەسلاتداری لە جیهانی مەسیحیدا بگرێتە دەست بە تایبەت دوو کەسی گرنگی دوای مەسیح

کە ئەوانیش (بوترس ، پۆلس) بوون ، دارمانی ئیمراتۆریەتی رۆمانی لە رۆژئاوا وای کرد کە کلێسا تا رادەیەک سەربەخۆ بێت هەر چەندە لە رۆژهەلات کلێسا بە تەواوەتی لە ژێر دەستی پاپاکاندا بوو ، بەم شێوەیە کلێسا و پاپاکان وورده وورده دەسلاتی خۆیان سەپاند تا ئەو کاتەی کە دەولەتی تایبەتی خۆیان دامەزراند بە تایبەت لە ئیتالیا بەلام ئەم هەماهەنگیَ درێژەی نەکێشا و نێوانی دەسلاتی پاشاکان و پاپا تێک چوو بە تایبەت لەسەردەمی ئیمبراتۆر هینری چوارەم (١٠٥٦ – ١١٠٦) ز بۆ رزگار بوون لەم قەیرانە لە سەدەی یانزەیەمدا لە ناو کلێسادا بزوتنەوەی چاکسازی دەرکەوت کە بە بزوتنەوەی (کلۆنی) ناسرا ، پاپویەت لە سەدەی ١١ دا روبەروی بزووتنەوه ئاینیه چاکسازییەکان و ژمارەیەک لە قەوارەی سیاسی نەتەوەی بونەوه کە ئەمانەیش بونە بەربەست لە دەست وەردان لە وولاتانی ئەوروپی دا . (١٦)

سەر باری هەموو ئەو کێشانە ئەم ئاینە هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆیشی لەگەڵ بێت توشی چەندین گرفت و قەیران بووە یەک لەوانە هەرتەقە (بیدعە) یە کە زۆرێک لە ئاین و سیستەمەکان روبەڕووی دەبنەوە کە ئاینی مەسیحیەتیش بیَ بەش نیە لەو گرفت و ئاریشانە ، مەسیحەت هەر لە سەرەتاوە توشی چەندین بزوتنەوەی لیَ جیابووە بوو کە هەرتەقە یەک لەوانە مەبەستیش ئەوەیە کە (دەرچونە لەو بیروباوەڕەی کە کەنیسە دانی پێدا ناوە ، یان دەرچونە لە بەشێک لەو بیرو باوەڕە) بیروباوەڕی سالوس گرفتێک بو بە تایبەت ئەو پرسیارەی کە بەردەوام هەبوو لەسەر سروشت و کەسایەتی مەسیح و پەیوەندی بە باوکیەوە کە ئەو پرسیار گەلانە شتی زۆری دەوروژاند و مەسیحیەکانی کردە دوو بەرە و ئەمیش کۆنگرەی نیقییەی لە سالَی ٣٢٥ بە دوای خۆیدا هێنا کە لەو کۆنگرەدا بە تەواوەتی ئەزەلیەتی مەسیح و یەکبوونی بە باوکیەوە پێناسە کرا و بە دوای ئەمیشدا چەندین کۆبوونەوەی پەیوەندیدار گریَ درا و کێشەی کەنیسەی کاسۆلیکی درێژەی

هـەبـوو بـە تایبـەت پلـش ئـەوەی (کـەمنۆفـستیەکـان) لـە رۆژهـەڵاتـدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا لە بڵاو کردنەوەی بیروڕاکانیان . (١٧)
جەنگی خـاچ پـەرستەکـان کـە ئـەوروپـای مـەسـیحی کردیانـە سـەر وولاتـە عەرەبیەکان لە دەی کۆتای سـەدەی ١١ دەسـتی پـێ کـرد کـە نزیکـەی دوو سەد ساڵی خایاند (١٠٩٦ – ١٢٩١) زاینـی بـە بـەشـێک لـە مێـژووی ئـەم ئاینە دەزانرێت .

پاڵنەکارەکانی جەنگی خاچ پەرستی:

١ پاڵنەری ئاینی : کەنیسەی خۆرئاوا بەردەوام شوێنکەوتوانی هـان دەدا بـۆ دژایەتی کردنی موسـڵمانەکـان و جـەنگـانی لـەگـەڵیـان بـە ئـەرکێکـی پیـرۆز دەزانی کە ئەمەیش هانی مەسیحیەکانی دا کە لـەو جـەنگـەدا بـەشـدار بـن ، هاوکات ئەو هەموو دژواریانەی کە دەهاتە رێی ئەو حەجاجانـەی کـە دەهـاتن بـۆ خـاکی پیـرۆز لـە (بیـت المقـدیس) ئـەمـیش بـەهانـەی دا بـە دەسـت پاشاکانەوە بۆ جـەنـگ کـردن بـە تایبـەت پـاش ئـەوەی کـە سـەلجوقیـەکـان دەرکەوتن و بە توندی کەوتە گیانی حاجیە مەسیحیەکان .
٢ - پاڵنەرە ئابوری و بازرگانیەکان : تەماعی دەرەبەگە فەرەنسی و بازرگانە ئیتالیەکان کە ئاین بە لای ئەوانـەوە هۆیـەک بـوو بـۆ گـەیشتن بـە مـەرامـە بازرگانی وسیاسیەکان و دەرەبەکە فەرەنسیەکان زەوی زۆریـان دەسـکەوت و بازرگانەکانیش بە هۆی بەشداریان قازانجی زۆریان دەست کەوت دەکرێـت بـە کورتی جەنگی خاج پەرستی بە جەنگێکی داگیرکاری ئەوروپی دژی جیهانی ئیسلامی بزانرێت . (١٨)

ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنیسانسدا

ئەوروپای سەردەمی نوێ یان رێنیسانس چەندین هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی و ئەمەیش بوو بە هۆی لە دایک بوونی سەردەمێکی نوێ کە جیاواز بوو لە سەدەی کۆنی دەربەگایەتی و کلێسای کاسۆلیکی و بۆ ئەم مەبەستەیش رێگەی ژیاندنەوەی کلتوری کۆنی یونانیان گرتەبەر و پێیان وابوو بەم شێوەیە دەتوانن لەسەردەمی کۆن رزگاریان ببێت ، لەم روانگەیەوە ئەم رێبازە فکریە نوێیە سەری هەڵدا کە بە رێنیسانس (Renaissance) کە بە زمانی فەرەنسی واتای (ژیاندنەوە) یان (زیندوو کردنەوە) دەدات و بە لای هەندێک مێژوونوسەوە سەردەمی مرۆڤایەتی رۆژگارێکی لەوە گرنگتری بەخۆوە نەبینەوە . (١٩)

ئەم سەردەمە دەکەوێتە نێوان هەر دوو قۆناغی مێژووی ناوەڕاست و نوێوە و بە سەردەمێکی زێرینی مێژووی ئەو کیشوەرە دادەنرێت و سەرەتاکانی دەرکەوتنشی بۆ سەرەتای سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ ز واتا ئەم سەردەمە سێ سەدەی خایاند (٢٠) ، هەڵبەتە کەسانێک هەن سەردەمی رێنیسانس بە سەدەی شانزەوە گرێ دەدەن بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆز ترە لە راستیدا رێنیسانس لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٤ ەوە دەست پێ دەکات تا سەرەتای سەدەی ١٧ واتا تا دەرکەوتنی دیکارت و شۆڕشی گالیلۆی ، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە کە رێنیسانس پێیەکی لە سەدەکانی ناوەڕستدا بووە و پێیەکی لە مۆدێرنەدا . (٢١)

لە سیما و دەسکەوتەکانی رێنیسانس لە ئەوروپا لە بواری بیردا بریتیە لە (لێکۆڵیەوە لە مرۆڤ یان مرۆڤگەرایی ، دەرکەوتنی زمانی نوێ یان زمانی نەتەوەی ، سەرهەڵدانی چاپخانە کە خزمەتی زۆری بە بواری زانست و زانیاری کرد ، گرنگی دان بە زانستی مێژوو و شوێنەوار و هونەرە جوانەکان و دۆزینەوە جوگرافیەکان ...) و هەروەرها لە بواری کۆمەڵایەتیدا بریتی بوو لە (گرنگیدا بە چاکسازی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای زانیاری ئاینی ،

چاکسازی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پشت نەبەست بە ئاین کە بە رێبازی ماکیافیلی ناسراوە) و لە بواری سیاسیدا بیرۆکەی نوێ سەری هەڵدا کە لەسەر بیری هەر سێ زانا (دانتی ، ماکیافیلی ، تۆماس مۆر) بون . (٢٢)

نیکۆلا ماکیافیلی (١٤٦٩ – ١٥٢٧) ز ئەم سیاسەتمەدار و کەسایەتیە لە فلۆرنسای ئیتالیا لە دایک بووە ، ئەم سیاسەتمەدارە توانی کار لە رژێمی حوکم لە ئیتالیدا بکات و کاریگەری لەسەر رژێمی سیاسی هەبوو و توانی بە گژ واقیعی ئەو کاتەدا بچێتەوە و داهێنان بکات بۆ ئەو کات لە بواری رژێمی سیاسیدا . (٢٣)

سەرجەم لێکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆکن مێژووی رێنیسانس بە پترارک (١٣٠٤ - ١٣٧٣) دەست پێ دەکات چونکە ئەوە ئەو کەسایەتیەیە کە زەمینەسازی بۆ بزوتنەوەی مرۆڤگەرایی و رێنیسانس دەکات و ناوبانگی پتراک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعری بە زمانی ئیتالی نوسیوە نەک بە لاتینی کە تا ئەو کات زمانە لۆکاڵیەکان بە زمانێکی بازاڕی سەیر دەکران و ئەو کارەکتەرێکی بە پیتە و پڕە لە ناکۆکی لە لایەک دڵبەندی رابردووی بت پەرستی بووە لە لایەکی ترەوە وابەستەی ئێستای مەسیحیەتە ، پیتراک شیعرەکانی لە سەدەی ١٦ دا لە ئسپانیا و فەرەنسا بەدەر کەوت و دواتریش ئنگلتەرا و ئەڵمانیا .

یەکێک لە کۆڵەکەکانی دامەزراندنی رێنیسانس ریفۆرمی ئاینی بوو کە ئەم بزوتنەوەیە مەزهەبێکی نوێی بە ناوی (پرۆتستانتی) هێنایە ناو ئاینی مەسیحیە کە زیاتر پشت بە سەرمایەداری و ئابوری دەبەستێت و دەکرێت بە یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی ئەورووپای سەردەمی رێنیسانسی بزانین .(٢٤)



جان كالڤن

مارتن لۆسەر



هێما ئاینیەكان

بەشی دووەم

مێژووی ریفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا

١ – ریفۆرم و ریفۆرمی ئاینی
٢ – زەمینەیەکی مێژووی ریفۆرمی ئاینی
٣ – هۆکارەکانی بەرپابونی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی
٤- دەرئەنجامەکانی چاکسازی ئاینی
- ژمارەیەک کەسایەتی کاریگەری چاکسازی ئاینی
مارتن لۆسەر
جان کالڤن
گەشەسەندنی چاکسازی ئاینی

مێژووی ریفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا

١ - ریفۆرم و ریفۆرمی ئاینی :

ریفۆرم (reform) بە مانای کاری چارەسەریانەیە کە بۆ گۆڕینی هەندێک روکاری ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئەکرێ بە بێ ئەوەی گۆڕینێکی بنەڕەتی تەواو لە کۆمەڵدا دروست بکات ، ریفۆرم ئەو جۆرە گۆڕینەیە کە لە ناو چوار چێوەی رژێمی کۆمەلایەتی تێ ناپەڕێت و توانای هێزە سیاسیەکان تا رادەیەک نیشان دەدات ، ریفۆرم لە هەر کات و زەمەنێکدا بکرێت بەرهەمی خەباتی کۆمەلانی خەڵکە . (١)

چاکسازی ئاینی بزووتنەوەیەکی ئاینی بوو لە سەدەی ١٦ دا لە ئەوروپا سەری هەڵدا داوای چاکسازی لە کڵێسا دەکرد هەروەها داوای دەکرد کڵێسا خۆی لە جێ بەجێ کردنی هەموو سروت و رێورەسمێکی خراپ و هەڵە رزگار بکات ، ئەم بزوتنەوە ئاینیە لە ئەنجامی دەرکەوتنی ئەوەی پێی دەوترێت مەزهەبی پرۆتستانت * لە دایک بوو ، بە پێی هەندێک سەرچاوەی مێژووی سەرەتای چاکسازی ئاینی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیکە (ئەلیزابێسی یەکەم) واتا سەردەمی شکسپیر و سەرەتای چاکسازی لە ئنگلتەرا بەلام (مارتن لۆسەر)ی ئەلمانی بە ریفۆرمخوازی ئاینی دەناسرێت بۆ ئەم مێژووە . (٢)

٢ – زەمینەیەکی مێژووی چاکسازی ئاینی :

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەدەکانی ناوەند ئەوە بوو کە فەیلەسوفەکان بۆ زۆر بیرو باوەڕ و دیاردەی سیاسی پشتیان بە کڵێسا و پیاوانی مەسیحی دەبەست ئەمەیش بە هۆی ئەوەی کە نیشانی بدەن کە کڵێسا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە بە تایبەت بە سەر دەسلاتی سیاسیەوە ، سەردەمی رینیسانس پاش ئەوەی لە هەولدا بوو بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئاین و سەرەتای ئەم دەرکەوتنەیش بۆ سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە بۆ بزوتنەوەی

چاکسازی ئاینی و ئەمەیش بوو بە هۆی دابەش بوونی کڵێساکان و ئەم بزتنەوەیە وای کرد کە دەسڵاتی پاشا لەبەرامبەر کڵێسادا دامەزراوە تر و چاکتری بکات و بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی توانی پاش ململانیەکی زۆر ئەم رەوشە لە بەرژەوەندی پاشاکان بە کۆتا بهێنێت و لێرە بەدواوە دەسڵاتێکی نەتەوایەتی جیا لە دەسڵاتی ئاینی دروست بوو ، بە مانایەکی تر ئەم بزتنەوەیە توانی دەسڵاتی ئاینی رۆحی کڵێسا بگۆڕێت بۆ دەسڵاتێکی دنیای بەم شێوەیە پاشایەتی نەتەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت لە ئەڵمانیا توانی خۆی بگرێت و شوێنکەوتوانی ئەو ئاینە بۆ هەر دوو بەشی مەزهەبی ئاینی مەسیحی لە ئەوروپا دابەش بوون . (٣)

بە درێژای سەدەکانی ناوەڕاست دەرەبەگایەتی وەک سیستەمێکی ئابوری — سیاسی پشت بەستوو بوو بە دام و دەزگای ئاینی و ئەم دەزگایە شەرعیەتی دەدا بە هەموو ئەو رێسا و یاسایانە کە دەرەبەگایەتی بەرهەمی هێنا بوون و ئەمەیش وای لە بیرمەندان کرد کە بیرێک لە سیستەمی سیاسی بکەنەوە و لەم رێگەیەوە فکری هۆمانیستی (مرۆڤگەرایی) ئەو سەردەمە پەردەی لەسەر روخساری دزێوەی کڵێسا هەڵماڵی و کردیە یەکێک لە ئامانجەکانی ، بیروڕای مرۆڤگەرای سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ تەواو پێچەوانەی بیروڕای ئاینی بوو هەر ئەمەیش زەمینەی بۆ بزتنەوەی چاکسازی ئاینی خۆش کرد . (٤)

بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی reformation بزوتنەوەیەکی ئاینی بوو کە لە ئەوروپا سەری هەڵدا لە سەدەی ١٦ دا بۆ چاکسازی لە کەنیسە و کاروبارە خراپەکانی هەر چەندە لە سەدەکانی پێشوودا هەوڵ هەبووە لەم رووە بەڵام پاش دروست بوونی ئەم بزتنەوەیە کەنیسەی مەسیحی بە تەواوەتی دابەش بوو و وە کەنیسەی پرۆنستانت بە تەواوەتی سەر بەم بزوتنەوەیە بوو بە تایبەت لە ئەڵمانیا ، گەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە چەند هەوڵێک دەبینرێت بۆ چاکسازی وە یەکەمین هەوڵ دەگەڕێتەوە بۆساڵی

٣١٣ ز کـە قـەشـە قوسـتـەنتینـی گـەورە ** (٢٧٤ – ٣٣٧) ز پـاش مەرسومی میلان ئازادی بەم ئاینە دا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا و بوو بە هۆی ئەوەی کە بە باشی ئـەم ئاینـە بناسـرێت و هـەر دوو مـەزهـەبـی ئاریۆسـی و ئەسناسیۆسی رێک خست . (٥)

بێگومـان شۆڕشـی چاکسازی ئـاینی رووداوێکـی گرنگـە لـە مێـژووی نـوێی ئەوروپادا و ئەم شۆڕشە وەک ووتمان کوتـوپڕ سـەری هـەڵنـەدا و پێشینەی هەبوو بۆ رزگار بوون لە کۆت و بەنـدەکـانی کـەنیسە هـەر چـەنـدە کڵێـسای کاسۆلیسکی بەرهەڵستی دەکـرد بـەڵام نـەیتـوانی لـە ریشە دەریـان بکـات و پاش گۆڕنکاریەکان و دەرکەوتنی هەندێک بیرمەنـد توانیـان دژی کـەنیـسە و کەللە رەقیەکانی بوەستنەوە هەر چەندە کـەنیـسە ئـەمانـەی بـە بـێ بـاوەڕ و کافر دایە قەڵەم و تەنانەت بڕیاری مەرگیشی بەسەریاندا سەپاند بـەڵام ئـەم جوڵانەیەوەیە لە سەرەتای سەدەی شانزەیـەمـدا تـەقیـەوە کـە جموجـوڵێکی رامیـاری کۆمـەڵایـەتـی شۆڕشـگێڕانە بـوو وە بـەشـێکی فراوانـی ئـەوروپـای گرتەوە . (٦)

بە درێژای سەدەی ١٦ و ١٧ مەسیحیەکان بـە نـاوی خـواوە دژی یـەکتـر لـە شەڕدا بوون و ئەم خـوێن رشـتنە لـە ئـەنجامـدا دەسـڵاتی ئـاینی مـەزهـەبـی کاسۆلیکی کەم کردەوە بەڵام زۆبـەری مـەسـیحیەکـان لـە هـەر دوو مـەزهـەب نیگەران بوون ، چەندین پرسیار لەو دەمەدا سەری دەرهێنا وەک کـام رێبـەر و بانگەشەکار باوەڕی راستەقینەی لایە ، راڤەی کام لەوانە بۆ کتێبـی پیـرۆز دروست و راستە ئوم پرسیارانە کە لە لایەن بیرمەندان و تـەنانـەت خـەڵکی رەش و روتەوە دەکرا پێویستی بە وەڵامی جدی و کۆتا هەبوو . (٧)

هەندێکی تر بەم بزوتنەوەیە دەڵێن چاکسازی پرۆتستانتی کە بزوتنەوەیەکـی چاکسازی بوو لە سەدەی ١٦ دا کـە ئامـانجی چاکسازی بـوو لـە کـەنیـسەی کاسـۆلیکی لـە ئـەوروپـای رۆژئـاوا بڵاوبویـەوە لـە نێـو چینێکـی فراوانـی مـەسـیحیەکـان کـە بێـزار بوبـون لـە کـەنیـسە و پیـاوانی ئـاینی بـە تایبـەت

فرۆشتنی كارتی لێخۆشبون (صكوك الغفران) كە ئەم كڕین و فرۆشتنەیش بۆ خزمەتی پیاوانی ئاینی و پاپاكان بوو . (٨)

٣ – هۆكارەكانی بەرپابونی بزووتنەوەی چاكسازی ئاینی :

بزوتنەوە چاكسازی ئاینی بەگەڵیك قوناغدا تێپەڕ بووە و هۆكار گەلێكی زۆر لە پشتی هەڵیرسانیەوە بووە لەوانە هۆكاری ئاینی و سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری كە هۆكاری ئاینی لە هەمویان زیاتر كاریگەر تر بووە ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چاكسازی ئاینی بە گشتی بۆ ساڵی ١٥١٧ ز دەگەڕێتەوە كاتێك كە مارتن لۆسەر بەبەیاننامەكەی خۆی بە ٩٥ بەند لە كڵێسای شاری ویتێنبرگ لە ئەڵمانیا دارِشت ئەمە داینەمۆی سەرەكی پشت ئەو بزوتنەوەیە بوو (٩) ، **دەكرێت لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆكارێكی پشت ریفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا بدەین :**

١ – خراپی كەنیسەی كاسۆلیكی و پیاوەكانی پاڵنەرێكی بنەڕەتی بوون بۆ تەقینەوەی شۆڕشی چاكسازی ئاینی ، وەك زانراوە كە كەنیسە دەستی بەسەر ئەقڵ و هۆشی خەڵكی بە تایبەت داهێنەر و زاناكاندا گرتبوو وە هەندێك لەو كەسانەی لە (دادگاكانی پشكنین) *** دا بڕیاری مەرگ بەسەریاندا درابوو ، ژمارەیەك لە پیاوانی كڵێسا دوور لە ژیانی ئاینی دەژیان و بە لای دەربەگایەتیدا لایان دابوو وە هەندێكی تر بە سكەكانی لێخۆش(×كوك غفران) بوونەوە بازرگانیان دەكرد و هەندێكی تریان دەستیان بەسەر ژمارەیەكی زۆر لە زەوی و زاردا گرتبوو وە ئەمان نەیاندەهێشت كەس كتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە بە بێ سەرپەرشتیارێك بەم شێوە دەستیان بەسەر بیر و ئەقڵی خەڵكیدا گرتبوو . (١٠)

٢ – سەرهەڵدانی ژمارەیەك لە هەڵسوڕێنەری چاكسازی و بانگێشتی راست گۆیانەیان بۆ چاكسازی لە بارودۆخی كەنیسە و پاپاكان و گەڕانەوە بۆ بنەما

پوختەکانی مەسیحیەت و دورکەوتنەوە لە چێژە دونیاکان کە دیار ترینی ئەوانەیش بریتی بوو لە (جۆن ویکلیفی ئنگلیزی و جۆن هوسی ئیتالی) . (١١)

٣ – سەر هەڵدانی بزتنەوەی ڕێنیسانسی زانستی و روشنبیری لە کۆتای سەدەی ١٤ و سەرەتای سەدەی ١٥ دا لە ئیتالیا ئەمەیش وای کرد لێکۆڵینەوە زیاتر بە زمانی لۆکاڵی بکرێت نەک لاتینی و ئەمەیش بوو بە هۆی تێگەیشتنی خەڵکی سادە لە نوسینەکان و ئەمەیش بوو بە هۆی گفتوگۆی نێوان پیاوانی ئاینی و داناکان و تێگەیشتنی زیاتر لە ئاین

٤– دەرکەوتنی چاپ و پیتی چاپ لە ناوەڕاستی سەدەی ١٥ دا ئەمەیش بوو بە هۆی لە چاپدانی چەندەها کتێب بە زمانی لۆکاڵی بە تایبەت کتێبی پیرۆز پاش ئەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی تر .

٥– دەرکەوتنی مەیلی نەتەوایەتی هۆکارێک بوو بۆ بەرەو پێشەوە چونی ئەم بزوتنەوەیە ، پاشا و شازادە لۆکاڵیەکان هەوڵیان دەدا دەسڵاتی خۆیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی دارایی و چەکداری تایبەت بە خۆیان هەبێت تەنانەت مارتن لۆسەر نەیتوانی ئەم مەیلەی خۆی بشارێتەوە کاتێک ڕۆمای بەوە تۆمەتبار کرد کە سەروەت و سامانی ئەڵمانیا بە تالان دەبات .

٦– خراپی بارودۆخی جوتیارەکان لە کار کردنی زۆر لە زەویەکانیاندا بۆ ئەوەی داواکاری خاوەن زەوی و دەرەبەگەکان جێ بە جێ بکەن و هەموو ئەو جوتیارانە دەرفەتیان دەبینی لە چاکسازی ئاینی بۆ رزگار بوون لەو دۆخەدا . (١٢)

٧ – لابردن و زیاد کردنی چەندین دەقی ئاینی بۆ ئنجیل لە لایەن قەشە و ئوسقوف و پاپاکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، بڵاوبونەوەی بەد رەوشتی و داوێن پیسی پیاوانی کەنیسە لەگەڵ ئافرەتە رەبەنەکان و خەڵکی تردا .

٨- دەست خستنە ناو کاروباری خێزان و کۆمەڵگە و دەزگا دەوڵەتیەکان لە لایەن پاپا و پیاوانی کەنیسەوە و شەڕی بەردەوامی نێوان خێزان و کۆمەڵ و دەزگانی دەوڵەت کە بە پلانی کەنیسە دروست بوو بوو .
٩ - بڕیار دانی نادروست و دەرکردنی فرمانی ئاینی لە لایەن پاپا و گەورە قەشەکانی مەسیحی بۆ مەرامی تایبەت و هەڵویستی سیاسی و دەسکەوتی ئابوری تایبەت بە خۆیان . (١٣)
١٠ - شکستی جەنگی خاچپەرستەکان لە هەشت هەڵمەتی شەڕی دوو سەد ساڵەدا کە بیروباوەڕی حەڵکی سەبارەت بە کڵێسا لاواز و سست کرد ئەمە سەرەڕای درۆی پاپاکان لە سەرکەوتنی بەسەر مۆسڵمانانی دژمنیاندا ، ئاشنابونی خاچپەرستەکان بە ئاینی ئیسلام و رۆژهەلات و نەبونی قەیرانی ئابوری و توندی ئاینی و ئاشنابون بە تایبەت نەرم و نیانی لە ئاینی ئیسلامدا ئەمەیش وای کرد کە بیرمەندان و کەسایەتیەکان بیر لە بیروباوەڕی کڵێسا بکەنەوە و پێداچونەوەی تێدا بکەن و پشت لە کڵێسا بکەن . (١٤)
١١ - هارۆڵد جەی گێمی مێژوونوس دەڵێت لەسەر دەمی چاکسازیدا دەریاوانە ئەوروپیەکان بە گەشتەکانیان بە دەوری زەویدا سوڕانەوە و گەشتیان کرد بۆ هند و رۆژهەلاتی دوور و کیشوەری ئەفەریقا ، دوو کیشوەری گەورەی ئەمەریکای باکور و باشوریان دۆزیەوە و گەشتیان کرد و رێگەی نوێی بازرگانیان دۆزیەوە و ئەشنای جیهانی نوێ تر بوون ، هەموو ئەمانە وای کرد کە خەڵکی جارێکی تر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کڵێسا و خوادا هەڵسەنگێننەوە هەروەها زیاد بوونی داواکاری بۆ بازرگانی کەل و پەلی بیانی ئەمەیش بوو بە هۆی پێک هێنانی چینی نوێی بازرگانی . (١٥)
١٢ - گۆڕانکاری خێرا لە هەندێک نەریت و رەسمی کۆن تایبەت بە ئاین کە ئەمەیش وای کرد کە چاکەخوازەکان لیی دور بکەونەوە و دەستی لێ

هەڵبگرن ، هێزی توند و یەقین بۆ خوێندنەوەی ئنجیل و باوەڕ بەوە هێنرا کە هێزی ئاینی یەکە یەکە توانای رزگار کردنی مرۆڤی هەیە نەوەکو کەسێک یان بزوتنەوەیەک .

١٤ – زیاد کردنی چەند کۆت و بەندێکی ئاینی لە لایەن زانایانی لاهوتی وای کرد بوو کە پیناسەی زیاتر بۆ دقەکان بکرێت و بێ سنوری بێت ، هاوکات بڵابونەوەی بیری کۆن وای کرد لە ئیتالیادا تەشەنە بکات و پیی وابوو کە پاپاکان جگە لە پارە هیچ مەبەستێکی تریان نیە و بە سوک سەیری ئەڵمانیەکان دەکەن . (١٦)

٤ – دەر ئەنجامەکانی چاکسازی ئاینی :

پرۆفیسۆر (پاتریک کۆڵینسۆن) کە مامۆستای زانکۆیە لە کامبردج لە بەریتانیا پێی وایە ئەو ریفۆرمە ئاینیەی لە سەدەی ١٦ رویدا چرکە ساتێکی گرنگە بۆ هەموو ئەوروپا چونکە ئەم ریفۆرمە بوو توانی ناسنامەی ئەوروپای مۆدێرن دیاری بکات کاتێک کۆتای بە دەسڵاتی کاسۆلیکی هێنا . (١٧)

لێرەدا دەکرێت بە چەند خاڵێک دەر ئەنجامەکانی (دەسکەوتەکان) بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی رون بکەینەوە :

١ - بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی لە رووی فکری و کرداریەوە پشتی پاشایان گرت و دژی پاپا بوون واتا دەسڵاتیان لە دەسڵاتی روکەشی کڵێسا دەر هێنا و کردیانە دەسڵاتێکی یەزدانی ، ئەم بزوتنەوەیە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئازادی تاکە کەس و هێنانە کایەی حوکمی دیموکراسی .

٢ – پاش سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە لە ژمارەیە وڵاتی ئەوروپی بەڵام لە ژمارەیەک وڵات پشێوی و نا ئارامی بە دوای خۆیدا هێنا ئەمەیش بوو بە هۆی کوشتنی ژمارەیەک خەڵکی و هەر ئەمەیش وای کرد کە بیر لە پێکەوە ژیانی ئاینی بکرێتەوە لە سایەی یەک دەسڵات و لە چوار چێوەی یەک دەوڵەتدا . (١٨)

٣ – دەر کەوتنی چەندین کەسایەتی ریفۆرم خواز لەوانە (مارتن لۆسەر ، جان کالڤن و جان هوس ...) کە کاریگەری زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی مەسیحی هەبوو ، ئەمانە بڕوایان وا بوو کە ٍدەبێت کەنیسە رزگار بکرێت لەو کەندەڵیەی کە تێی کەوتووە .

٤ – زۆرێک لە چاکە خوازەکان لە ئاینی مەسیحی کە پێشتر کاسۆلیکی بوون بوون بە پرۆتستانت و بە مەیش لە ئاینی مەسیحیدا دوو مەزهەب دروست بوو ، لە ساڵی ١٥٢٩ ز لە ئەڵمانیا لە نێوان حوکمڕانگەلێک کە پیشتیوانیان لە ئیمبراتۆریەتی پیرۆزی رۆما و کەنیسەی کاسۆلیک دەکرد و ئەوانەی کە پشتیوانی چاکسازی بوون دابەش بوون کە پرۆتستانت (ناڕازی) بون کە دژی کەنیسەی کاسۆلیک وەستانەوە . (١٩)

٥ – پاش کۆتای هاتنی دەسلآتی کڵێسا دەرگا ئاوالآ بوو لە بەردەم دروست بوونی نەتەوەی نوێ لە ئەڵمانیا و ئنگلتەرا و فەرەنسا ... کە پێشتر هەموو میللەتانی ئەوروپا سەر بە جیهانی مەسیحی بوون .

٦ – دروست بونی هەستی نەتەوایەتی لە لای میللەتان بۆ نمونە پاش بزوتنەوەی چاکسازی ئەڵمانەکان پێش ئەوەی هەست بکەن مەسیحین هەستیان دەکرد ئەڵمانین کە ئەم هەستەیش لە لایەن (مارتن لۆسەر) ەوە لە لایان دروست کرا .

٦ – کتێبی پیرۆز لە لایەن مارتن لۆسەرەوە بۆ زمانی لۆکاڵی بە تایبەت ئەڵمانی وەرگێڕدرا کە پێشتر تەنها بە زمانی لاتینی دەخوێنرایەوە و ئەو زمانانە بە بازاڕی سەیر دەکران و بەمەیش لۆسەر توانی هەستی ناسۆنالیزمی ئەڵمانی بنیاد بنێت .

٧ – بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی یاسایەکی تۆکمەی کڵێسای تێک شکاند ئەویش رەهبانیەتی پیاوی ئاینی بوو ، پاش ئەوەی مارتن لۆسەر ژنێکی قەشەنگی خواست توانی ئەوە بڵێت کە خوا نەیوتوە ناتوانن تا کۆتای ژیان

ژن نەهێنن ،بەم جۆرە ژن هێنان لە مەزهەبی پرۆتستانتدا بوو بە شەرعی هەر چەندە تا ئێستایش لە کاسۆلیکیدا قەدەغەیە . (٢٠)

٨ — لە رووی ئابوریەوە ئەم بزوتنەوەیە بەرەو پێشەوە چوو ئەویش کە لە کاتێکدا کلێسای کاسۆلیکی سود (الربا) ی حەرام کردووە بەڵام بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی شەرعیەتی پێ دا بەمەیش بازرگانی گەشەی کرد و چینی ناوەڕاست توانی خۆی بسەلمێنێت و بازاڕی یەکگرتوو پەیدا بێت وە کاری پیشەی پەرەی سەند ، پێشتر ئابوری دەرەبەگایەتی پەیڕەو دەکرا بەڵام لە جێگەی ئەو سیستەمی دراو داهێنرا . (٢١)

٩ — بەر پابوونی جەنگێکی خوێناوی دوو سەد ساڵە لە نێوان هەر دوو مەزهەبدا کە سەدان هەزار کەسی کردە قوربانی ، ئەم جەنگە لە نێوان سالأنی ١٥٦٢ — ١٥٩٨ ز لە فەرەنسا تاوی سەند و گەیشتە ئەوپەڕی بە تایبەت لە قەسابخانەکەی (سانت بارتیلمی) کە لە سێ رۆژدا پێنج هەزار کەسی تێدا کوژرا و ژمارەیەک لە خەڵکی وولأتیان بەجێ هێشت ، ئەمەیش وای کرد کە دەمارگیری توندی لە هەردوو لا دژی یەکتر هەبێت و هەر لەو دەمەدا بڕیاری قەدەغە کردنی چەندین کتێبی نوسەران وەک لۆسەر و ئیراسمۆس درا و سوتێنران . (٢٢)

١٠ — لە سەدەی ١٦ دا ژنان زیاتر پەیوەست بوون بە پێگەی کۆمەڵایەتەیەوە و هەر چەندە لۆسەر خێزانی پێک هێنا بەڵام بڕوای وا بوو کە ژنان ناتوانن کاری قەشەی بکەن بەڵام ژنان لەم شۆڕشەدا رۆڵی گرنگیان گێڕا بە تایبەت ژنێکی وەک (مارگرێت دۆ ئانگۆل) کە خوشکی پاپا فرانسۆی یەکەم پرۆتستانت بوو نوسینکەکانی کاریگەری زۆریان هەبوو بەڵام پاشتر ژنان توشی توندوتیژی بون و ئەم بزوتنەوەیە بە جدی نەیتوانی ژن کارا بکات بە تایبەت بۆ رێورەسمە ئاینیەکان .

١١ — بوارەکانی کلتور و زانست لە سەردەمی چاکسازیدا پێشکەوت و قوتابخانەکان شوێنی فێرکاری قەشەکانیان گرتەوە و زۆربەی قوتابخانەکان

کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکانی مەدەنی ، زانستیش پێشکەوت بە تایبەت کاتێک کە کۆپەرنیک سەلماندی زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە ، هاوکات هونەر و مۆسیقا پاش بوونی بۆچونی زۆر تا رادەیەک گەشەیان کرد بە تایبەت کاتێک کە لۆسەر و هاوڕێکانی لە ١٥٢٤ ز یەکەمین سرودی مەهەبی پرۆتستانتیان بەرهەم هێنا . (٢٣)

١٢ – ئەزمونەکانی شەڕی ئاینی پێویستی بوونی دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێی بە ناوی عەلمانیەت هێنایە ئارا تا بوار بە پیاوانی ئاینی نەدرێت شەڕی ناوخۆ و ململانیەی ئاینی بهێننە ئاراوە و بۆ ئەمەیش سامانی وڵات بە فیڕۆ بدەن .

١٣ – یارمەتی دەرخستنی تواناکانی دا بواریان بۆ رەخسا بۆ ئەوەی بە ویست و ئارەزووی خۆیان بیر بکەنەوە و کار بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵکەگەیان بکەن و بەرەو پێشی ببەن . (٢٤)

ژمارەیەک کەسایەتی کاریگەری چاکسازی ئاینی

لە مێژووی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی لە سەدەی ١٦ دا ژمارەیەک کەسایەتی ناوی دێت کە رۆڵ و نەخشی تایبەتیان هەبووە لێرەدا بە کورت و پوختی تیشک دەخەینە سەر ژیان و کاریگەری ژمارەیەکیان ، دوو کەس لە چاکەخوازەکانی بەر لە سەردەمی چاکسازی هەن کە پێویستە ئاماژەیان پێ بدرێت کە یەک لەوانە کەسێکی بەریتانیە بە ناوی (جان ویکلیف) کە مامۆستای ئۆکسفۆرد بووە ئەو بڕوای وا بوو کە سەردەمی رسوای پاپاکان بەسەر چووە و هەر کاتێک ئەوان گەڕانەوە بۆ پەیڕەوی مەسیح پێویستە خەڵکی گوێیان لێ بگرن ، ئەو بڕوای وا بوو کە پێویستە کەنیسە رزگار بکرێت لە دارایی و دەسڵاتی خۆی ، ئەو بڕوای وا بوو کە پێویستە ئنجیل وەربگێردرێتە سەر زمانی تر هەروەها لە کاتی مەراسیمی (عشا ربانی) کە

قەشەکان نان و شەراب بۆ لاشە و خوێنی مەسیح دەگۆڕێت و ئەو بڕوای وا بوو ئەمە وانیە و بۆچونەکانی ئەو پاش ١٥٠ ساڵ لە بزوتنەوەی چاکسازیدا رۆڵیان هەبوو . (٢٥)

جان ویکلیف یەکەم کەس بوو کە دژایەتی دەزگای خاچپەرستی کرد و خوازیار بوو کە موڵک و دارایی کڵێسە لە نێوان هەژاراندا دابەش بکرێت ، لە ساڵی ١٣٧٧ ز نەیارانی ویکلیف داوایان لە پاپا کرد کە فەرمانی دەست گیر کردنی بدەن بەڵام پاش مردنی پاپا گریگۆری یازدەیەم ئەو کارە دواکەوت و پاشان خۆی و نەیارەکانی کەوتنە بەر هەڕەشە و مەترسی و تەنانەت هەندێکیان سوتاندن و پاش کۆچی جان ویکلیف لە ساڵی ١٣٨٤ کۆچی دوای کرد و یەک لە شوێن کەوتوانی درێژەی بە رێبازەکەی دا ئەویش (جان هوس) بوو . (٢٦)

جان هوس (١٣٧٠ – ١٤١٥) ز دووەمین گەورە نوێنەری ریفۆرم کە لە سەرەتای سەدەی ١٥ ەوە لە زانکۆی پراگ لە چیک پەروەردەی رێبازی ویکلیف کەوتە رەخنە گرتن لە گەندەڵی کڵێسا و چەکەکانی لێ خۆشبون ، ئەم زانایە تەنها خەباتکاری ئاینی نەبوو بەڵکو دژایەتی دەسڵاتی ئەڵمانیای کردووە کە وولاتەکەی داگیر کردووە کە دوژمنی وڵاتەکەی بووە و ئەو بەرامبەر قەشە تاوانکارەکان دەیوت " پاپایەک لە پلە و پایەی خۆیدا توشی کردار و رەفتاری خراپ ببێت ئەوا نوێنەری شەیتانە " ، جان هوس لە ساڵی ١٤١٤ ز لە لایەن کەنیسەوە بانگێشت کرا تا لە گوناهەکانی پاشگەز بێتەوە پاش ئەوەی بەڵێنی پێ درا نەسوتێنرێت بەڵام لە ٦ ی یۆلیۆی ١٤١٥ وەک بێ باوەڕ لە ئاگردا سوتێنرا .(٢٧)

جگە لەو کەسایەتیە بەرایانە ناوی چەند کەسایەتیەکی تر لە چاکسازی ئاینیدا دێت لەوانە (ئۆدولف ئەکریکۆلای ئەڵمانی ، ئەرزمی هۆڵەندی) وەک چاکەسازی ئاینی مەسیحی و کەنیسەی کاسۆلیکی دەرکەوتن بەڵام وەک پێویست هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو تا ئەو کاتەی ژمارەیەک

چاکسازی ئاینی لە سەدەی ١٦ دا دەرکەوتن کە رۆڵی گەورە و کاریگەریان لەم بوارەدا بینی . (٢٨)

مارتن لۆسەر (١٤٨٣ – ١٥٤٦) ز

مارتن لۆسەر Martin luther روناکبیر و چاکسازی ئاینی و خاوەن بیری بلیمەتی ئەڵمانی کە قەشەیەکی دەست پاک و رەوشت بەرز و دلێر و خۆشەویست بوو ، هاوکات توندڕەو بوو بە تایبەت نمونەی رەوشتی ووشکی جوتیارانی ئەو وولاتە رەنگی دابووە لەسەری ، ئەم زانایە لە سەکسۆنیای ئەڵمانیا لە دایک بووە و پاشان توانی لە زانکۆی ئەرفورت قانون بخوێنێت . (٢٩)

لۆسەر لە ساڵی ١٥٠٤ دکتۆری لە ئاداب لە هەمان زانکۆ بە دەست هێنا و بۆ ماوەیەک خۆی بە ووتنەوەی زانست و رەوشت و زانستە سروشتیەکانەوە خەریک کرد ، پاش ئەوەی حەزی بە خوێندنی زانستی لاهوتی (زانستە ئاینیەکانی مەسیحی) کرد روو لە یەکێک لە دێرەکان کرد و لە ساڵی ١٥٠٧ لوسەر بوو بە قەشەیەکی سەرکەوتوو لە کاتێکدا ئەمە دژی خواستی باوکی بوو کە حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێتە پارێزەر ، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٥١٠ ز سەردانی رومای کرد بە چاوی خۆی گەندەڵیەکانی کڵێسای کاسۆلیکی بینی بە تایبەت فرۆشتنی سەکەکانی لێخوشبوون (×صکوک الغفران) و پاش گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا رەخنەی توندی ئاراستەی ئەم کارە کرد و ئەمەیشی لە لە شێوەی (٩٥) بەندا بە دەرگای کڵێسای وێتێنبرگدا لە ساڵی ١٥١٧ ز دا هەڵواسی و ئەم رەفتارانەی رسوا کرد . (٣٠)

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم پیاوە پێش ئەم هەڵوێستەی بوو بە تایبەت ئەو کاتەی کە وەک پاڵەوانێکی میللی دەرکەوت کە نارەزای خۆی لە کۆکردنەوەی کڵێسای ئەڵمانی بۆ باج و سەروەت و سامانی ئەو وولاتە ئەوانە کردنی بۆ روما و پاپای بەوە تۆمەتبار کرد کە ئاین بۆ مەبەستی شەخستی بەکار دێنێت و ئەمەیش وای کرد کە گەلی ئەڵمانی لە خەوی قوڵ

راپەڕێنێت و هەست بە شوناسی خۆیان بکەن و بەم شێوە ئەو پارە و سامانەی کە پێشتر بۆ جێگەیەکی تر دەچوو ئیتر لە خزمەتی ئەڵمانەکان خۆیاندا بەکار دەهات و مارتن لۆسەر سەبارەت بە کارەتەکانی لێخۆشبون ئەوەیشی ووت کە " ئەو لێبوردنەی پاپا دەری دەکات ناتوانێت هیچ گوناهێک بسڕێتەوە " . (٣١)
لێرە بە دواوە لۆسەر بزاڤە چاکسازیەکی بنیاد نا و دەستی کرد بە رەخنە گرتن لە کڵێسا و لەماوەیەکی کەمدا شوێنکەوتوی زۆر بوو لە ئەڵمانیادا ، هەر لەو دەمەدا لۆسەر رونی کردەوە ئەو فەرمانە یەزدانیانەی کە لە ئنجیلدا هاتون زۆر جودان لەوانەی کە کڵێسا پەیڕەویان دەکات و ئەوانەی ئەوان هەڵبەستراوی مرۆڤن ئەمەیش وای کرد کە ئیمراتۆر کارلی پێنجەم هەڵویستی لەمەر لۆسەر و بزاڤەکەی هەڵگرت بەڵام ئەم بزوتنەوەیە هەر بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی خۆی .
ئەم بزوتنەوەیە کە گەشەی کرد زۆربەی ئەڵمانیای گرتەوە و ئەمەیش وای کرد کە کەنیسەی کاسۆلیکی هەندێک چاکسازی بکات و سەرئەنجام کڵێسا بۆ هەر دوو بەشی کاسۆلیکی (پاپا) و پرۆتستانتی (ئنجیلی = ریفۆرم) دابەش بوون ، لە ساڵی ١٥٢١ ز لۆسەر لە لایەن ئیمبراتۆرەوە دەست بەسەر کرا بەڵام پاشتر توانرا ئازاد بکرێت و هەڵبێت بۆ قەڵایەک لە ناوچەیەکی دوور و لەوێ ئینجیلی بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەر گێڕا ، ئەم زمانەی کە ئەم ئینجیلی پێ وەرگێڕدرا زمانی سادەی خەڵک بوو دواتر بوو بە زمانی شاعیران و ئەدیبان و زمانی یەکگرتووی ئەڵمانی . (٣٢)
مارتن لۆسەر بلیمەت و کەسایەتی ئاینی و ریفۆرمخوازی ئەڵمانی کە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە جێگەی پرسیار و بۆچونی جودایە و هەندێک جار چەند رەخنەیەکی لێ دەگیرێت بە تایبەتی کە نەیوتوانی پشتیوانی شۆڕشی جوتیاران بکات و بۆچونەکانی

سەبارەت بە ژنان کە ناتوانن ببن بە قەشە و بەرپابوونی شەڕی ئاینی کە زۆربەی ئەوروپای گرتەوە و بوو بە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ... (٣٣)

ئەم بزوتنەوەیە لە ئەڵمانیادا خەڵکی کردە دوو بەشەوە بەشێکی لەگەڵی بوون وە بەشێکی دژی بوون ئەمەیش بوو بە هۆی شەڕێکی خوێناوی سی ساڵە بەرپا بوو کە زۆربەی ئەڵمانیا و ئەوروپای گرتەوە و ئەو شەڕە لە ساڵی ١٥٤٦ کۆتای هات ٢ .

دەتوانین بۆچونەکانی مارتن لۆسەر بۆ چەند خاڵێک کورت بکەینەوە لەوانە (دورکەوتنەوەی پیاوانی ئاینی لە دەسەلاتی مەدەنی ، رێگەدان بە هاوسەرگیری پیاوانی ئاینی ئەویش پاش ئەوەی کە خۆی لەگەڵ یەکێک لە خزمەتکارانی کەنیسە زەواجی کرد ، تەنها پاپاکان نەتوانن ئنجیل تەفسیر بکەن واتا هەموو کەس ئەو مافەی هەبێت ...) . (٣٤)

هەندێک لە نوسراوی (٩٥ بەندی) مارتن لۆسەر کە بریتین لە (کاتێک کە خوا و عیسای مەسیحی مامۆستامان ووتی " تۆبە بکەن " بەو هیوایە بوو کە تۆبە بە درێژای ژیانی باوەڕداران فەرمانڕەوا بێت ، پاپا نە حەزی هەیە و نە لە توانایشیدایە کە لە هیچ سزایەک خۆش ببێت بێجگە لەوەی کە لە ژێر دەسلاتی ئەو یا شەرعدا دانراون ، کەسانێک کە پیان وایە بە هۆی هەبوونی پسولەی لێبوردنەوە بە دڵنیای دەگەن بە رزگاری هاوڕێ لەگەڵ مامۆستاکانیان توشی لەعنەتی هەتا هەتای دەبن ...) . (٣٥)

جان کاڵڤن (١٥٠٩ – ١٥٦٤) ز

یەکێکە لە کەسایەتیە ریفۆرمخوارە گەورەکانی ئەوروپا لە فەرەنسا لە دایک بووە و لە شارێک گەورە دەبێت کە ئاین و پیاوانی کەنیسە تێیدا باڵا دەست بوون و بە هۆی ئەوەی کە باوکی پیاوێکی ئاینی بوو هەر زوو توانی خوێندن تەواو بکات ، کالڤن پاش ئەوەی دەچێت بۆ پاریس بۆ خوێندن بە بیروباوەڕی کەسە ریفۆرمەکانی وەک (رابیلە ، ئیراسمۆس) کە بەردەوام

رەخنەیان لە کەنیسە و خوێندنگەکان دەگرت ئاشنا بـوو لـەگـەڵ بیروڕاکـانی (مارتن لۆسەر) و زۆر پێی گاریگەر بوو ، ئـەو ریفۆرمخـوازە پـاش ئـەوەی بەشی حقوق لە زانکۆ تـەواو دەکـات و پـاش کۆچی دوای بـاوکی تـوانی بـە ئازادانە بیر بکاتەوە و روو بکاتە خوێندنی ئاینی و توانی پاش شـارەزابـوون لە بیروباوەڕی کڵێسا و گەندەڵیەکانی رزگاری بێت .

پاش نوسینی وتارێکی نوسی و تێیدا ئیدانەی کـەنیـسەی کـرد ئیتـر بڕیـاری دەستگیر کردنی درا و ئەمەیش بـوو بـە هـۆی هـەڵهـاتنی و پـاش ئـەمـەیـش یەکەم کتێبی خۆی نوسی بە ناوی (بنەماکانی ئاینی مەسیحی) نوسی کـە خوێندنەوەیەکی تازە بوو بۆ ئەو ئاینـە و چاکسازی زۆری تێـدا بـوو ، پـاش بڵاو بوونـەوەی بیـرو راکـانی و زۆر بـوونی لایـەنگرانـی پاشـای فـەرەنـسا لـە دادگاکانی پشکنیندا ژمارەیەکی لێ دادگای کردن و پاش هەڵهاتنی کاڵڤن بۆ سویسرا ئەو جێگەیە بوو بە وێستگەیەکی تری چاکسازی ئاینی . (٣٦)

ئەم زانایە بە تەواوەتی بڕوای بە یەکسانی قەشە و خەڵکی لای خـوا هـەبـوو و ئەو پێی وا بوو کە هەموو کەس مافی تەفسیر کردنی ئیجیلی هەیە و ئـەو دژی تێکەڵبوونی دەسـەڵاتی کڵێـسا و دەوڵـەت بـوو ، بیـروڕاکانی لـە رووی سیاسیەوە بەرەو سیتەمی ئۆرۆسـتۆکراتیەت چـوو واتـا دەسـەڵات بـە دەسـتی خەڵکی بێت و ئەو پێی وا بوو کە خەڵکی دەبێت گوێ رایەڵ بن . (٣٧)

کاڵڤن سیستەمێکی باشی دانا هەم بۆ پیاوانی ئاینی هەم بۆ سیاسـیەکـان و ئەوە سـزای ئـەوانـەی دەدا کـە لـە نـوێژ دوا دەکـەوتـن و وە داوێـن پیـسیان دەکرد و بە خراپە هەڵدەسان هە موو ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ جەنگـەکـانی هیکۆنۆت بەمەیش زیاتر بڕوکانی گەشەیان کرد و بڵاو بونەوە ، پاش ئـەوەی ئەم زانایە لە ساڵی ١٥٦٤ ز مرد . (٣٨)

بیروڕاکانی کالڤن یان کاڵڤینیزم کە بە بۆچونی ئەو لە کەنیسەدا چوار گـروپ هەبون (قەشەکان ، مامۆستاکان ، ریشسپیەکان و خزمەتکارانی کەنیسە) کـە هـەر یـەکـە کـاری تایبـەتـی خـۆی هـەبـوو ئـەم کـارەیـش بـوو بـە هـۆی

ڕێکخستنی کەنیسە و بۆچونەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا زیاتر گەشـەی کـرد بەڵام پاش بزوتنەوەی یەسوعیەکان چونەوە سەر بوچونەکانی مـارتن لۆسـەر و کالڤینیزم زیاتر لە سکوتلاندە و ئەمەریکای باکور گەشەی کرد ...(٣٩)

گەشەسەندنی چاکسازی ئاینی

پاش بەرپابوونی ئەم بزوتنەوەیە روبەروی چـەنـدین هـەڵکـشان و داکـشان و ڕێگری و بەرپایوونی جەنگ بویەوە ، سەد ساڵ پاش مردنی لۆسـەر جـەنـگ لە نێوان هەر دوو مەزهەبەکەدا لە ئارادا بوو لە هـەمـوو ئـەوروپـادا جگـە لـە ئسپانیا و ئیتالیا نەبێت و هاوکات چەنـدین جوڵانـەوەی تونـد لـە ئنگلتـەرا و سویسرا و فەرەنسا و هۆڵندا رویدا کـە کاریگـەری زۆری لـە دوای خـۆی لـەو شوێنانە جـێ هێـشت ، لـە سویـسرا قـەشـەیـەک بـە نـاوی (زۆنقلـی) دژی کەنیسە راپەڕی و لە ساڵی ١٥٣١ ز جەنگ لە نێوان هەر دوو مەزهەبدا بەرپا بوو وە قەشەی سویسری کوژرا و پاش ئەم کالڤن هات کـە کاریگـەری زۆری لە ئەمەریکا و سویسرا و ئینگلتەرا هەبوو .

مێـژووی فـەرەنـسا لـە نـاوەڕاسـتی سـەدەی ١٦ دا بـوو جێگـەی ململانیـەی کاسۆلیکی و پرۆتستانتی و چەندین شەڕی گەورە و خوێناوی بەرپا بوو ، لە فـەرەنـسا گـەورە (دۆق کیـری) کاسـۆلیکی ژمـارەیـەکـی زۆری هیکۆنـۆتی کوشت کە ئەم کوشتارگایەی بە جەنگی هیکۆنۆتی ناسـراوە کـە نزیکـەی ٣٠ ساڵی خایاند . (٤٠)

لە هۆڵەندایش رەخنەکان وەک فەرەنـسا بـە شـێوەی تونـدوتیژ دەرکـەوتـن و ئەم وڵاتەیش چوو پاڵ پرۆتستانت و بە گشتی وڵات دابەش بوو بەسەر هەر دوو مـەزهـەبـدا ، گـەورەتـرین سـەرکـەوتنـی پرۆتـستانت (کـاڵڤینیزم) لـە سـکوتلاند پاشـان لـە ئـەمـەریکـای بـاکور بـەدەسـت ، بـەم شـێوەیـە ئـەم بزوتنەوەیە پەرەی سەند و گەشەی کرد و لە هەناوی خۆیدا چەندین گروپـی

تری هەڵگرتبوو وەک (پیورتانەکان) کە یەکێکە لە گرنگرترین گروپە چاکەخوازە دژ بە ئەسقوفەکان کە ئەمان پرۆتستانگەلێکی بە رەگەز بەریتانی بوون کە دەیانویست کەنیسەی ئەو وڵاتە لە کاسۆلیکی پاک بکەنەوە و بەم جۆرە چەندین گروپی تر دروست بوون و ئەم بزوتنەوەیە بە تەواوەتی گەشەی کرد و لە جیهاندا بڵاو بوویەوە . (٤١)

پەراوێز و سەرچاوەكانی بەشی یەكەم

١ — د . مسعود جلال مقدم ، کاریگەری ئایین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان ، وەرگێڕانی سەعید بەشیر خەرپانەیی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٠، ل ٥ — ٧
٢ - د . مسعود جلال مقدم ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥ — ٢٨
٣ — ئەرنۆڵد تۆینبی ، مێژووی مرۆڤایەتی ، وەرگێڕانی دڵشاد مستەفا وەسانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٠ ، هەولێر ، ل ٤١٠
٤ — عەبدولعەزیز عەلائەدین کۆیی ،ژیان و رەوشتی پێغەمبەر (ص) ، چاپی دووەم ، ٢٠١٠ ، هەولێر , ل ١٤
٥ - د . مسعود جلال مقدم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٣
٦ — د . مستەفا غالیب ، فریدریش نیچە ، وەرگێڕانی سامان عەلی حەمید ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، سلێمانی ، ل ٦٨
٧ - د . مسعود جلال مقدم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٤
٨ — ویل دورانت ، مێژووی شارستانیەت ، وەرگێڕانی عەبدوڵلای رەسوڵی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ١٠٦ — ١٣٠
٩ — موزەفەر جەبار عەبدوڵلا ، سەرەتایەک دەربارەی ئایین ، گۆڤاری کۆچ ، ژمارە (١٥) پایزی ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ٥٠ و ٥٤ و ٦١ .
١٠ — جفري برون ، تاريخ اوربا الحديث ، ترجمة علي المزروقي ، الطبعة الاولي ، ٢٠٠٦ ، عمان ، ل ٥٥

١١ – د . عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين ، مێژووی ئەوروپا لە سەدەكانی ناوەڕاستدا ، وەرگێڕانی مستەفا سەعید عەلی ، چاپی یەكەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ٢٨
١٢ – م . سەلام عەبدولكەریم ، ئەوروپای سەدەكانی ناوەڕست ، محازەركانی مێژووی ئەوروپا لە بەشی مێژوو – قۆناغی یەك لە كۆلێژی پەروەردە لە زانكۆی گەرمیان، ، ساڵی خوێندنی ٢٠١٠ – ٢٠١١ ،كەلار
١٣ - د . عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١
١٤ - سەلام عەبدولكەریم ، سەرچاوەی پێشوو .
١٥ - عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣ – ٣٨
-١٦ جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٥٥ – ٦٥ .
-١٧ د . عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨ – ٤٠ .
١٨ - د . عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٥ – ٢٦٠ .
١٩ - د . كەمال مەزهەر ، ڕێنیسانس ، وەرگێڕانی فواد مەجید میسری ، چاپی سێیەم ، ٢٠٠٦ ، سلێمانی ، ل ٣٣
٢٠ - د . كەیوان ئازاد ئەنوەر ، ئەوروپا لەهەر دوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەریدا ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٨ ، سلێمانی ، ل ٣١
٢١ - هاشم ساڵح ، سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەوروپی ، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٩ ، سلێمانی ، ل ٥٨
٢٢ - جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٣
٢٣ - الدكتور مهدي محفوط ، اتجاهات الفكر السياسي في العصر الحديث ، الطبعة الاولي، ١٩٩٠، بيروت ، ص ٢٤.

٢٤ - هاشم ساڵح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨١

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم

١ – داریوش ئاشوری و دکتۆر بەهائەدین پازارگاد و رۆزبە ، فەرهەنگی نوێ ، وەرگێڕانی بورهان قانع ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٣ ، سلێمانی ، ل ٥٦

* مەزهەبی پرۆنستانت (هیگۆنت) یەکێکە لە مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحی و زۆرینەی شوێن کەوتوەکانی لە باکوری ئەوروپا و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو ئوسترالیادان ، لە سەدەی شانزە ئەم مەزهەبە لە مەزهەبی کاسۆلیکی جیابونەتەوە ، ووشەی پرۆنستانت بە مانای (نارەزای protest) دێت ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کۆمەڵێک نوسەر ، سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا ،وەرگێڕانی هەورامان وریا قانع ، چاپی دووەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ٥٩٠

٢ - کۆمەڵێک نوسەر ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٥٨

٣ – الدکتور مهدي محفوط ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٥٠

٤ – د . کەمال مەزهەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥

** قوستەنتین دوا بەدوای دیقلدیانوس کە تا ساڵی ٣٠٥ لەسەر کورسی دەسڵات مایەوە و پاش پیر بوون و نەخۆش کەوتنی دەسڵات کەوتە دەست ئەم پاشایە کە چەندین جەنگ لەو دەمەدا رویان دا کە توانی بەسەریاندا زاڵ بێت و توانی بۆ جاری دووەم لە ساڵی ٣١٣ ز ئیمبراتۆریەتی رومانی یەکبخاتەوە و چەندین چاکسازی لە بواری مەدەنی و سەربازی و خزمەتگوزاریدا ئەنجامدا و توانی لە ساڵی ٣٣٠ ز پایتەختی نوێی لە بیزەنتە دامەزراند ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٤٦

٥ - http://www.arab- ency.com /index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=١٢٢٢&m=١

٦ – مەحمود شاکر ، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان ، وەرگێڕانی مووسا محمد عبدالرحمن ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ٥٩٥

٧ – جان ام دان ، سەردەمی رۆشنگەری ، وەرگێڕانی جەهانگیری غەفاری ، چاپی دووەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی ، ل ١٩

٨- http://ar.wikipedia.org/wiki/%D٨%A٥%D٨%B٥%D٩%٨٤%D٨%A٧%D٨%AD_%D٨%A٨%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%AA%D٨%B٣%D٨%AA%D٨%A٧%D٩%٨٦%D٨%AA%D٩%٨A

٩– فەرامەرز کوشان ، روانینێک بۆ مێژووی ریفۆرمیزەیشن و رۆڵی مارتن لۆسەر ، وەرگێڕانی رایان عوسمان ، گۆڤاری ئایدیا والا ، ژمارە (٣٠) ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ ، ل ١٦٢

*** دادگاکانی پشکنین Inquisition لاپەڕەیەکی رەشە لە مێژووی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست کە ئەم مێژووە دەکرێت وەک تیرۆری ئاینی سەیر بکرێت ، ئەم دادگایە بریتی بوو لە دیوانێک یان دادگایەکی کاسۆلیکی کە ئەکی ئاشکراکردنی ئەو کەسانە بوو کە گوایە گومڕان و لە ئاینی مەسیحی لایان داوە ، لەساڵی ١٢٢٤ ز دا ئیمراتۆری مەسیحی یەکەم کەس بوو بیری لەوە کردەوە سزای سوتاندن و خستنە ناو ئاگر بۆ خەڵکی گومڕ دەر بەکات ، ئەم دادگایە بە بڕیاری پاپا (گریگۆری نۆیەم) دامەزرا و لە هەر دوو سەدەی ١٥ و ١٦ دا گەیشتە لوتکە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کۆمەڵێک نوسەر ، ١٧٨٩ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥١ .

١٠– محمود شاكر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٩٦
١١ – http://www.arab- ency.com /index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=١٢٢٢&m=١
١٢- كۆمەڵێك نوسەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦٨ – ٥٧٠ .
١٣ – د . كەیوان ئازاد ئەنوەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٦ – ٤٨ .
١٤– م . بارام دڵپاك ، ئەوروپای ڕێنیسانس ، محازەرەكانی مێژووی ئەوروپا لە بەشی مێژوو لە كۆلێژی پەروەردە لە زانكۆی گەرمیان ، ساڵی خوێندنی ٢٠١١ – ٢٠١٢ ، كەلار .
١٥ – سارا فلۆوەرز ، چاكسازی ئاینی ، وەرگێڕانی هەژار ڕەحیمی ، چاپی یەكەم ، ٢٠١١ ، هەولێر ، ل ١٤ .
١٦–جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٠ .
١٧ – شوان ئەحمەد ، مێژووی ریفۆرمی ئاینی ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە ٥٣ ، كانونی یەكەمی ٢٠٠٧ ، سلێمانی ، ل ٢٥٦
١٨ - – الدكتور مهدي محفوط ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٥٥
١٩ - سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ، هەولێر ، ل ٦٢
٢٠ - شوان ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧ – ٢٥٨
٢١- د . كەمال مەزهەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ، ل ٦
٢٢ – هاشم ساڵح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٦ – ١٩٨ .
٢٣- سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ل ٨١ – ٨٨ .
٢٤ - كەیوان ئازاد ئەنوەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥١ – ٥٢
**** عشا ربانی (Eucharist) ئەم ووشەیە یونانیە بە مانای سوپاسگوزاری دێت ، كە ڕێورەسمێكی ئاینی مەسیحیە لە جەژنەكاندا بەكار دێت .. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٨
٢٥ - سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠ – ٢٢ .

٢٦ - م . بارام دڵپاک ، ئەوروپای ڕێنیسانس ، محازەرەکانی مێژووی ئەوروپا لە بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان ، ساڵی خوێندنی ٢٠١١ — ٢٠١٢ ، کەلار .
٢٧- دکتور شوقي عطاالله الجمل ، دکتور عبدالله عبدالرازق ابراهيم ، تاريخ اوربا من النهضة حتي الحرب الباردة ، ٢٠٠٠ ، القاهيرة ، ص ٤٤
-٢٨- کەیوان ئازاد ئەنوەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٨
٢٩ - دکتور شوقي عطاالله الجمل ، دکتور عبدالله عبدالرازق ابراهيم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧
٣٠ — عومەر عەلی شەریف ، کورتەیەک لەمەڕ بزاڤە چاکسازییەکەی مارتن لۆسەر و جەنگی سی ساڵەی شووم ، گۆڤاری نەوشەفەق ، ژمارە (١٤) ، ئایاری ٢٠٠٤ ، کەرکوک ، ل ٣٣
٣١ — کۆمەڵێک نوسەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥٨
٣٢ - عومەر عەلی شەریف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤
٣٣ ٣٣ - دکتور شوقي عطاالله الجمل ، دکتور عبدالله عبدالرازق ابراهيم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠
٣٤ - عومەر عەلی شەریف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥
٣٥ - سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١
٣٦— کۆمەڵێک نوسەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦٤ — ٥٦٧
٣٧- الدکتور مهدی محفوظ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٧
٣٨ - جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٢
٣٩- سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٣٨
٤٠ - جفری برون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٢ — ٢٠٠
٤١ - سارا فلۆوەرز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٨

سەرچاوەکان

١ – کتێب :

- ا – سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١ – ئەرنۆڵد تۆینبی ، مێژووی مرۆڤایەتی ، وەرگێڕانی دڵشاد مستەفا وەسانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٠ ، هەولێر
٢ – جان ام دان ، سەردەمی رۆشنگەری ، وەرگێڕانی جەهانگیری غەفاری ، چاپی دووەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی
٣– داریوش ئاشوری و دکتۆر بەهائەدین پازارگاد و رۆزبە ، فەرهەنگی نویَ ، وەرگێڕانی بورهان قانع ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٣ ، سلێمانی
٤ – د . عبدالامیر محمد امین و محمد توفیق حسین ، مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، و / مستەفا سەعید عەلی ، چاپ ١ ، ٢٠١١ ، سلێمانی
٥- د . کەمال مەزهەر ، رێنیسانس ، وەرگێڕانی فواد مەجید میسری ، چاپی سێیەم ، ٢٠٠٦ ، سلێمانی
٦ - د . کەیوان ئازاد ئەنوەر ، ئەوروپا لەهەر دوو سەردەمی بوژانەوە و رۆشنگەریدا ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٨ ، سلێمانی
٧ – د . مستەفا غالیب ، فریدریش نبچە ، وەرگێڕانی سامان عەلی حەمید ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، سلێمانی
٨ – د . مسعود جلال مقدم ، کاریگەری ئایین لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان ، وەرگێڕانی سەعید بەشیر خەرپانەیی ، چاپی یەکەم ، بی ساڵی چاپ
٩ – سارا فلۆوەرز ، چاکسازی ئاینی ، وەرگێڕانی هەژار رەحیمی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، هەولێر
١٠– عەبدولعەزیز عەلائەدین کۆیی ،ژیان و رەوشتی پێغەمبەر (×) ، چاپی دووەم ، ٢٠١٠ ، هەولێر

١١ - کۆمەڵێک نوسەر ، سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا ،وەرگێڕانی هەورامان وریا قانع ، چاپی دووەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی
١٢– مەحمود شاکر ، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان ، وەرگێڕانی مووسا محمد عبدالرحمن ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی
١٣ - هاشم ساڵح ، سەرەتایەک دەربارەی رۆشنگەری ئەوروپی ، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٩ ، سلێمانی
١٤– ویل دورانت ، مێژووی شارستانیەت ، وەرگێڕانی عەبدوللای رەسوڵی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ ، سلێمانی

-ب – سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١ – جفري برون ، تاريخ اوربا الحديث ، ترجمة علي المزروقي ، الطبعة الاولي ، ٢٠٠٦ ، عمان
٢- دكتور شوقي عطاالله الجمل ، دكتور عبدالله عبدالرازق ابراهيم ، تاريخ اوربا من النهضة حتي الحرب الباردة ، ٢٠٠٠ ، القاهيرة
٣ - الدكتور مهدي محفوط ، اتجاهات الفكر السياسي في العصر الحديث ، الطبعة الاولي، ١٩٩٠، بيروت

٢ - گۆڤار :

١ – شوان ئەحمەد ، مێژووی ریفۆرمی ئاینی ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە (٥٣)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ ، سلێمانی ،
٢– عومەر عەلی شەریف ، کورتەیەک لەمەڕ بزاڤە چاکسازییەکەی مارتن لۆسەر و جەنگی سی ساڵەی شووم ، گۆڤاری نەوشەفەق ، ژمارە (١٤) ، ئایاری ٢٠٠٤ ، کەرکوک
٣– فەرامەرز کوشان ، روانینێک بۆ مێژووی ریفۆرمیزەیشن و رۆڵی مارتن لۆسەر ، وەرگێڕانی رایان عوسمان ، گۆڤاری ئایدیا والا ، ژمارە (٣٠) ، کانونی یەکەمی ٢٠١١

٤ – موزەفەر جەبار عەبدوڵڵا ، سەرەتایەک دەربارەی ئایین ، گۆڤاری کۆچ ، ژمارە (١٥) پایزی ٢٠١١ ، سلێمانی

٣ – محازەرەکان :

١– م . بارام دڵپاک ، ئەوروپای رێنیسانس ، محازەرەکانی مێژووی ئەوروپا لە بەشی مێژوو - قۆناغی دوو لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان ، ساڵی خوێندنی ٢٠١١ – ٢٠١٢ ، کەلار

٢ – م . سەلام عەبدولکەریم ، ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕست ، محازەرکانی مێژووی ئەوروپا لە بەشی مێژوو – قۆناغی یەک لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان، ، ساڵی خوێندنی ٢٠١٠ – ٢٠١١ ،کەلار

٤ – سایتەکانی ئەنتەرنێت :

١ -http://ar.wikipedia.org

٢ - http://www.arab- ency.com

دەروازەی سێیەم

ناپلیۆن لە رۆژهەڵات

لەشکرکێشی بۆ سەر میسر بە دووەمین شەڕی گەورەی ناپلیۆن دادەنرێت کە رۆڵی گەورەی لە مێژووی ژیان و سەرکەوتنی ئەودا تۆمار کرد و فەرەنسای گەیاندە پێگەیەکی تایبەتی ، لە ساڵی ١٧٨٩ ز ناپلیۆن سەرکردەی سوپای فەرەنسای کردو بەرەو میسر بۆ دامەزراندنی ئیمبراتۆریەتی فەرەنسی لە رۆژهەڵات ، پۆناپەرت بە نهێنی بەندەری (تۆلۆنی) فەرەنسی بڕی و دورگەی (ماڵتا) ی داگیر کرد و لەوێیشەوە گەیشتە میسر و لەگەڵ سوپاکەیدا چونە (ئەبی قیر) ی رۆژهەڵاتی ئەسکەندەریە لە مانگی تەموزی هەمان ساڵ ، هەرچەندە دانیشتوانی شارەکە روبەڕویان بوونەوە بەڵام ناپلیۆن پاش گرتنی و دانانی سەربازگەیەکی بچوک گەیشتە قاهیرە و پاش ئەمەیش ملی نا بۆ (فەلەستین و سوریا) ، لێرەدا بەشێوەیکی پوخت هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی بابەتی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین بە هیوای سودبینینی خوێنەران بە شێوەیەکی کورت و خێرا واتا لە کەم ترین دێڕدا زۆرترین زانیاری بۆ خوێنەرانی خۆشەویست دەست بخرێت .

کورتەیەک لە ژیانی ناپلیۆن پۆناپەرت (١٧٦٩ – ١٨٢١) ز

ئەم سەرکردە سەربازیە فەرەنسیە لە دوورگەی (کۆرسیک) لە دایک بووە ، دایکی (لتیشیا رامۆلیتۆر) و باوکی (شارل پۆناپەرت) یان ناو بووە بۆخۆیان بەشداریان کردووە لەدەرکردنی فەرەنسا لەو دوورگەیەدا بەڵام دواتر ئەم راپەڕینە شکستی خوارد و باوکی ناپلیۆن کە پاریزەر بوو ناچار بوو لەو کێڵگەیەدا لەو دوورگەیە کار بکات ، ناپلیۆن دووەم منداڵی خێزانەکەیەتی و لە تەمەنی منداڵیدا خوێندنگەی سەربازی دەخوێنێت و پاشان دەچێتە ئەکادیمیای سەربازی لە پاریس و یەکێک لە ئامانجەکانی ناپلیۆن دەرکردنی فەرەنسیەکان بووە لە کۆرسیک و ئەمەیش وای لێ کردووە رقی لە فەرەنسیەکان ببێتەوە و لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسادا لە ١٧٨٩ ز ناپلیۆن بەئەم شۆڕشە دڵخۆش نەبووە و وەک روداوێکی دڵخۆشکەر سەیری نەکردووە بەڵام پاش گۆڕانکاریەکانی پاش شۆڕش کە ئەو دوورگەیە بە چەندین ماف گەیشت ناپلیۆن لە بۆچونەکانی پێشتری پاشگەز بوەوە و بوو بە ئەفسەرێکی بە ئەمەک بۆ فەرەنسا و شۆڕشەکەی و پاشتر ناپلیۆن بوو فەرەنسیەکی تەواو .

بەم شێوەیەو پاش ئەوەی کە ناپلیۆن بڕیار دەدات دژی ئنگلیزەکان شەڕ بکات پاش شەڕی (بەندەری تۆلۆن) ئیتر ناپلیۆن ناوبانگ دەردەکات و پلەی لیوای پێ دەبەخشرێت ، لە ژیانیدا ئەم سەرکردە سەربازیە دەکەوێتە داوی ژنێک بەناوی (جۆزفین) و زۆری خۆشدەوێت و لەم رووەیەوە چەندین بەسەرهات و رووداو باس دەکرێت کە دەوترێت ئەم ژنە بە هۆی ئەوەی کە نەزۆرک بووە ناپلیۆن لە خۆشویستنی پەشیمان دەبێتەوە ، پۆناپەرت چەندین شەڕ بۆ سەرکەوتنی فەرەنسا بە ئەنجام دەگەیەنێت کەیەک لەو شەڕ و داگیرکاریانە هێرشە بۆسەر رۆژهەلات و میسر ، پاش کودەتایەک ناپلیۆن توانی ببیتە سەرکردەی راستەقینەی فەرەنسا و لێرەوە سەردەمی قونسوڵیەت دەست پێ دەکات کە ناپلیۆن توانی ببێتە یەکەم

قونسوڵی فەرەنسا و لە ژیانی سیاسیی خۆیدا ناپلیۆن بڕیاری چاكسازی ئیداری و دارایی و یاسای دا بە ناوی خۆیەوە ، لە ١٢ی ئابی ١٨٠٢ دا ناپلیۆن لە راپرسیەكی گشتیدا بە كۆنسوڵی هەتاهەتای ئەو وولاتە هەڵبژێردرا و ئەمەیش رێگەی خۆش كرد بۆ حوكمی ئیمبراتۆریەت كە ناپلیۆن خەونی پێوە دەبینی و بەم شێوەیە بۆ چەندین ساڵ لەسەر تەختی ئیمبراتۆری فەرەنسا دەدانیشێت بەڵام ئەمە زۆر درێژە ناكێشی و چەندین هەوڵی تیرۆر كردنی پۆناپەرت دەدرێت و بەم شێوەیە و پاش چەندین سەركەوتن سوپای بەهێزی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٢ ز لە هێرشی بۆسەر روسیادا شكستێكی گەورە روبەڕویان دەبێتەوە و پاشان شكستی لە دژی ئنگلیز هەربۆیە ئەم سەركردەیە لەلایەن دەسەڵاتداریێتی فەرەنساوە دووردەخرێتەوە بۆ دورگەی (سانت هێلین) و هەر لەو دورگەیە بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە كۆچی دوای دەكات لە ٥ی مایسی ١٨٢١ ز ، ناپلیۆن لە دورگەی سانت هێلین رۆژێك بە كەسانی چوار دەوری ووت " راستی ئەم ژیانەی من رۆمانێكی سەرسوڕهێنەرە " .

هۆكارەكانی لەشكركێشی ناپلیۆن بۆ رۆژهەڵات (میسر)

لێرەدا دەتوانین بە چەند خاڵێكی خێرا وەك لەسەرچاوەكاندا باس كراوە لەشكركێشی ناپلیۆن بۆ سەر میسر بخەینە روو كە دەكرێت لەپشتی هێرشی ئەو سەركردەیەوە بن بۆ ئەوەی روو بكاتە رۆژهەڵات كە سەركردەكانی ئەم وولاتە پێشتریش بە ئاواتی دەست گرتن بەسەر میسردا بوون هەر بۆیە لە رێگەی جۆر بە جۆری وەك سیخور و گەشتیار و بازرگان و قوتابیەكانیانەوە زۆر زانیاریان لەسەر ئەم وولاتە كۆكردبووە وە:

١ – ململانیەی توندی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا كە هەریەكەیان دەیویست سنوری دەسەڵاتی خۆی فراوان بكات بە تایبەت ساڵەكانی سەركەوتنی

ناپلیۆن لە ئیتالیا کە ئەمە رۆژگارێکی تاریکە لە لاپەڕەکانی مێژووی بەریتانیادا لەو دەمانەدا .
٢ – حەز و ئارەزووی پۆناپەرت بۆ فراوانخوازی وەک هۆکارێکی دەرونی ئەو کەسایەتیە کە ئەمەیش وای کرد کە چەندین ئەندێشە و حەز و پلان بە مێشکیدا بێت ئەمەیەش بۆ ئەوەی ناوبانگی لە مێژوودا بمێنێتەوە وەک لە مێژووی ژیانی کەسایەتیەکاندا دەبینرێت و ئەم کارەی ناپلیۆنیش بۆ ئەوەی ناوبانگی (ئەسکەندەریی) پێ ببەخشرێت .
٣ – میسر لە رووی پێگەی جوگرافیایەوە دەکەوێتە سەر رێگەی (هند) کە ئەو دەمانە ئەم رێگەیە بۆ وولاتە داگیرکەرەکان گرنگ بووە ، بەمەیش فەرەنسا دەتوانێت دەست بەسەر ئەم رێگە بازرگانیەدا بگرێت و دەیشتوانێت لەم رێگەیەوە هاوکاری بزوتنەوە چەکداری و ئازادیخواز و یاخی بووەکانی موستەعمەکارنی ئنگلیز بدات لە ناوچەکەدا و بەمەیش دەیتوانی لە بەرژەوەندیەکانی ئەو وولاتە لە رۆژهەلاتدا بدات .
٤ – بورژوازەکانی فەرەنسا بەتایبەت شارەکانی خوارووی ئەو وولاتە پەیوەندی بازرگانی باشیان لەگەڵ رۆژهەلات بە تایبەت میسر و سوریا و دوورگەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا هەبوو ، ئەم بازرگانانە لە مێژەوە حەزیان دەکرد فەرەنسا شوێن پێی خۆی لە میسر قایم بکات بۆ ئەوەی لایەنێکی سیاسی بەهێز و نزیک لە خۆیانەوە چاودێری و پارێزگاری رێگە بازرگانیەکانیان بۆ بکەن کە ئەمەیەش لە داگیرکاریەکانی ئەوروپادا بەردەوام ئەگەرێکی بەهێزکەر بووە بۆ لایەنی دەسلات کە سنوری داگیرکاریەکانی فراوانتر بکات .
٥ – ناپلیۆن دەیویست میسر بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ئەوروپا ، وولاتێک کە زەمەنێکی زۆر دوور بوون لێی و ئەو وولاتە کە گەنجینەیەکی زۆری شوێنەواری هەیە و بۆ ئەوروپا بەردەوام گرنگ بووە بەمەیش ناپلیۆن بۆ ئەوروپای رابگەیەنێت کە ئەو دەتوانێت ئەو خەونەیان بۆ بەدی دێنێت و

بردنی گەنجینەی زۆری شوێنەواری میسر بۆ خۆی ، سەرباری بردنی خێر و بێری ئەو وولاتە بۆ فەرەنسا بە تایبەت لە رووی کشتوکاڵ و بازرگانیەوە .
٦ – گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی پاشا و دەسەلاتدارانی میسر کە میللەتیان دەچەوساندەوە کە ئەمەیش بەتەواوەتی هاولاتیانی بیزار کردبوو هەرچەندە چەند روبەڕوبونەوەیەکش هەبوو بۆ داگیرکاری فەرەنسا بەلام ئەمانە کۆ دەنگی گشتی دروست نەکرد بۆ داگیرکردنی میسر لەلایەن ئەو وولاتەوە ، بە پێچەوانەیشەوە ئالۆزی و گەندەڵی حوکم لە پاریس وای دەویست کە ناپلیۆن لە وولات دووربکەوێتەوە بۆ ئەوەی گەر سەرکەوتوو بوو ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بنکەی جەماوەری فراوان دەبێت .
٧ – لاوازی دەوڵەتی عوسمانی و مەمالیکە حاکمڕەواکانی ئەو وولاتە وای کرد کە هێرشی ئەوروپایەکان بۆ ئەو وولاتە دەست پێ بکات ، ئەمەیش لە راپۆرتەکانی سەفیری ئەو کاتی فەرەنسادا لە ئەستانە (سانت پرێست) دا دەردەکەوێت لە ساڵی ١٧٦٨ ز دا کە ئاراستەی وولاتەکەی کردووە .
٨ – ناپلیۆن پێی وابوو کە ئەستەمە لە نێو کیشوەری ئەوروپادا لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بدرێت و لەم رووەوە ووتویەتی " ئەوروپا وا دێتە پێش چاو کە ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە " واتا بۆ فەرەنسا ئەستەمە کە لە نێو خودی ئەوروپادا لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بدات ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە ئەو وولاتە جگە لەوەی بەهێزە لە نێو دوورگەیەکدایە کە هێرش کردنە سەری ئاسان نیە هەر بۆیە ناپلیۆن بیری لەوە کردەوە رووبکاتە رۆژهەلات بۆ لێدان لەو بەرژوەندیانەی کە بەریتانیا لەو ناوچانە هەیەتی بەتایبەت رێگەی هند .

شەڕەكانی (جەنگ) ناپلیۆن لە میسر و رۆژهەڵات

یەکەم // جەنگەکانی لە میسر ، پاش دەرچونی ناپلیۆن لە فەرەنساوە بۆ ئەو وولاَتە رووبەڕووی چەندین جەنگ بووە لە لایەن هاولاَتیانی میسرەوە کە ئەمەیش دەکرێت بە هەوڵەکانی رێگری لە داگیرکاری دابنرێن کە زۆرێکی ئەو جەنگانە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی داگیرکەر شکاوەتەوە و لە زۆرێکیاندا خەڵکی سڤیل بوونەتە قوربانی کە دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لەو شەڕانە بکەین بۆ رێگری لەداگیرکاری لەو وولاَتە .

١ – **جەنگی ئەبی قیڕ :** ئەم جەنگە لە نێوان کەشتی گەلی فەرەنسی و بەریتانی لەو وولاَتە رووی دا لە ئەبی قیڕ لە تەموزی ١٧٩٨ ز ، لەم جەنگەدا کەشتی گەلی ئنگلیز گورزێکی کاریگەری لە گەشتی گەلی فەرەنسا وەشاند بەلاَم دواجار فەرەنسیەکان توانیان بگەنە ئەسکەندەریە ئەمەیش پاش گەیشتنی ناپلیۆن بۆ ئەو وولاَتە سەربازگەیەکی بچوکی لە ئەبی قیڕ دانا و بەرەو ئەسکەندەریە بەڕێکەوت .

٢ – **جەنگی ئەسکەندەریە :** ئەم جەنگە لە هەمان مانگدا روویدا لە نێوان خانەدانەکانی ئەو شارە و سوپاکەی ناپلیۆندا ، هەر زوو سوپاکەی ناپلیۆن سەرکەوت بەسەر خانەدانەکانی ئەسکەندەریە و جەنگاوەرە میسریەکاندا .

٣ – **جەنگی ئەهرام :** ئەم جەنگە یەکێکە لە جەنگە گەورە و کاریگەرەکان کە لە ٢١ی تەموزی ١٧٩٨ ز لە نێوان مەمالیەکەکان (دەسلاَتدارانی میسر) و جەنگاوەرەکانی ناپلیۆندا لە نزیک هەرەمەکانی (جیزە) روویدا لە نێو لمی بیابان و تینی زۆری گەرمای ئەو رۆژە، ناپلیۆن لەم جەنگەدا بەسەربازەکانی ووت " چل سەدەیە ئەو هەرەمانە نیگەرانی ئێوەن " بەمەیش دەردەکەوێت کە ئەم جەنگە کاریگەر و یەکلاکەرەوە بووە و بەمەیش فەرەنسیەکان توانیان سەربکەون و مەمالیکەکانیش بە خراپی شکان ئەمیش بە هۆی بێ پلانی و نەبوونی ستراتیجی جەنگیەوە ، سەرکردەی ئەم شەڕە

(موراد بەگ) بوو کە خۆی و ژمارەیەک لە جەنگاوەرەکانی هەڵهاتن بۆ (صەعید) .

٤ – پاش ئەم جەنگە کە یەکلاکەرەوە بوو بۆ فەرەنسا ناپلیۆن توانی بچێتە ناو قاهیرەوە و داگیری بکات کە لەو کاتەدا دوو کەس دەیانویست ببنە فەرمانڕەوا کە هەردویان مەمالیک بوون (ئیبراهیم بەگ ، موراد بەگ) کە دواتر هەڵهاتن و پاش ئەمەیش بەشێوەیەکی گشتی فەرەنسا توانی دەست بەسەر میسردا بگرێت و بە مەرامی خۆی بگات .

٥ – **جەنگی دووەمی ئەبی قیر :** ئەم جەنگە لە نێوان تورکەکان و فەرەنسایەکاندا رویدا بەڵام فەرەنسایەکان دیسان سەرکەوتن .

گەر بەشێوەیەکی وورد تەماشا بکەین دەردەکەوێت لە ماوەی چەند مانگێکدا فەرەنسایەکان توانیان میسر داگیر بکەن سەرباری رووبەڕووبونەوە بەڵام بە هۆی ناهاوسەنگی سوپای فەرەنسی و شەڕەکەرانی بەرامبەریەوە هەروەها کەمی چەک و تەقەمەنی و بیزاری خەڵک لە نەهامەتی و کەم و کوڕی و ئیرادەی خودی ناپلیۆن بۆ داگیرکاری لە رۆژهەلات وای کرد کە هەر زوو فەرەنسا دەست بەسەر میسردا بگرێت و رەگی لێ داکوتێت و بە چەند ساڵێکی کەم بەڵام گرنگ حوکمی ئەو وولاتە بکات کە ئەم داگیرکاریە کاریگەری ئەرێنی و نەرێتی لەسەر ئەو وولاتە بەجێ هێشت .

دووەم // جەنگەکانی لە سوریا و فەلەستین ، پاش ئەوەی ناپلیۆن توانی لەماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر میسردا بگرێت بەو ئومێدەیشەوە ویستی داگیرکاریەکەی فراوان بکات هەر بۆیە بڕیاری هێرش کردنە سەر فەلەستین و سوریای دا کە بۆ ئەمەیش دەبوو روبەڕوی سەرباری خەڵکی روبەڕوی دەسلاتداری ئەو ناوچەیە بە پلەی یەک تورکەکان و پاشان بەریتانیەکان ببێتەوە هەر بۆیە لەشکرکێشی کردە سەر ئەو جێگایانە بە ئومێدی زیاتر دەست گرتن بەسەر رۆژهەلاتدا .

١ – پاش ئەوەی ناپلیۆن زانی کە عوسمانیەکان بە سوپایەکەوە بەرەو سوریا هاتون ئەویش خۆی ئامادە کرد و بە سوپایەکی تۆکمەوە بەرەو سوریا و فەلەستین بەڕێکەوت بە هۆی زەبرو زەنگ و توندوتیژیەکانیەوە شارەکان یەک لەدوای یەک داگیر دەکران بەم شێوەیەش یەک شارێک کە داگیر کراو دەستی بەسەرا گیرا لەلایەن ناپلیۆنەوە شاری (عریش) بوو پاشان شاری (یافا) لە ١٤ ی مارسی ١٧٩٩ ز هێرش کرایە سەری پاش ماوەیەک بەرگری کردن بە مەبەستی پاراستنی شارەکە لە داگیرکاریەکانی ناپلیۆن بەڵام دواجار ئەو سەرکردەیە پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی ئەو شارە کرد گەر بە ئاشتی خۆیان رادەست بکەن ئەوا پارێزراو دەبن بە پێچەوانەوە توشی کوشتن و بڕین دەبنەوە هەر بۆیە رێگە چارەی دووەم لە لایەن خەڵکی شارەکەوە هەڵبژێردرا هەر بۆیە لە ١٦ی نیساندا سوپاکەی ناپلیۆن بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە شارەکەیان داگیر کرد بەشێوەیەک بە تەنها لە شەڕی ئەو شارەدا نزیکەی چوار (٤) هەزار سەربازی عوسمانی کوژران و بەم شێوەیە فەرەنسیەکان توانیان لەم شەڕەدا سەربکەون بەسەر هاوڵاتیان و سوپای عوسمانیدا .

٢ – **شەڕی عەککا (ئاکر) :** ئەم شەڕە لە نێوان فەرەنسایەکان کە ناپلیۆن سەرکردایەتی دەکرد کە سوپاکەیان پێک هاتبوو لە ١٣ هەزار سەرباز لەگەڵ تورکەکان کە دواتر ئنگلیزەکان هاوکاریان کردن روویدا لەبەردەم قەڵای ئەو شارەدا ، لە ئەنجامدا سوپای ناپلیۆن شکستی هێنا و نزیکی سێ (٣) هەزار سەربازی فەرەنسی کوژران و دواتر سوپاکەی پۆناپەرت گەڕایەوە بۆ میسر لە ٢٠ی ئایاری ١٧٩٩ ز ، ئەم شەڕ و دۆڕانە بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر ناپلیۆن هەبوو لەکۆتایەکانی تەمەنیدا داخی سەرکەوتنی هەڵدەکێشا .

هۆکارەکانی شکانی فەرەنسایەکان لە شەڕی عەککادا :

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە کاریگەری هەبوو لەوەی کە فەرەنسایەکان لەم شەڕەدا توشی ئەو شکستە گەورە بوون کە کاریگەری لەسەر ناوبانگیان لە ناوچەکەدا هەبوو لەوانە :

١. بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعون لەنێو سەربازەکانی ناپلیۆندا .

٢. سەختی قەڵای عەککا کە بەرگری کاران لەو شارەدا بوون بەشێوەیەک کە تۆکمەی و قایمی قەڵاکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو بۆ سەرکەوتن .

٣. زۆری ژمارەی سەربازانی تورک لەم جەنگەدا لەچاو فەرەنسایەکان، هەروەها بیزاری و ماندووبونی فەرەنسیەکان بەدەست شەڕە زۆرەکانی ناپلیۆنەوە .

٤. هاوکاری کردنی بەریتانیەکان بۆ تورکەکان ئەویش لە ڕێگەی هاوکاری کردنی چەک و تەقەمەنی و خۆراکەوە .

ناپلیۆن لە قاهیرەدا

هەرکە ناپلیۆن گەیشتە قاهیرە لەو شارەدا ووتارێکی پێشکەش کرد کە سەرەتای دەست پێکی ووتارەکەی بە ناوی خوا و پێغەمبەری ئیسلامەوە بوو ، پاشان باسی لە هەر سێ چەمکی (ئازادی ، عەدالەت ، مافی هاوڵاتی بوون)ی بۆ کردن وەک بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ ز ، هاوکات بە توندی باسی لەوەیش کرد کە هەر کەس بە رووی سەرباز و فەرەنسایەکاندا بوەستێتەوە ئەوە چارەنوسی بە خراپ ترین شێوە دەبێت لە کوشتن و بڕین ، پۆناپەرت لە کەسایەتی و شێخەکانی قاهیرە ئەنجومەنێکی پێک هێنا کە بە (دیوانی قاهیرە) بەناوبانگە و مەبەستیش لەم ئەنجومە بۆ رایی کردنی کاروبارەکان بووە بەڵام ئەم ئەنجومەنە زیاتر راوێژکاری بووە و زۆر تر لە خزمەتی فەرەنسیەکاندا بووە و تەنانەت ئەندامانی ئەم ئەنجومە بەڵێنیان دابوو هیچ کارێک دژی فەرەنسا و سوپاکەی لەو ووڵاتەدا نەکەن ،

ناپلیۆن سیستەمێکی بەڕێوەبردنی لە قاهیرە دانا کە بە سیستەمی (بەڕێوەبردنی ناپلیۆن) ناسراوە کە ئەو سیستەمە بریتی بوو لە :

١ – لە هەموو شار و گوندێکدا دەسەڵات لەژێر دەستی فەرەنسایەکاندا دەبێت .

٢ – پێک هێنانی لیژنەیەک لە میسریەکان بۆ راوێژکاری لە کاروبارەکاندا .

٣ – رێز لە ئاینی ئیسلام و پیاوانی ئاینی (مەلا) بە تەواوەتی بگیرێت .

٤ – پێک هێنانی (ئەنجومەنی شاری قاهیرە) لە ژێر چاودێری خۆیدا .

٥ – دەبێت باج و خەراج و دەرامەتەکان بە شێوەیەک بێت خەرجی سوپا دابین بکەن .

شۆڕشی میسریەکان دژی فەرەنسیەکان

لەبەرامبەر داگیرکاریەکانی فەرەنسا لە میسردا چەندین نارەزای و رووبەڕوبونەوە رویدا کە زیاتر خۆی لە هەردوو شۆڕشی یەکەم و دووەمی قاهیرە دا دەبینێتەوە کە یەکەمیان بریتی بووە لە شۆڕشی یەکەمی قاهیرە کە لەم شۆڕشەدا ژمارەیکی زۆر لە هاولاتیان لە چینی پیاوانی ئاینی و کرێکار و جوتیاران بەشداریان تێدا کرد ئەمەش بە هۆی زوڵم و زۆری فەرەنسیەکان لەو وولاتەو زیاد کردنی باجەکان هەر بۆیە (مزگەوتی ئەزهەر) بووە شوێنی کۆبوونەوەی دەنگە نارەزاکان و بەم شێوەیە پێک هەڵپژان لە نێوان میسریەکان و فەرەنسیەکان لە ٢١ ی تشرینی یەکەمی ١٧٩٨ ز رویدا و هەر دەست بە جێ ناپلیۆن فەرمانی کرد ئەو دۆخە کۆنترۆڵ بکەن و بەمەیش ژمارەیەکی زۆر هاولاتی کوژران و مزگەوتی ئەزهەر درایە بەر تۆپەکانی سوپای ناپلیۆن و نزیکەی چوار هەزار کەس کوژران و ئەم شۆڕشە بە دڕندانە ترین شێوە سەرکەوت کرا و ئەزهەریش داگیر کراو و سوکایەتی زۆریش بە پیرۆزیەکانی خەڵک کران .

پاش بەرپابوونی شۆڕشی یەکەمی قاهیرە و ستەمی زۆری فەرەنسیەکان ئەمەیش وای کرد کە گڕوتینی خەڵکی زیاتر بێت و هەر بۆیە شۆڕشی دووەمی قاهیرە بە رووی (جەنراڵ کلیبەر) بوە کە ناپلیۆن دوای خۆی کردی بە حاکم لەو وولاتە و ئەمیش زۆر بە توندی دژی شۆڕشەکە وەستایەوە بەڵام شۆڕش زیاتر پەرەی دەسەند هەربۆیە ئەمەیش وای کرد کە کلیبەر ناچار بوو داوای بەستنی پەیماننامە بکات لە دەوڵەتی عوسمانی ئەمەیش پەیماننامەی (عەریش) ی بەدوادا هات لە ساڵی ١٨٠٠ دا بەڵام ئنگلیزەکان بەم پەیماننامەیە رازی نەبوون و لە رێگەی بەستنی پەیماننامەی (ئەمیان) ی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا فەرەنسا لە کۆتای ئازاری ١٨٠٢ میسری بەجێ هێشت .

دەرئەنجامی شاڵاوەکانی ناپلیۆن پۆناپەرت بۆ سەر میسر و رۆژهەڵات

سەرباری ئەوەی کە ناپلیۆن میسری داگیر کرد و خێروبێری وولاتەکەی لە زۆر بواردا بۆ خزمەتی خۆی و سەربازەکانی بەکار هێناوە و ژمارەیەکی زۆر لە نەیار و شۆرشگێر و هاولاتی سڤیلی کوشت و زۆر شار و گوندی وێران کرد ، زۆر جار بێریزی بەرامبەر و زانا و مەلاکان نواندووە بەتایبەت لە شۆڕشی یەکەمی قاهیرەدا کە بە ئەسپەکانیەوە چوە نێو (ئەزهەر) ەوە ، سەرباری هەموو ئەوانە دەکرێت بڵێین شالاوی فەرەنسیەکان لە زۆر بواردا توانی خزمەت بە میسریەکان و رۆژهەڵات بکات و گەلێک دەرئەنجامی هەبوو لەوانە :

- دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکان : ئاشنابوونی میسریەکان بە شارستانیەتی رۆژئاوا لە زۆر بواردا کە لە ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا رەنگی دابووەوە ، ئاشنابوونی میسریەکان لە رووی سسیستەمی کارگێڕیەوە کە توانراوە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە سودی لێوەربگرێت وەک تۆمارەکانی لەدایک بوون و مردن و ریسا و یاسا دادوەریەکان .

- دەر ئەنجامە زانستیەکان : ناپلیۆن لە هێرش کردنیدا بۆ سەر میسر ژمارەیەک زانای لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بریتی بوون لە (١٥٠) زانا و زیاتر لە (٢٠٠٠) پسپۆڕی هونەر و وێنە و تەکنیکی کە ئەمانە گەلێک کاری باشیان کرد بەشێوەیەک لە نێوان سالآنی ١٧٩٨ – ١٨٠١ ز دا ئەم زانا و پسپۆڕانە کتێبی (وەسفی میسر) یان نوسی کە ١١ بەرگە زۆر لایەنی ژیانی میسری لە خۆ گرتووە و ئەم پەرتوکە گرنگە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر میسر بکەن لەو ماوەیەدا و کاریگەری بۆ ئێستا . ، بیرۆکەی هەڵکەندنی کەناڵی سویس کە هەردوو دەریای ناوەڕاست و سوری بەیەک دەگەیاند بەلآم ئەم پرۆژەیە لەو دەمەدا سەری نەگرت بەهۆی ئەو هەڵەیەی کە دەریای سور لە دەریای ناوەڕست بەرزترە ، دۆزینەوەی هێمای زمانە کۆنەکانی میسر و خەتەکانیان (هیرۆغلیفی ، هیراتقی ...) و هەروەها دۆرزینەوەی زیاتری شارشتانیەت و لایەنەکانی ژیاری ئەو وولآتە کە میسریان بە شارستانیەتی فیرعەونەکان داناوە ، لەم هێرشەدا یەکەم نەخشەی تیرەیی میسر کێشرا کە دواتر سودی لێوەرگیرا.
- دەر ئەنجامە سیاسیەکان : هێرشی فەرەنسیەکان بۆ سەر میسر وولآتە ئەوروپیەکانی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە میسر پێگەیەکی ستراتیچی گرنگی هەیە بەتایبەت وولآتی بەریتانیا ، ورژاندنی هەستی نەتەوایەتی (وعی) لای میسریەکان و یەکگرتویان بەرامبەر دوژمن بە تایبەت دەوڵەتی عوسمانی .
- دەر ئەنجامە رۆشنبیریەکان : هێنانی چاپخانەیەکی فەرەنسی بۆ میسر بە شێوەیەک کە باس دەکرێت یەکەمین جار فەرەنسیەکان چاپخانەیان بۆ ئەو وولآتە هێناوە کە بە پیتی لاتینی و یۆنانی و عەرەبی چاپی پێ کراوە ، دامەزراندنی یەکەمین کۆڕی زانستی لە رۆژهەلآتی ناوەڕستدا و هەروەها کۆڕی زانیاری میسری ، دامەزراندنی قوتابخانەی فەرەنسی لەو وولآتە بۆ مندالآنی فەرەنسی کە لەوێدا دەژیان ، دوو رۆژنامەی بە فەرەنسی

و رۆژنامەیەکی عەرەبی لەو وولاتە بڵاوکردەوە کە رۆژنامە عـەرەبیـەکە نـاوی (التنبیـه) بـووە و بـەیـەکـەمـین رۆژنامـەی چـاپکراو بـە زمـانی عـەرەبـی دادەنرێت .

لە کۆتایدا دەکرێت ئەوە رون بکەینـەوە پـاش ئـەوەی بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ فەرەنسا لە میسر و رۆژهەڵات مایەوە بەشێوەیەک کە تا ئێستایش پاشماوە و کاریگەریان لە ناوچەکەدا دیارە و هەندێک گۆڕی سەربازەکانیان هەر مـاون و بە گشتی سەرکەوتو نەبون لە مانەوەیان لە میـسر و رۆژهـەڵات ، نـاپلیۆن بەهۆی هاتنی بۆ میسر و رۆژهەڵات خاوەنی چەندین ووتـە و قـسە و پـەنـدە کـە بــە هــۆی هــاتنی بــۆ ناوچــەکــە کردونـــی وەک [" گــەر بمتوانیایــە دەسەڵاتدارێتی میسر بکەم ئەوا نەمدەهێـشت دڵۆپێـک ئـاو لـە رووبـاری نیـل بەفیرۆ بچێت و هەموویم لە بواری کشتوکاڵ و بەرهەم هێناندا بەکـار دەهێنـا " ، " خۆشترین کاتـەکـانی ژیـانم لـە میـسر بـەسـەر بـرد کـە لـە ئـەوروپـای هەوراویدا بواری بیرکردنەوەم کەمتر بوو بـەڵام گـەر لـەم وولاتـە بمێنمـەوە و حوکمـداری بکــەم ئــەوا دەتــوانم رەوڕەوەی مێــژوو بگــۆڕم " ، " گــەر بــە فەرمانڕەوای میسر نەبومایە ئەوا بە فەرمانڕەوای وولاتی خۆیشم نەدەبـووم " ، " ئاینی ئیسلام وەک ئاینی مەسیحیەت سیاسەت گەنادویەتی "] ، دوای کـــوژرانی (کلیبـــەر) حـــاکمی دوای نـــاپلیۆن لـــە میـــسر و مـــۆرکردنی رێکەوتنامەیەک لەگەڵ بەریتانیادا ،فـەرەنـسا لـە میـسر چـووە دەرەوە بـەڵام پاشتر کێشەیـەک دێتـە پێـشەوە بـۆ وولاتـە ئـەوروپیـەکـان کـە بـە کێـشەی رۆژهەڵات ناو دەبرێت و پاشتر داگیرکاری وولاتە ئەوروپیەکـان بـۆ ناوچـەکـە دەست پی دەکات .

سەرچاوەکان :

١-د . شوقي عطا اللة الجمل و د . عبداللة عبدالرزاق ابراهيم ، تاريخ اوروبا من النهضة حتي الحرب الباردة ، قاهيرة ٢٠٠٠-

٢- يوسف سعد يوسف ، نابليون بونابرت ،الطبعة الاولي ، مصر ، ١٩٨٨ .

٣-جفري برون ، تاريخ اوروبا الحديث ، ترجمة : علي مزروقي ، الطبعة الاولي ، عمان ، ٢٠٠٦ .

٤- حسن جلال ، حياة نابليون، الجزئ الاول ، بدون سنة وموقع الطبع .

٥-ئ ، چ ، تارلە ، ناپلیۆن ، وەرگێڕانی :عومەر رەسوڵ ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٦- محمود شاکر ، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان ، وەرگێڕانی :جرسی محمد عبدالرحمن ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ .

٧- ە .ا . ل فیشەر ، مێژووی نوێی ئەوروپا ، وەرگێڕانی : شکور سلیمان و سەردین ئەرجان ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ز .

٨- د . عبدالعزیز سلیمان نەوار ، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا ، وەرگێرانی : خالد هەرکی ، چاپی سێیەم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ز .

٩- نەوشێروان مستەفا ئەمین ، بەدەم رێگاوە گوڵچنین ، کتێبی دووەم ، بەرگی یەکەم ،بیروت ، ٢٠١٣ ز .

١٠- هەورامان وریا قانع ، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ز .

١١ -www.ar.wikipedia.org

١٢ -www.kenanaonline.com

٥- ئ ، چ ، تارلە ، ناپلیۆن ، وەرگێڕانی :عومەر رەسوڵ ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .
٦- محمود شاکر ، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان ، وەرگێڕانی :جرسی محمد عبدالرحمن ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ .
٧- ه .ا . ل فیشەر ، مێژووی نوێی ئەوروپا ، وەرگێڕانی : شکور سلیمان و سەردین ئەرجان ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ز .
٨- د . عبدالعزیز سلیمان نەوار ، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا ، وەرگێرانی : خالد هەرکی ، چاپی سێیەم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ز .
٩- نەوشێروان مستەفا ئەمین ، بەدەم رێگاوە گوڵچنین ، کتێبی دووەم ، بەرگی یەکەم ،بیروت ، ٢٠١٣ ز .
١٠- هەورامان وریا قانع ، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ز .
١١ -www.ar.wikipedia.org
١٢ -www.kenanaonline.com

ناپلیۆن



فەرەنسا لە میسر

دەروازەی چوارەم

فەلسەفەی مێژوو لای چوار فەیلەسوفی ئەوروپی

فەلسەفە ١ لە چاو جۆرەکانی زانستدا بە واتای فراوانی زانست دێت واتا جۆرێک بە ئاگابونە لە جیهان ، فەلسەفە لای ئەرسۆییەکان دوو بەش دەگرێتەوە (حیکمەتی عەمەلی ، حیکمەتی نەزەری) ، فەلسەفە بە واتا تایبەتیەکەی تەنها بە حیکمەتە سەروسروشتیەکان دەوترێت کە لە زمانە بیانیەکاندا میتافیزیقی پێ دەوترێت و فەیلەسوف کەسێک بوو کە باش لە میتافیزیقی دەزانی بەڵام فەلسەفە بە مانا فراوانەکەی هاو واتای زانستە بەشێوەیەکی گشتی ، فەیلەسوف واتا خۆشەویستی دانایی ، ، ئەمڕۆ ووشەی فەلسەفە لە فەرهەنگی رۆژئاوایەکاندا واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە ، مەعریفەکانی وەک (فەلسەفەی مێژوو ، فەلسەفەی زانست ، فەلسەفەی ئەخلاق ...) لە دایک بوونە و گەشەیان کردووە کەواتە فەلسەفە لە هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوەدا بە واتای " زانستناسی " دێت ٢ .

یـەکـەم کـەس کـە زارەوەی (فــەلــسەفــەی مێــژوو) ی داهێنـا لــە نوسینەکانیدا ڤۆڵتێر (١٦٩٤ – ١٧٧٨) ز بوو ڤۆڵتێر لە بەکارهێنانی ئـەم زاراوەیەدا مەبەستی نەبوو لقێک لە لقـەکانی زانـستی مـرۆی دابمـەزرێنێـت ، بـەڵکـو ئـەوەبـوو مێژوونـوس دەبێـت لـۆجیکی فـەلـسەفـەی ئـەقڵانــی لـە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکار بهێنێت و خۆی نەداتە دەستی ئـەوەی کە لـە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە لە هەواڵ و ڕووداو گێڕانەوە ، پاش ئەمە فەلسەفەی مێژوو زۆری نەبرد بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ کـە ئامـانج و پرۆگرامـی خـۆی هەیە ، لێرەوە واتا و مانای مێژوو گۆڕا لەوەی کە مانای مێـژوو ڤـوڵتر بـووە لەوەی کە تەنها نوسینەوە بێت ٣ .

سەرەڕای ئەو بۆچونەی سەرەوە بەڵام بۆچونێکی تر هەیە کە ئـەویـش ئەوەیە کە تا ئێستا بە تەواوەتـی سـاغ نـەبوەتـەوە کـە لـە چ سـەردەمێکدا بابەتی فەلسەفـەی مێـژوو پـەیـدا بـووە و ڕون نـەکـراوەتـەوە چ هزرمـەنـدێک داهێنەر و ڕابەرێتی ، ئەوەی هەیە کە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا سەری هەڵدا و لەو سەردەمەدا لاهوتی لەبەر دەم زانست و فەلسەفەدا پاشەکشەی کردووە ، لێرەدا باسی ئەوە هاتە ئاراوە کە مێژوو مێژووی گەلە بـە گـشتی یـان هـی تاکە کەس و پاشاکانە کە لێرەدا بۆ ئەم وەڵامە لایەنی سیاسی و فەلـسەفـی هاتە ئاراوە ٤ .

وەک پەیوەندیداران باسی لێوە دەکەن فەلسەفەی مێژوو مانـای ڕامانـە بۆ هەمـوو مێـژوو ، کـەواتـە فـەلـسەفـەی مێـژوو وەک قـانون یـان وەک ئـەو زانستەی لێ هاتووە کە مێژوو بەشێوەیەکی بابـەتـی لـە ڕێگـەی لێکدانـەوەی (زانستی) یەوە کـە خـودی هاوکێـشەکـانی خۆیـەتـی دەبێـت بـە زانـست ، لێرەدا کێشە ئەوەیـە کـە مێـژوو یـەک بیرۆکـە و یـەک هاوکێـشەی نیـە وەک ئەوەی لە زانستە پەتیەکاندا هەیە واتا یەک لـەگـەڵ یـەک گـوزەرەان دەکـەن پێچەوانـەی زانستەکـانی تـر ، بـەم شـێوەیـە بیرۆکـەی نـوێ بیرۆکـەی کـۆن دەسـڕێتەوە و دوو بیرۆکـەی دژ بـەیـەک پێکـەوە نـاگونجێن ، لـەبـەر ئـەوە

فەلسەفەی مێژوو لەوە زیاتر کە (بیروبۆچون) بێت هیچی تر نیە ، هەروەک و راوبۆچونی سیاسەتمەداران وایە کە ئایە مێژوو سیاسەتی دوێنێ نیە ؟ سیاسەتیش مێژووی سبەینێ نیە ؟ ، هەر بۆیە کۆلنجوود دەیوت " مێژوو تەنها دەبێت فەیلەسوفەکان بینوسن " ٥ .

فەیلەسوفانی مێژوو نەیاندەویست لێکۆڵینەوەی مێژووی تەنها ببێت بە کۆمەڵێک جەنگ و پەیماننامەی سیاسی و روداوگەلی یەک لە دوای یەک بە بێ ئەوەی قولایی و هۆکاری ئەو روداوانە دەربخەن ، هەروەها ئامانجیان ئەوە بوو کە لێکۆڵینەوەی مێژووی لە مێژووی سیاسی و سەربازیەوە بیگۆڕن و بیکەن بە مێژووی ئاوەدانی ، مێژوو پەیوندیەکی بەهێزی لەگەڵ فەلەسەفەدا هەیە ٦ .

فەلسەفەی مێژوو بابەتێکە لەو بابەتانەی وەک زانستی کۆمەڵایەتی لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە لە دوای سەدەی هەژدە بە دواوە گەشەی کردووە و دەکرێت لێرەدا باسی چەند تایبەتمەندیەکی فەلسەفەی مێژوو بکەین کە کاری خۆیەتی و بەدوایدا عەودالە (جۆر و شێوازی شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی روداوەکانی مێژوو ، بە چیدا توێژینەوە مێژوویەکان لە جۆرەکانی دیکەی بابەتی زانینی مرۆڤ جیا دەکرێنەوە ؟ ، ئەو پرسیارانە کامانەن کە فەلسەفەی مێژوو دەربارەی بابەتەکە دەیانکات و کۆششی وەڵامدانەوەیان دەدات) گەر سەرەنجی ئەو تیۆرانە بدەین کە دەربارەی شرۆڤە و لێکدانەوەی مێژوو کراون ئەوا دوو جۆرن (لێکدانەوە و شرۆڤەی ئامانجەکەی کە ئەمە زیاتر لە فەلسەفەی هیگڵدا دەردەکەوێت کە مێژوو ناوەستێ تا بە ئامانج دەگات ، لێکدانەوە و شرۆڤەی هۆیەکی ئەمەیش وەک ئەوەی کە تۆینبی هزرمەند هۆکاری ئاینی بە هۆکاری گۆڕانکاری و پەرەسەندنی شارستانیەت و مێژوو دەبینێ) ، لە دوو لاوە فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانی تر جیا دەکرێتەوە ئەوانیش (ئەو میتۆدەی بەکاری دەهێنێ واتا رێگا زانستیەکانی توێژینەوە ، بابەتی توێژینەوەکە واتا ئەو

کەرەستەی کە دەیکات بە جیهان بینینی خۆی) ، ئەو پرسیارانەی لە چوار چێوەی فەلسەفەی مێژوودا دەکرێن بە سێ بەشەوە (پرسیاری مێژوویی ، پرسیاری لۆژیک و میتۆدی مێژوویی ، پرسیاری پرۆسەی مێژووی . ٧

لێرەدا دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هۆکارەکانی دامەزراندنی فەلسەفەی مێژوو بدەین کە ئەمەیش وامان لێ دەکات باشتر لەم بابەتە تێ بگەین :

١ – ئامانجی فەلسەفەی مێژوو دۆزینەوەی حیکمەتە یان ئەو مانایەی رووداوەکانی مێژوو دەبزوێنێ لە پێناو بە دیهێنانیدا .

٢ – (دیکارت) تەماشای کرد کەوا مێژوو ، مێژوونوس بەرەو رابردوو کێش دەکا تا وای لێ دێت ئێستای بەلاوە نامۆ دەبێت ،بۆیە پێویستە بۆ مێژوونوس بە رووی ئێستادا بکرێتەوە و ئاگاداری فەلسەفەی نوێ بێ .

٣ – ئەو مێژوونوسەی لەژێر باری رابردوودا دەژی و بەسەر ئێستادا نەکرێتەوە ئەوا توشی بارێک دەبێ کە لە نەخۆش دەچێت وەک ئەوەی (نیچە) پێی دەڵێت " پەتای مێژوو " .

٤ – فەلسەفەی مێژوو تەنها قەرەبوی کەم و کورتیەکانی مێژوونوسان ناکات بەڵکو هەوڵی چارەسەری کەم و کورتیەکانی فەیلەسوفانیش دەدات ، فەلسەفەی مێژوو تەنها لەبەر دابین کردنی پێداویستیەکانی مێژوونوسان دانەمەزراوە بەڵکو بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە . ٨

فەلسەفەی مێژوو گەڕانە بە دوای کۆمەڵە بنەمایەکدا کە پەرەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکانی لەسەر بەندە ئەویش راڤەکردنی رەوتی مێژووە لە ژێر تیشکی دیمانەیەکی گشتی ، وەک گشتێک بۆ روداوەکان نەک دابەش کردن ، بەم شێوەیە فەلسەفەی مێژوو بنەڕەتێکی فەلسەفی بۆ زانستی مێژوو دادەنێت ، فەلسەفەی مێژوو تەنها شەن و کەوکردنی ئەو رێبازەی کە

مێژوونوسـان دایـدەنـێن و گفتوگـۆکردن و شـی کردنـەوەی سـەرچـاوەکـان و توێژینەوەی زاراوەکانی مێژوونوسـان ناگـەیـەنێـت واتـا کـار کـردن تـەنهـا لـە رابردوودا بەڵکو فەلسەفەی مێژوو سنوری رابردوو تێ دەپەڕێنێت و ئێـستا و داهاتوو لە خۆ دەگرێت ٩ .

وەک جیاوازیـەک لـە نێـوان زانـستی مێـژوو وە فـەلـسەفـەی مێـژوودا دەتـوانین بڵێـین زانـستی مێـژوو ئاگـادار بوونـە لـە روداوەکـانی رابـردوو وە هەڵسەنگاندنی ئەو روداوانەیە بەڵام فەلسەفەی زانستی مێـژوو لـە چۆنیـەتـی توانا و و سنورەکانی زانستی مێژوو دەکۆڵێتـەوە ، ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە زانستی مێژوودا دەخرێنە روو لـەم چـەشـنەن : شۆڕشـی گـەورەی فـەرەنـسا کەی رویدا ؟ هۆکارەکانی چی بوو ؟ دەرئەنجامەکانی چی بوون ؟ کاریگەری لەسەر پیشەسازی چی بوو ؟کاریگەری لەسەر سیاسەت چی بوو ؟ هەروەهـا کاریگەری لـەسـەر وڵاتـانی تـر چـی بـوو ؟ بـەڵام ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە فەلسەفەی زانستی مێـژوودا دەخرێنـە روو لـەم چـەشـنەن : چـۆن دەتـوانین پێشبینی بکەین لە مێژوودا ، ئایا زانستی مێژوو زانستێکی ئەزمونیە ، ئایـا راڤـەی دیـاردە مێژووییـەکـان هاوتـای راڤـەی دیـاردە سروشـتیەکانـە ؟ ، بـە روونی دیارە کە جۆری پرسیارەکان لە هـەردوو بـەشـەکـەدا جیـاوازن کـە لـە جۆری یەکەمدا پرسیارەکان دەربارەی روداوە دەرەکییەکانن بـەڵام لـە جـۆری دووەمدا پرسیارەکان دەربارەی زانستێکە بە ناوی زانستی مێژوو ١٠ .

فەلسەفەی مێژوو لای فەیلەسووفان و زانایان

لێرەدا بە کورتی و بەشـێوەیـەکـی پوخـت تیـشک دەخـەینـە سـەر رای چەند فەیلەسوفێک کە بۆچونیان سەبارەت بە (فەلسەفەی مێژوو) هەبـووە و لەم بوارەدا باس دەکرێن و کاریگەریان هەیە .

ڤۆلتێر (١٦٩٤ – ١٧٧٨) ز

فرانسۆ ماری دو ڤۆڵتێر بە دامەزرێنەر و رابەری راستەقینەی بابەتی فەلسەفەی مێژوو دادەنرێت ، بە ناحەز و رکەبەرێکی سەرسەختی ئاینی مەسیحی سەردەمی خۆی ناسراوە و لەو باوەڕەدا بوو کە بیرۆکەی بەهرەی رەبانی زیانێکی گەورە لە پرۆسەی پێشکەوتنی سەربەخۆیانەی مێژووی داوە ، گەر چی بە دەگمەن نەبێت ڤۆڵتێر نەخراوەتە ناو خانەی فەیلەسۆفانەوە بەڵام سەرکەوتوانە توانیویەتی لە بەرهەمەکانیدا پوختەی بزوتنەوەی رۆشنگەری فەرەنسی بەرجەستە بکات ، لەم بابەتەدا دەکرێت جیهانبینی ڤۆڵتێر دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکەین کە ئەویش لایەنی نەرێنی کە ئەویش بریتیە لە رەخنەگرتنی توندی لە ئاین و ئاینی مەسیحی و جولەکە و ئینجا تاوتوێ کردنی فەلسەفەی دیکارت و هێرش بردنە سەر بیر و راکانی رۆسۆ هەروەها لایەنی ئەرێنی کە ئەویش بریتیە لە بیروبۆچونەکانی دەربارەی مێژووی پەرەسەندن و کلتور و شارستانیەت و مرۆڤ ١١ .

مێژوو لای ڤۆڵتێر لە سەروی سەرگوزشتەی دەسەڵاتدارەکان و بارودۆخی نەتەوەکان و ئاینەکانی هەموو جیهانەوەیە ، هەموو نەتەوەکانی جیهان یەک و هیچیان هەڵبژێردراو نین و مێژوو بریتیە لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بەم شێوەیە مێژوو بە بڕوای ڤۆڵتێر بریتیە لە پێشکەوتنی مرۆڤ لە لە تاریکی ئەفسانە و خەیاڵ بەرەو رۆشنای و دانای و ژیری کە ئەمەیش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێت ١٢ .

بە کورتی دەتوانین گرنترین بیروبۆچونی ڤۆڵتێر کە پێشکەشی فەلسەفەی مێژووی کردووە بیخەینە روو :

١ – ڤۆڵتێر یەکێک بوو لەوانەی کە بڕوای بە ئەقڵ هەبوو لە بواری داهێنانە زانستیەکاندا کە لە سەردەمی رۆشنگەریدا پەرەی سەند ، ئەو بڕوای بە مرۆڤ هەبوو وە بڕوای وابوو کە جیاوازی لە ئەقڵی مرۆڤەکاندا نیە. بەڵام ئەو جیاوازیەی کە هەیە بە هۆی هۆکارەکانی وەک (کەش و هەوا ، سیستەمی دەسلات ، ئاین) ەوەیە .

٢ – ڤۆڵتیر و مێژوو نوسە ئەقڵانیەکان بڕوایان وابوو "گەردون و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئالی بەڕێوە دەچێت".
٣ – ڤۆڵتێ بیرۆکەی چاودێری خواوەندی ڕەت دەکردەوە لە لێکدانەوەی مێژوودا.
٤ – ڤۆڵتێر هەولی دەدا ئەقڵ و تاقی کردنەوە بەکار بهێنێت لە پشکنینی ئەو زانیاری و هەولانەی کە پێی دەگەیشتن و ئەو گومانی کردە ڕابەر بۆ هەڵبژاردنی ڕاستی شتەکان .
٥ – ڤۆڵتێر دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە نوسینە مێژوویەکان بە تایبەت ئەوانەی کە پشتیان بە تەورات بەستووە وەک نوسینەکانی (ئۆگستین ، یوسوی) کە وا تەماشا کراون کە یەهودییەکان گەلی هەڵبژێردراوی خودان کەچی میللەتە دێرینەکانی ڕۆژهەلات پشت گوێ خراون .
٦ – ڤۆڵتێر دەستی کرد بە چاککردنی ساڵنامەی مێژووی ئەوروپی بە پێی جێگە و پایەی ئەقڵ ، واتا جیا کردنەوەی مێژووی ئەوروپا لە یەکدی (ناوەڕاست و مێژووی یۆنان و سەردەمی ڕۆشنگەری ...) کە ڕۆشنگەری بە گەشاوەترین سەردەمی مێژووی ئەوروپا داناوە .
٧ – ڤۆڵتێر هەولێ داوە لە دیدگای " جیهانی – شارستانی) یەوە مێژوو بنوسێت نەک بە پێی مێژووی ئەوروپا ، هەر بۆیە ئەو گرنگی بە شارستانیەتی میللەتە کۆنەکانی عێراق و میسر و چینی و هندییەکان داوە و داوایشی کردووە گرنگی بە مێژووی گەلە سەرەتاییەکان بدرێت ١٣.

مێژوو زنجیرەیەکی توندوتۆڵی ئەڵقە بەیەکەوە گرێ دراون ، ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات لە ڕووداوێکی ڕابردووە و لە ڕابردوو کەوتوەتەوە و دوا ڕۆژیش هەر لەو دەکەوێتەوە ، مێژوو بریتیە لە پرۆسەیەکی هەمیشەی گۆڕانی فرە ڕەنگ و بەرەو پێش چون ، هیچ شتێک نیە نەگۆڕێ و لە دەستی گۆڕان و یاساکانی دەرباز بێ بەلام ئەمە هۆکاری سروشتی و مرۆی هەیە و هیچ بەهرەیەکی سەروی سروشت دەستی لەو کارەدا نیە ١٤ .

لـەبـەر رۆشـنای ئـەوەی کـە باسـمان کـرد هـەنـدێک لـە مێژوونوسـان و لێکۆڵـەران دەنوسـن کـە ڤـۆڵتێر یـەکـەمـین کـەسـە کـە بناغـەی مێـژووی شارستانیەتـی داناوە بـە مانـا نوێیـەکـەی ، (ویـدجیری) لـە کتێبـەکـەیدا دەڵێت " ڤۆڵتێر مانای مێـژووی لـە زانـست و هونـەرە جوانـەکـان و ئـەدەبـدا دەبینی ١٥ .

ڤیکۆ (١٦٦٨ – ١٧٧٤) ز

ڤیکۆ ١٦ یەکەم هزرمەنـدە هـەوڵـی داوە بنـەمـای بابـەتـی فـەلسەفـەی مێژوو دابنێ لەوەدا لە جیاتی ئـەوەی مێـژوو بـە نوسـین و شـرۆڤە کردنێکـی سـادە و سـاکاری روداوەکـان دابنـێ بـەڵکـو هـەوڵـی داوە لـەو پێـوەنـدی و یاسایانە لێکۆڵێتەوە کە لە نێو روداوەکاندا بەدی دەکرێن و کەوتنـەوەی ئـەو ئامانجانەی کە لەو روداوانە دەکەونەوە ، ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە لە پـشت هەر دوو دیاردەی سـەرسـوڕهێنەری مـردن و ژیانـەوە مـەبـەستێکی نادیار و شاراوە هەیە کە زیاتر بە لای چاکەدا دەچێت ١٧ .

سەرە رای ئەوەی کە ڤیکۆ بە رەخنـەگرێکـی جدی لـە بیـری دیکـارت سەبارەت بە مێژوو دادەنرێت هەروەها ئەو بە یـەکـەم مێژوونوسـی ئـەوروپـی دادەنرێت کە خـۆی تـەرخـان کـرد بـۆ دانـانی بنـەڕەت گـەلێـک کـە میتـۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی لەسەر دابمەزرێت و ڤیگۆ رەخنـەگرتنـی لـە سروشـتنی زانینی دیکارت بە دەست پێکی میتۆدی فەلسەفی مێژوویی دادەنرێت .

بـەلای ڤیکـۆوە ئــەو هــەڵانــەی کــە مێژوونوســان دەیکــەن لــە توێژینەوەکانیاندا ئەو هەڵانە سەرچاوەی هەموو هەڵـەیـەکن لـە تێگـەیشتنی مێژوودا کە ئەوانیش بریتین لە :

١ – زیـادەڕۆی کردنـی مێژوونـوس لـە هـەڵـسەنگانـدنی ئـەو سـەردەمـی توێژینەوەی لـەسـەر دەکـات ، ڤیکـۆ تێبینـی کردبـوو مێژوونوسـان بـە زۆری

زیـادەڕۆی لـە هێـزی مـەزنـی ئـەو سـەردەمـە دەکـەن کـە بابـەتـی توێژینەوەکەیانە .

٢ — لە خۆبایبوونی نەتەوەکان لەوەی کە هەموو نەتەوەیەک لـە گرنگـی دان بە مێژووی رابردووی خـۆی هـەوڵـی رازاندنـەوەی ئـەو مێـژووە بـە پرشـنگدار کردنی لای خۆیی خۆشەویستی دەکات .

٣ — لـە خۆبـایبوونی فێرخـوازان کـە بـە پێـی دەربڕینـی ڤیکـۆ لـە شـێوەی ئارەزوویەکدایە کە مێژوونوس هەیەتی .

٤ — هەڵەی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانەوە یاخود ئەوەی کە ڤیکۆ ناوی لێ دەنێت بە دوای یەکدا هاتنی (زانستی نـەتـەوەکـان) ، ئـەو هـەڵـەیـەیش ئەوەیە کە ئەگەر دوو نەتەوە پابەندی یەک سیستەمی هاوشێوە بن بێگۆمـان ئـەوا دەبێـت یـەکێیـان ئـەو بیرۆکـە یـان سیـستەمـەی لـە یـەکێکـی دیانـەوە وەرگرتبێت ١٨.

ڤیکۆ لەو باوەڕەدا بوو کە مێژووی ئادەمیزاد دەتوانرێت بخرێتـە بـەر پێوانە و لێکدانەوەی زانست و ئەو مێژووی ئادەمیزادی دەقاودەق لە چەشنی سروشت دەبینی کە بە زەبری ژمارەیەکـی زۆر یاسـا و چـەسپاو دەبزوێت و دەگۆڕێت ، ئەو بۆچونەی کە ڤیکۆ خستیە سەر (خـولی مێـژووی) کـە تـا ئـەمـڕۆیش بـەشـێک لـە مێژوونوسـانی رۆژئـاوا بڕوایـان پێیـەتـی و لـە نوسینەکانیاندا بەکاری دێنن بە شێوازی جیاواز ، لای ئـەو بیرمـەنـدە مێـژوو بریتیە لە چوار قۆناغ (باری دڕندەیی ، چاخی خواکان ، چاخی پاڵـەوانـان و دوا قۆناغیش چاخی ئادەمی) و دوای بڕینی ئەم قۆناغانە گوایە کۆمـەڵ دەکەوێتە هەرەس هێنان و روخان و دیسان لەسەرەتاوە دەست پێ دەکات و ئادەمیزاد هێـزی بزوێنـەری سـەرەکـی هـەمـوو ئـاڵوگۆڕی قۆناغـەکانـە ، ئـەم تیـۆرەی ڤیکـۆ لـە دوای مێژوونوسـانی دوای خـۆی کرایـە خـولی شارستانیەتەکان و بەم پێیە هەموو ژیانێکی ژیاری وەک تەمـەنـی مـرۆڤ بـە هەر سێ قۆناغی " منالی ، لاوی و پیری " دا تێپەڕ دەبێت ١٩ .

ڤیکۆ کە بیروبۆچونی خۆی دەخاتە روو پشت بە مێژوو دەبەستێت و بەمەیش دەیەوێت بەرپەرچی دیکارت بداتەوە چونکە دیکارت پشت بە ماتماتیک دەبەستێت نەک بە مێژوو و دیکارت لە ناو هەموو مەعریفەکاندا تەنها ماتماتیک بە مەعریفە دادەنێت و داکۆکی لێ دەکات و دەڵێت " لەوە زیاتر کە خودی خۆمان کردومانە هیچی تر بە تەواوی نازانین " و ئەم وتەیەیش ئەو بنەما فەلسەفیە هاوبەشەیە کە لەسەردەمی (بیکۆن ، هۆبز ، کانت ...) ەوە دەست پێ دەکات ، ڤیکۆ ئەم پرۆژە تایبەتەی خۆی ناونا (زانستی نوێ) کە مەبەستی (زانستی مێژوو) ە و دەڵێت " ئەم زانستە هەر وەک زانستی ئەندازە خودی خۆی هەموو جۆرە پێوەرەکان دەگۆڕێت و بە پێی رەگەزە تایبەتەکانی خۆیان دایاندەنێت بە واقیعێتێکی یەکسان بەو واقیعێتەکەی کە پەیوەندیان بە مەسەلەی مرۆڤەوە هەیە و لە واقیعێتی خەت و خاڵ و هێڵ زیاتر دەگرێتەوە " ٢٠ .

دەتوانین تایبەتمەندیەکانی (زانستی نوێ) کە بە پرۆژەیەکی گرنگی ڤیکۆ دادەنرێت لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە و ئاماژەیەکی بۆ بکەین وەک (چاودێری خوای ، فەلسەفەی دەسڵات ، یاسای سروشتی بت پەرستەکان ، مێژووی شارستانیەت ، مێژووی جیهانی ، پێشکەوت و هاوسەنگی) ٢١.

تێبینیە میتۆدییەکانی ڤیکۆ لە بەهادارترین پشکداریەتیەکانی بووە لە توێژینەوەی مێژوویەکاندا ، سودی لە میتۆدی توێژینەوەی شیکاری رەخنەی باوی سەدەی ١٧ ی ئەوروپا وەرگرتووە و توانیویەتی هەنگاوێک لەو میتۆدە بەرەو پێشەوە ببات ، ئەویش بە زیاد کردنی دارشتنێتی لە پێناو توێژینەوەی مێژووی و پەیی بردن بە راستیەکانی ، هەر ئەمەیش وای کرد کە زۆرێک ڤیکۆ بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو ناو زەند بکەن بەڵام سەرەڕای ئەمانەیش چەندین رەخنە ئاراستەی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی ڤیکۆ دەکرێت لەوانە :

١ ڤیکۆ مـەرجـی زانینـی راسـتیە مـەتماتیکیـەکـان بـە زانینێکـی دڵنیـای دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی زانستی ماتمایکی لە رێگەی دانانی چەند رێسایەکەوە دروست کردووە ، لێرەدا ئەو رەخنەیە ئاراستەی ئەو تێڕوانینەی ئەو دەکرێت کە یاساکانی بیرکاری لەو رووە دڵنیایینین کە دەسکردی مرۆڤن بەڵکو لەو رووەوە دڵنیـایـن کـە گوزارشـت لـە واقعـی راسـتەقینـە دەکـەن بـۆ نمونە کاتێک دەوترێت دوو نیوەی چوارە ئەوا مـرۆڤ لـە رێگـەی هێماکانـەوە کە خۆی دایناوە گوزارشت لە راستی دەکات .

٢ – یەکێک لە گەورەترین ناتەواویەکانی پرۆژەکەی ڤیکۆ (زانـستی نـوێ) ، پۆلێن کردنی مێژووە لەسەر بنـەڕەتێکـی ئایدۆلۆجیانـە بـۆ مێـژووی پیـرۆز کە مێژووی (جولەکە و مەسیحی و مێژووی دونیایی) ... ٢٢.

شپنگلەر (١٨٨٠ – ١٩٣٦) ز

زۆربەی فەیلەسوفان و مێژوونوسان گرنگیان بـە خـودی چـەمکـی مێـژوو داوە چونکە چەمکێکی فرە رەهەندە و مایـەی گفتوگـۆ لـەسـەر کردنـە بـەڵام دەبێت ئەم چەمکە لای شپنگلەر ٢٣ کە زۆرێک لە فەلسەفەکەی بۆ مێـژوو و شارستانیەت تەرخان کردووە چی بگەیـەنێت ؟ ، شـپنگلەر سـەبـارەت بـە مێژوو دەڵێت " مێژوو بریتیە لەو فۆرمەی بە هۆیـەوە مـرۆڤ تـێ دەکۆشـێت بۆ پەیپێبردنی بوونی زیندووی جیهان لە رووی پەیوەندی بە ژیـانی مرۆڤـەوە ، بەو هۆیەیشەوە دەتوانێت بگـات بـە حـەقیقـەتـی قـوڵ " لـەو دەقـەوە تـێ دەگـەیـن مێـژوو لای ئـەو چوارچێـوەیـەکـە بـۆ تێگـەیـشتن لـە جیهـان وەک هەبویەکی زیندوو کەواتە مێژوو پێـک نـەهـاتووە لـە کۆمـەڵێـک رووداوی بـێ بنەما و بێ سود بەڵکو بەهاکەی ئەوەندە گەورەیە یەکسانە بە حەقیقەت .

ئۆرگـانی راسـتەقینـەی مێـژوو بریتیـە لـە یـادەوەری بـەو مانایـەی کـە بریتیـە لـە وێنـا کردنـی رابـردووی مـرۆڤ و نـەتـەوە و جیهـان کـە وەک ئێستایەکی تەواوەتی دەپارێزرێت ، شپنگلەر یاداشت یان ژیاننامەی کەسێک

تەنها بە كۆكەرەوەی ژیانی ئەو كەسە نازانێت بەڵكو بە كۆكەرەو و رۆحی شارستانیەتێكی تەواوی دەزانێت ، یەكێكی تر لەو پرسانەی كە شپنگلەر دەیوروژێنێت ئەوەیە كە مێژوو بۆ كێیە ؟ یان كێ خاوەنی مێژووە ؟ هەر بۆخۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و مێژوو بە هی هەموو كەسێك دەزانێت ، ئەو شارستانیەت بە یەكەی لێكۆڵینەوەی مێژوو دادەنێت و ئەمە ئەوە لە بیر ناباتەوە كە رۆڵی تاك لە مێژوودا لەبیر بكات ، كەواتە مێژوو تەنها بریتی نیە لە مێژووی سەركردە و پاشاكان و تەنها ئەوان خاوەنی نین بەڵكو سەرجەم ئەو كەسانەی سەر بە شارستانیەتێكی دیاری كراون بەشدارن لەو مێژووەدا ٢٤.

فەلسەفەی شپنگلەر سەبارەت بە شارستانیەت مەیلێكی بونگەرایی ئاشكرای هەیە ، ئەم بۆچونە هەمیشە دژی ئەو روانینەیە كە حاڵەتە جیاوازەكان لە ژیاندا دەشارنەوە ، ویڵسن رایگەیاندووە بونگەرایی داوای ئەوە دەكات بە دیدێكی وا بۆ جیهان بڕوانین كە نێوانی زانست و هونەر یەك بخرێت و رازی نابێت سروشت بكرێت بە دوو بەشەوە ، مەبەستی ویڵسن كە دەڵێت شپنگلەر مێژوونوسێكی بونگەراییە واتا بونگەرایی شۆڕشێكە دژی لۆجیك و ئەقڵ و داوایەكە لە پێناو خۆرسكی دیدوبۆچونەكان ، شپنگلەر هەموو ئەوانەی خستوەتە ناو لێكۆڵینەوەی مێژوویەوە و حەزی لە مۆسیقا و شیعر دەكرد و هەمیشە ووتەكانی گۆتە و (نیچە) ٢٥ ی بەكار دەهێنا ، ئەو لەو بڕوایەدا بوو ماتماتیك و زانست لایەنێك لە لایەنەكانی خەباتی نەفسی مرۆڤ پێك دەهێنن ٢٦.

لە لایەكی ترەوە دەرخستنی ئەو میتۆدەی شپنگلەر بەكاری هێناوە لە لێكۆڵینەوەی مێژوویدا كارێكی ئاسان نیە چونكە ناتوانیت میتۆدەكەی راستەوخۆ پەی پێبەریت هەر بۆیە زۆرێك لەوانەی لەسەریان نوسیوە رەخنەیان لێ گرتووە و ئەو رەخنەگرانە ئاماژە بەوە دەدەن ئەو شێوازەی ئەو خراپە و پڕە لە دووبارە بونەوە و ئاڵۆزی و شپرزەی ، هەندێكی تر

دەڵێن " لێکۆڵینەوە ناکات بەکرداری بەڵکو تەنها بڕیار دەدات و زۆر گوێ نادا بە هۆی هێنانەوە بۆ ئەو شتانەی کە بڕیاریان لەسەر دەدات "،سەرباری ئەمەیش شپنگلەر بۆچونی خۆی هەیە سەبارەت بە پرسی میتۆد و چارەسەری مێژوو ، ئەو پێی وایە پێویستە سروشت بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر بکرێت بەڵام مێژوو بەشێوەیەکی شیعری چارەسەر بکرێت چونکە لە نێوان مێژوو و شیعردا پەیوەندیەکی هاوخوێنی هەیە .

ئەو میتۆدە نوێیەی شپنگلەر پەسەندی دەکات ناوی لێ ناوە میتۆدی هیمای (سیمائی) ئەمیش بریتیە لەوەی کە مێژوونوس هەڵدەسێت بە نیشانە کردنی دیمەن و خوێندنەوەی روخسار ، هەر بۆیە لە دیمەنی روداوەکان هیمای ئەو رۆحە دەردەهێنێت کە روداوەکە لێوان لێوە لێی ، ئەم میتۆدە هەر وەک وێنەکێشانی کەسایەتیەکان وایە بەڵام وێنەکێشانێکی رۆحی ، شپنگلەر پێی وایە پێویستە مێژوو بەو شێوە بنوسرێت ، کەواتە مەبەست لە میتۆدی سیمائی خوێندنەوەی زیندوانەیە بۆ مێژوو بەم پێیە بێت خوێندنەوەی مێژوو مەعریفەیەکی خۆرسکە .

لای شپنگلەر لێکۆڵینەوەی مێژووی لە پێک هاتەی ناوکی مێژووی دەکۆڵێتەوە چونکە ئەو پێی وایە مێژوو زیندووە وەک ئەوەی کە هەندێک وێنای دەکەن بریتی نیە لە کۆمەڵە شتێکی مردوو و رواڵەتی بەڵکو ناوەڕۆکێکی هەیە کە تەنها بە لێکۆڵەری راستەقینە دەدۆزرێتەوە و پیشان دەدرێت ٢٧.

هیگڵ (١٧٧٠ – ١٨٣١) ز

هیگڵ ٢٨ وەک ئنگلیز دەڵێت یەکەم کەسە هەوڵی داوە ئاڵوگۆڕە ناوخۆیەکانی مێژوو دەست نیشان بکات و زۆر زوو کەوتە بایەخدان بە مێژوو کە بە لای ئەوە لە سەردەمی گریکەکانەوە دەست پێ دەکات ، هیگڵ لەوە دەگەیشت کە کەس ناتوانێت رەوڕەوەی مێژوو بەرەو پاش بگەڕێنێتەوە ٢٩ .

تیۆریەکەی هیگڵ لەسەر ئەوە بنیاد نرا بوو کە مێژوو هیچ نیە جگە لە مێژووی هۆش و پێشکەوتنی هۆش کە ئەمەیش یەکسانە بە پێشکەوتنی مێژوو و گەلانی بێ هۆش کە ناتوانین بە گەلانی بێ هۆش بڵێین گەلانی ئازاد چونکە ئازادی دەست ناکەوێ تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کە هۆشیان هەیە و هەست بە گرنگیەکەی دەکەن ، بەم پێیە ئەقڵ جەوهەری مێژووە هەروەها جەوهەری مرۆڤیشە ، **مەبەستی هیگڵ لە بارەی فەلسەفەی مێژووە بە کورتی بریتییە لە :**

یەکەم : فەیلەسوفی مێژوو نابێتە ڕێگر لەبەردەم مێژوونوسی ئەزمونگەری لە لێکۆڵینەوەی روداوە مێژوویەکان ، مێژوو بریتیە لە ڕەنگدانەوەی گیانی ئەقڵ لە رۆژگارەکاندا .

دووەم : ئەقڵ جەوهەری مێژووە هەر وەک چۆن جەوهەری سروشتیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازیەکی گرنگ کە بریتیە لەوەی کە ئەو ئەقڵەی مێژوو دەبات بەڕێوە بریتیە لە ئەقڵێکی ئاگا لە خودی خۆی کە مەبەست مرۆڤە ،هیگڵ وێنەی پێک هاتەی کە بۆ مێژوو بەکاری هێناوە بە سێ خاڵ لێک دەداتەوە (سروشتی ئەقڵ کە ناوی لێ دەنێت گیان ، بەدیهێنانی ئەقڵ و ئەو شکڵەی کە گیانی تێدا بەرجەستە دەبێت) ٣٠ .

هیگڵ بۆچون و سەرنجەکانی خۆی لەبارەی جۆرەکانی نوسینی مێژووە خستە روو لە پێناو گەیشتن بە سادەترین و چاکترین ڕێگە بۆ نوسینی مێژوو کە ئەمە (ڕێبازی رەخنەی) یە لە فەلسەفەی هیگڵ بۆ مێژوو :

١ – هیگڵ رونی کردەوە سێ ڕێگەی سەرەکی هەیە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا لە رووی ڕێبازەوە کە ئەمانەن (مێژووی راستەقینە ، مێژووی نەزەری ،مێژووی فەلەسەفی) .

٢ – هیگڵ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوانەی لە گێڕانەوە و لێکۆڵینەوە رەسەنەکانەوە هاتون دەبێت لە داستان و حیکایەت و کەلەپوری میللی دوور

بخرێنەوە ، واتا هیگڵ زۆر بە تەنگ وردەکاری و بابەتی بوونەوە هاتووە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا .
٣ – جۆرێک لە نوسینەوەی مێژووی بە بڕوای هیگڵ نوسینی (مێژووی دیمانەی) یە کە لێرەدا مێژوونوس ئەو روداوانەی کە دەیگێڕێتەوە ناژی بەڵکو ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژی تێی دەپەڕێنێت تا مێژووی سەردەمێکی دیکە بنوسێتەوە .
٤ – هیگڵ ئاماژەی بە وێنەیەکی مێژووی دیمانەی (نچری) کردووە ، ئەو مێژوویە کە لە پێناو بە دەست هێنانی پەند و ئامۆژگاری لە تاقی کردنەوەکانی رابردوو دەنوسرێت کە ناوی ناوە مێژووی کردەوەیی کە کاربەدەستان و فەرمانڕەواکان ئەرکی لێکۆڵینەوەی و خوێندنەوەی مێژوویان دەکەوێتە سەر شان بەڵام ئەوەی ئەزمون و مێژوو فێرمان دەکا ئەوەیە کە گەلان و حوکمەتەکان هیچ لە مێژووە فێر نابن .
٥ – بۆ خستە رووی سەرنجەکانی سەبارەت بە مێژووی دیمانەی ، هیگڵ جۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی دیکە دەخاتە بەردەست کە پێی دەڵێت " مێژووی رەخنەیی " ئەم پیشاندانە لە تەرحکردنی نوسینی مێژوویی لەو جۆرەیە کە رووداوەکانی مێژووی خۆی ناخاتە روو بەڵکو ئەو گێڕانەوە جیاوازانەی مێژوو دەخاتە روو کە دەیان پشکنێ و رەخنەیان لێ دەگرێت و راستەیەکانیان رون دەکاتەوە .
٦ – هیگڵ وەک جۆری چوارەم روانیوتە (مێژووی هزر) کە ئەمەیش جۆرێکە لە جۆرەکانی نوسینی دیمانەیی مێژوو کە لەسەردەمی خۆیدا گرنکی پێ دەدرا کە بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرا لە (مێژووی دانانی) یەوە بۆ (مێژووی فەلسەفی) ٣١.

هیگڵ " مێژوو " لە مانایەکدا بەکار دەبات کە لە " فەلسەفەی مێژوو " جیاناکرێتەوە بە بۆچونی ئەو مێژوو بە مانای تۆمار کردنی روداوە مێژوویەکان نیە بەڵکو بە مانای هزری مێژووییە کە ئەمەیش بەو مانا دێت

کە مەبەست لە خوێندنەوەی مێژوو ئەوە نیە کە ئاگایت لە روداوەکان هەبێت بەڵکو مەبەست ئاگادار بوونە لەسەر فاکتەر و ئاراستەی رودانی ئەو روداوانە ، هیگڵ لە مانایەکی گشتیدا باس لە گەردون دەکات کە هەم مانای مادی و رۆحی گەردونی دەگرێتەوە و هاوکات لەسەر ئەو باوەڕە بوە کە سروشتی مادی لە گۆڕانی مێژوودا بەشداره بەلام رۆح و گۆڕانی رۆحی بە فاکتەری سەرەکی گۆڕانی مێژووی دەزانێت ، لێرەدا دەتوانین بلێین مێژوو خشتەی قۆناغە جۆر بەجۆرەکانی بەدەست هێنانی ئازادییە چونکە ئازادی جەوهەری رۆحە ، قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا قۆناغی ئەمڕۆی گوزارشت لەو ئازادییە دەکات ، لە راستیدا هیگڵ مێژووی جیهان بە مێژووی رۆح دەزانێت ، گەر بەم جۆرەی باسمان کرد ئامانجی مێژوو بەدەست هێنانی ئازادی بێت ئەوا بە بۆچونی هیگڵ ئازادی مرۆڤ بریتیە لە ئاگای و تێگەیشتن ٣٢ .

هیگڵ مێژوو پێناسە دەکات و لە هەر پێناسەیەکدا مەبەستێکی ئاکامی هەیە کە بریتیە لە سێ لایەن (سنورداری واتا سنورەکان دیاری کراون و پایەندی مەرج دەبن ، مەبەستگەرایی واتا ئاراستە و ماناکەی تێکەڵە لە بابەتگەری و خودگەری واتا ماناکەی مەعقولێکە دەکەوێتە دوای رێکەوتە سەرزارەکیەکانەوە ، بە دەست هێنان واتا بەدەست هێنان و کامڵ بوون لەگەڵ سروشتدا واتا شێوەی هاوگونجاوی ناوەڕۆک) ئەو سێ لایەنە پێویست و ئەقڵانین ، لێرەوە دەگەینە ئەوەی دوای ئەوەی فەلسەفەی مێژوو بوونی مێژووی مرۆڤی ئاشکرا کرد و مرۆی ناسی سنورێک بۆ مێژوو دادەنێت .٣٣

لە دیدگای هیگڵدا ئاشتی و ئاسودەیی هیچ کات لە دەقی مێژوویدا نەبووە ، ئایا بە پێچەوانەوە ناتوانرێت بڕوا بکرێت کە هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاشتی خۆی هێمایەکە بۆ دەسەلاتی مێژووسازی مرۆڤ ؟ ئایا ناتوانرێت بوترێت جۆش و خرۆشی ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە رێگری دروست

بوونی شەڕ بکەن بەنرخترە لـە چالاکی کـەسێک کـە ئـاگری ململانیـەکـانی هەڵگیرساندووە ؟ وەڵامێک لە بارەی ئەم بابەتەوە لە بەرهـەمـەکانی هیگڵـدا دەتوانرێت ئەنجامگیری لێ بکرێ و زەیـن رازی ناکـات و ویژدانـی ئـەخلاقـی مرۆڤ بە نیگەرانی دەهێڵتـەوە و هـەروەهـا دەمـارگیری هیگـڵ بـۆ نـەتـەوەی جەرمانی ئەوا سەربەخۆی لەو فەیلەسوفە دەسێنێتەوە ٣٤.

هیگڵ مێژوو بە ئاشتی لێکدەداتەوە واتا ئاشـتی لـە هـەر دوو جیهـانی (رۆحی ، زەمەنی) بەم جۆرە لـە چـاخی نـاوەڕاسـتدا زەمـەنـی دڕنـدەی و ئارەزوو بازی مرۆڤ کە دواتر لە چاخی نوێدا کە چاخی ئاشتیە رویدا لێرەوە جیهانی ئەقڵ و یاسا بنیاد نـرا بـەمـەیـش جیهـانی رۆح دەسـتی لـە زۆرداری هەڵگرت ، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە کۆتای مێژووەکەی هیگڵ بدەین کە پێـی وایە مێژوو ی جیهان لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا هەنگاوی ناوە و ئـەوروپـا واتا کۆتای مێژوو بەوشێوەی کـە ئاسـیا سـەرەتاکـەی بـووە ، ئـەوەی هیگـڵ باسی دەکات ئەوەیە کە ئەم جیهانە بە کۆتا گەیشتووە " ئەوەتا ئەم مێژووە بە کامڵ بوون گەیشت واتا ئازادی ٣٥ .

یەکێک لە باسەکانی فەلسەفەی مێژوو لای هیگـڵ (دیالیکتیـک) ە کـە ووشەیەکی وێنانیە و هیگڵ لە ئەفلاتۆنەوە وەری گرتووە مەبـەسـتیش لـەمـە پرۆسە مێژوویەکانە کە بە پرۆسەی یەکتر هەڵوەشاندەوە بەڕێوە دەچێت واتا هەر ئاراستەیەک کە دەگاتە کۆتای ئاراستەیەکی تر لـە دایـک دەبێـت و بـەم جۆرە هەموو شتێک هەتـا هـەتـای وا دەبێـت ، سـەربـاری گرنگـی هیگـڵ بـۆ مێژوو بەڵام چەندین رەخنەی ئاراستە دەکرێت سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو لەوانە (نارەوای بۆچونەکانی لەسەر گەلانی نائەوروپی و چەندانی تـر ...) . ٣٦

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) ووشەی (فەلسەفە) لە بنچینەدا گریکیە ، مانای (حۆشەویستی حیکمەت) دەگەیەنێت و بەمەیش واتا فەیلەسوف گیرۆدەی حیکمەتە ، ئەفلاتۆن (٤٢٧ – ٣٤٧) پ . ز پێناسەی فەلسەفە دەکات و دەلێت " فەلسەفە کۆششی دۆزینەوە و گەڕانە وە زانینی حەقیقەتە " ، هەروەها سوقراتیش دەلێت " فەیلەسوفەکان ئەوانەن کە حەز بە بینینی راستیەکان دەکەن و بە دوایدا عەودالّن " ، لە کتێبی (المدخل الی معانی الفلسفە) باس لە خەسڵەتەکانی فەلسەفە کراوە و هاتووە " فەلسەفە مەعریفەیەکە خەسڵەتی پاکی و تەنهای هەیە ، گەڕان بە دوای زانیاریدا کاریکە لە ناخی مرۆڤدایە و سروشتیە ، فەلسەفە منداڵێکی دانایە و بەرهەمی رەخنەگرانەی عەقڵە و بیری ئازادییە ...) ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

(١) د . عرفان عبدالحميد : المدخل الي معاني الفلسفة ، الطبعة الاولي ، الدار الشون الثقافية عامة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ل ٣٦ – ٣٩ .

(٢) عەبدولکەریم سرووش : زانست چیە ؟ فەلسەفە چیە ؟ وەرگێڕانی : سامان سەلاح ، چاپی یەکەم ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل ٣٩ – ٤١ .

(٣) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو ، وەرگێڕانی : دەوەن حەسەن ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، ل ١٨١ – ١٨٢ .

(٤) د . حەمید عەزیز : رەهەندە هەمەڕەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو ، گۆڤاری رامان ، ژمارە (١٧١) ، ئابی ٢٠١١ ، ل ٧٨.

(٥) پ . د . موحسین محەمەد حسین : سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو ، چاپی یەکەم ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل ٥٦ .

(٦) پ . د . موحسین محەمەد حسین : هەمان سەرچاوە ، ل ٥٧ و ٦٣ .
(٧) د . حەمید عەزیز : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٩ – ٩١ .
(٨) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٠ – ١٨١ .
(٩) کامەران محەمەد : ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل ١٩ و ٢٠ .
(١٠) عەبدولکەریم سرووش : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤١ و ٤١ .
(١١) د . حەمید عەزیز : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٥ .
(١٢) عەبدولحسین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا ، وەرگێڕانی : د . قادر محەمەد حەسەن و سۆران بەهاو محەمەد ، چاپی یەکەم ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ٣٤٩ – ٣٥٠ .
(١٣) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠٦ – ٣٠٩ .
(١٤) د . حەمید عەزیز : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٥ – ٨٦ .
(١٥) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠٩ .
(١٦) جیۆڤانی باتیستا ڤیکۆ لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٦٦٨ ز لە ئیتالیا لە دایک بووە کە یەکێک بووە لە هەشت منداڵی پیاوێکی هەژار ، ڤیکۆ خوێندنی سەرەتای و دواناوەندی لە لە خوێندنگەی جێزویت تەواو کردووە ، ئەو زۆر لە کارەکانی (ئەفلاتۆن ، تاکیتۆس ، بیکۆن ...)ی خوێندوەتەوە و زۆر کاریگەریان لەسەر جێ هێشتووە و ئەو توانی بۆ ماوەیەک وانە بڵێتەوە و خۆی بۆ خوێندن لە زانکۆی ناپۆلی خەریک بکات و نزیکەی نۆ ساڵ لە شارێکی ئیتالی بە ناوی (ڤایتۆلا) خۆی بۆ خۆ رۆشنبیر کردن و پەروەردە کردن تەرخان کرد ، ئەم بیرمەندە بە دەست هەژاری و نەخۆشیەوە دەیناڵاند و نەیتوانی کۆرسی یاسای زانکۆی تەواو بکات ، ڤیکۆ لە ساڵی ١٧٣٤ ز وەک مێژوونوسی پاشای ناپۆلی دەست نیشان کرا و لە تەمەنی حەفتاو شەش ساڵیدا لە ساڵی ١٧٤٤ ز کۆچی دوای کرد ، ئەو لە

بواری هونراوە و مێژوو و فەلسەفەدا بەرهەمی هەبووە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - کامەران محەمەد :سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٢ — ٨٢ .

(١٧) د . حەمید عەزیز : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٣ .

(١٨) کامەران محەمەد : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٣ و ٩٩ — ١٠٣ .

(١٩) د . کەمال مەزهەر ئەحمەد : مێژوو (کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد و مێژوو) ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هێڤی ، هەولێر ، ل ٦٧ و ٦٨ .

(٢٠) پ . د . موحسین محەمەد حسین : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٢ و ١٠٣ .

(٢١) کامەران محەمەد : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٨ .

(٢٢) کامەران محەمەد : هەمان سەرچاوە ، ل ١١٠ - ١١٣ .

(٢٣) فەیلەسوفی میسالی ئەڵمانی ئۆسواڵد شپنگلەر لە ساڵی ١٨٨٠ ز لە دایک بووە ، خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی (هال) تەواو کردووە و پاشان چوتە زانکۆی بەرلین و تایبەتەمەندی لە بواری زانستە سروشتیەکاندا تەواو کردووە و پاشان دکتۆرای خوێندوە و تێزی دکتۆراکەی لەسەر دەربارەی فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیس) بووە لە ساڵی ١٩٠٤ ز ، سەربارى ئەو هەموو زانیاریەی کە هەیە بەڵام باس لەوە دەکرێت کە شپنگلەر هیچ بڕوانامەیەکی تایبەتمەندی ئەکادیمی نەبووە کە ئەمە ووتەی (کۆڵن یۆڵسن) ی فەیلەسوفی ئنگلیزیە و ئەو زۆر بە خراب و کورت بین وەسفی دەکات ، ئەم بیرمەندە چەندین بەرهەمی هەبووە جگە لە تێزی دکتۆراکەی چەندین بەرهەمی تری هەبووە لە بواری چیرۆک کە ناوی (براوە) یە ، گرنگترین کتێبی شپنگلەر بە ناوی (ئاوابوونی رۆژئاوا) یە کە سەرجەم فەلسەفەکەی تێدا کۆکردوەتەوە و ماوەی سێ ساڵ پێوەی خەریک بووە و لەم کتێبەدا بیروبۆچونی خۆی سەبارەت بە شارستانیەت بە گشتی و شارستانیەتی رۆژئاوا بە تایبەت نیشان داوە جگە لەوەی روخانی

شارستانیەتی رۆژئاوای بە هەبونێتی داناوە و هەر ئەمەیش وای کرد کە بۆ ماوەیەک ئەم کتێبە بڵاونەبێتەوە ، بەم شێوەیە ئەم بیرمەندە چەندین بابەت و ووتاری لە گۆڤارەکاندا بلاوکردەوە تا ساتی مردنی لە ساڵی ١٩٣٦ ز ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە — مەریوان عەبدول : تێگەیشتنی شپنگلەر لە چەمکی کات ، گۆڤاری کۆچ ، ژمارە (١١ — ١٢) ، ٢٠٠٩ ، ل ٥٦٨ — ٥٧٣ .

(٢٤) مەریوان عەبدول : فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر ، چاپی یەکەم ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٥٩ — ٦٢ .

(٢٥) فردریک نیچە لە ساڵی ١٨٨٤ ز لە ئەڵمانیا لە دایک بووە لە بنەماڵەیەکی ئاینی و لەسەرەتای تەمەنیدا بە ئاینی مەسیحی کاریگەر بووە و پاش ئەوەی دەبێت هەژدە ساڵان لەو ئاینە هەڵدەگەڕێتەوە و ئەم هەر لەسەرەتاوە بلیمەت دەر کەوتووە و لە تەمەنیدا کەوتوەتە دوای خۆشەویسی (سالومە) ناوێکەوە و پاش ئەمەیش زۆر بە توندی دژی ژنان قسەی کردووە و پاش ئەوەی ژیانێکی مام ناوەند ژیاوە لە ساڵی ١٩٠٠ ز کۆچی دوای دەکات و پاش خۆی چەندین بەرهەمی بەجێ هێشووە کە گرنگترین کتێبی " وەهای گووت زەردەشت " ە و بەرهەکانی تری وەک (دەجال یان دژە مەسیح ، ئەمەیە مرۆڤ ...) ، ئەم فەیلەسوفە بۆچونی بۆ مێژوو وەک زۆرێکی تری وەک ڤیکۆ و ئیبن خەلدون ئەوەیە کە بەشێوەی خول دەگوزەرێ و ژیان بەردەوام دەبێت و کۆتای نایەت ، نیچە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە بۆ مێژوو ئەویش ئەوەیە " بە تەنها ئەوە پێناسە دەکرێت کە مێژووی نیە " و ئەو دەیوست مرۆڤ لە مێژوو رزگار بکات و مێژوو بە درۆ وەسف دەکات بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ لە مێژوو تێ بگات ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە — ویل دورانت : قصة الفلسفة من افلاتؤن الي جون ديوي ، ترجمة : فتح الله محمد ، الطبعة الاولي ، منشورات مكتبة المعارف ، بيروت ، ٢٠٠٤ ، ل ٣٠٨ — ٣٧٠ .

(٢٦) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٣ .
(٢٧)مەریوان عەبدول : فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥١ – ٥٨ .
(٢٨) جۆرج ولیم فریدرک هیگڵ لە ٢٧ ی ئابی ساڵی ١٧٧٠ ز لە ئەڵمانیا لە دایک بووە لە خێزانێکی مام ناوەند و خێزانەکەی لە تەمەنی سێ ساڵیەوە ناردویانەتە بەر خوێندن ، باوکی حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێتە قەشە بۆیە ناردنی بۆ پەیمانگای ئاینی (تۆنبگن) و ئەو نەبووە قەشە چونکە بڕوای وابوو ئەوان دەمارگیر و بیر تەسکن، ئەو لەماوەی ژیانیدا دەستی کردە خوێندنەوەی بەرهەمانی رۆسۆ و مۆنسسکیۆ و نوسینەکانی کانت زۆر کاری تێ کرد بە تایبەت کتێبی (ئاین لە سنوری ئەقڵدا و لەم کاریگەیەوە هیڵ کۆمەڵێک ووتاری نوسی و لە ساڵی ١٨٠٧ ز بڵاوبونەوە کە نوسینەکانی هێرش بوو بۆ سەر ئاینی مەسیحی ، پاش مردنی باوکی چووە شاری (بینا) و لەوێ دەستی کرد بە وانە ووتنەوە لە زانکۆ و رۆژنامەیەکی فەلسەفی دەرکرد ، لە ساڵی ١٨١٦ ز ژنی هێنا و دوو کوڕی لێ بوو لە کاتی مردنی وەزیری فێرکردن داوا لە هیگڵ کرا ئەو پۆستە پڕ بکاتەوە و بەم شێوەیە هیگڵ لەسەرتاسەری ووڵاتدا ناوی دەرکرد ، ئەم فەیلەسوفە لە نێوان ساڵانی ١٨٢٢ – ١٨٣٠ ز هزری خۆی لە وانە ووتنەوە لە زانکۆی بەرلین خستە روو کە دوای مردنی لە کتێبێکدا بڵاو بویەوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٣ – ٣٢٥ .
(٢٩) د . کەمال مەزهەر ئەحمەد : سەرچاوەی پێشوو ، ٨٠ و ٨١ .
(٣٠) د . سعدون محمود ساموک : لە رێبازە هزرییە هاوچەرخەکان ، وەرگێڕانی: بوخاری عبدالله و نالی یوسف ، چاپی یەکەم ، دەزگای نارین ، ٢٠١١ ، ل ١٢٣ – ١٢٥ .
(٣١) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٥ – ٣٣٠ .

(٣٢) ئیبراهیم داد جو : مێژووگەری لە هزری هیگڵدا ، وەرگێڕانی : سامان کۆنە پوشی ، گۆڤاری سەردەم ، ژمارە (٥٨) ، بەهاری ٢٠٠٩ ، ل ٤٢ و ٤٣ .
(٣٣) هنری لوفیفر : هیگڵ و مارکس و نیچە لە بارەی مێژووە ، وەرگێڕانی : جەلال حەمید ، گۆڤاری ئایدیا ، ژمارە (٣-٤) ، کانونی دووەمی ٢٠٠٥ ، ل ٨٩ و ٩٣ .
(٣٤) د . کریم مجتهدی : هیگڵ و فەلسەفەی مێژوو ، وەرگێڕانی: رۆژان سەیفور ، گۆڤاری کۆچ ، ژمارە (١١ -١٢) ، ساڵی ٢٠٠٩ ، ل ٥٠٩ -٥١٠ .
(٣٥) د . محەمەد شێخ : هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری ، وەرگێڕانی : دلێر میرزا ، چاپی دووەم ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ٦٠٤ و ٦١١ .
(٣٦) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٩ و ٣٤٤ .

***

فیکۆ

ڤۆڵتێر

هیگڵ

نوسەر لە چەند دێڕێکدا :

سەباح عەلی جاف

لە دایک بووی ۱۹۸۳ ی شاری کەلار .

لە ساڵی ۱۹۸۹ لە قوتابخانەی شێروانە دەچێتە بەر خوێندن لە کەلار و هەر لەو شارە قۆناغەکانی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەی تەواو دەکات .

لە ساڵی ۲۰۰۳ بەشی کۆمەڵایەتی – پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار بە یەکەمی سەر بەشەکەی تەواو کردووە ، ئێستا وەک مامۆستای مۆڵەت دراو لە بەشی مێژووی – زانکۆی گەرمیان درێژە بە خوێندن دەدات .

لە ساڵی ۲۰۰۰ ەوە دەستی داوەتە نوسین و کاری رۆژنامەوانی و لە زۆرێک لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (کوردستانی نوێ ، ئاسۆ ، هاولاتی ،رامان ، والاپرێس ، گەرمیانی ئەمڕۆ ، بەرەوشار ، ژیانەوە ، هەفتانە ، وارڤین ...) کاری کردووە ، چەندین ووتار و لێکۆڵینەوە و شیعر و چیرۆک و کاری رۆژنامەوانی بلاوکردوەتەوە ، بەم هۆیانەوە چەندین خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە .

ئەندامی کارای سەندێکای رۆژنامەنوسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنوسانی جیهانە .

ماوەیەک بەڕێوەبەری رادیۆی تەوار بووە لە گەرمیان .

خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە :

۱ – پەروەردە و فێربوون گرفت و گۆڕان .

۲ – ئەنفال ۲۵ لە ۱۰ رەهەندەوە .